WWW.RUDAW.NET

ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3 12ی ڕەشەمێ 2713 (750) دینار


# 21 کورد کاندیدن بۆ هەڵبژاردنەکانی سوێد

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

جگە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا کە بڕیارە 2014/5/25 بەڕێوەبچێت، ئەمساڵ سێ هەڵبژاردنی دیکەش لە سوێد بەڕێوەدەچن، حیزبەکانی سوێدیش چاویان بڕیوەتە دەنگی ئەو 75 هەزار کوردەی لەو وڵاتە نیشتەجێن. سەرجەم حیزبەکان بۆ ئەو 4 هەڵبژاردنە 21 کاندیدی کوردیان لە نێو لیستەکانی خۆیان داناوە. ئێستا 5 ئەندامی کورد لە پەرلەمانی سوێدن، ئەوەش زیاتر پارتەکانی سوێدی هانداوە بۆ ئەوەی ژمارەی کاندیدی کورد زیاتر بکەن.

گۆستاف فریدۆلین، هاوسەرۆکی پارتی ژینگە دەڵێت "لە نێو بیانییەکاندا، کورد زیاتر دڵگەرمی بۆ بەشداریی سیاسی هەیە و زۆرترین دەنگدەریشی هەیە". گۆستاف گوتیشی "ئەندامە کوردەکانی پارتی ژینگە چالاکن و ڕۆڵیان لە پێشخستنی پارتی ژینگەدا هەبووە". هەروەها جەبار ئەمین، ئەندامی پەرلەمانی سوێد لە فراکسیۆنی پارتی ژینگە دەڵێت "سەرکەوتنی ئێمە لە پەرلەمان هانی پارتەکانی دیکەشی داوە".


4 »



دوو ژەنەراڵی ئەمریکی:

## مەترسی هەیە مالیکی چەکی ئەمریکی دژی کورد بەکاربێنێت

6



جۆرج سەبرا:

## هیچ پێکهاتەیەکی سووریا بۆی نییە فیدراڵی بسەپێنێ

9

## یەکێتی لەم خولەی پەرلەماندا شەڕی نەوت دەکات

7

# وەزیری دەرەوەی تورکیا دێتە سلێمانی

4 »






رووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3





## رۆژی جلی کوردی دەگۆڕدرێت

**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی پەروەردە رایدەگەیەنێت، 10ی ئەم مانگە رۆژی پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەییە، بەڵام لەم رۆژەدا دەوام ئاساییە و پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی ئارەزوومەندانەیە. هاجەر داود، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزیری پەروەردە، رۆژی دووشەممە 2014/3/10 دیاریکراوە بۆ رۆژی پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی بۆ هەموو فەرمانبەران و مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران. هەروەها گوتی لەو رۆژەدا دەوام ئاساییە و پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی ئارەزوومەندانەیە، دوای ئەم رۆژەش پشووی بەهاری ساڵی خوێندنی 2013- 2014 دەستپێدەکات.

### لە ماوەی هەشت ساڵدا

# عەمرەکردن لە کوردستان 30 هێندە زیادی کردووە

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

درەنگ هاتنی مووچە لە هەرێمی کوردستان کار لە گەشتی عەمرە ناکات، بەپێی ئامارێکی وەزارەتی ئەوقاف لە 25 رۆژی مانگی شوباتدا، ژمارەی پێوانەیی تۆمار کراوە و 6 هەزار کەس لە کوردستانەوە گەشتی عەمرەیان کردووە. مامۆستایەکی ئاینی لە هەولێر دەڵێت، لەو کاتەی وڵات پێویستی بە پارەی دەوڵەمەندەکان هەبێت، هاوکاریکردنی هەژاران خێرترە لە گەشتی عەمرە.

ساڵ بە ساڵ رێژەی گەشتکردنی موسڵمانان لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ عەمرەکردن زیاد دەکات، درەنگ هاتنی مووچەش کاریگەری لەسەر ئەو گەشتە نەبووە.

سەید عەبدوڵڵا، خاوەنی یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی عەمرە لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت «نەهاتنی مووچە کاریگەری نەبووە، چونکە فەرمانبەران مانگانە پارەی خۆیان بۆ عەمرە دادەنێن، بۆ نموونە مانگانە 100 هەزار کۆدەکەنەوە، بەڵام زۆر کەس هەیە ساڵی دوو جار دەچێتە عەمرە. هەروەها 20%ی ئەوانەی لەگەڵمان دێنە عەمرە جاری دووەم و سێیەمیانە عەمرە دەکەن».

بەپێی ئەو ئامارەی دراوەتە (رووداو)، رێژەی گەشتکردنی عەمرە لە ساڵی 2013 بەراورد بە ساڵی 2005، نزیکەی 30 هێندە زیادی کردووە. مەلا ئیدریس کەریم، وتارخوێن لە هەولێر دەڵێت «لەبەر ئەوەی عەمرە عیبادەتە، ناتوانین رێگە لە خەڵک بگرین، بەڵام ئەو کەسەی دووبارە دەچێتە عەمرە دەبێت ئەو توانایەشی هەبێت کە هاوکاریی خەڵک بکات».

### لە ماوەی ساڵێکدا

### ● 100 ملیۆن دۆلاری کوردستان بۆ سعودیە رۆیشتووە

تێچووی گەشتێکی عەمرە لە هەرێمی کوردستان 950 دۆلارە، بەشێوەیەکی گشتیش 500 دۆلار لە خواردن و دیاری خەرج دەکرێت.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی ئەوقاف، تەنیا لە ماوەی ساڵی 2013دا تێچووی گەشتی حەج و عەمرە لە هەرێمی کوردستان، 100 ملیۆن دۆلار بووە.

ئەگەرچی رەوشی ئابووری زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرەو باشبوون دەچێت، بەڵام هێشتا بەشێک لە هاووڵاتیان بە هاوکاری خەڵک دەژین. منداڵێکی بۆیاخچی لە ئیسکانی هەولێر کە تەمەنی 11 ساڵ بوو، گوتی «ئێمە سێ براین باوکمان مردووە، ئەگەر خەڵک هاوکاریمان بکات، کاری بۆیاخچێتی ناکەین».

بەپێی ئاماری یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی گەشتکردنی عەمرە لە هەرێمی کوردستان، 55%ی ئەوانەی دەچنە عەمرە ژنن. خاوەنی کۆمپانیاکە چاولێکەری بە هۆکارێکی سەرەکی عەمرەکردن دەزانێت.

بەرزبوونەوەی رێژەی گەشتکردنی عەمرە لە کاتێکدایە، گەشتکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ زۆربەی وڵاتان بەرزبووەتەوە. سەید عەبدوڵڵا دەڵێت «یەکەم هۆکاری چوونە عەمرە خواپەرستییە، پاشان باشبوونی رەوشی ئابووریی خەڵک و ئاسان چوونە بۆ عەمرە، بەشێکیش بەهۆی چاولێکەرییەوەیە، زۆریان لەبەر ژنەکانیان و ئاوەڵزاوا و کەسوکاریان دێن».

وتارخوێنێک لە هەولێر دەڵێت، هاوکاریکردنی هەژاران خێرترە لە گەشتکردن بۆ عەمرە. مەلا ئیدریس کەریم گوتی «عەمرە پەیوەندی بە مرۆڤ و خوداوە هەیە، بەڵام هاوکاریی خەڵکی هەژار پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە کە ئەوە گەورەترین عیبادەتە لە ئیسلامدا، بۆیە هاوکاریکردنی هەژاران لەو کاتەی وڵات بەرەو برسیەتی دەچێت، زۆر لە عەمرە خێرترە».



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**گەشتی عەمرە لە هەرێمی کوردستان لە 9 ساڵی رابردوودا:**

لە 2005دا : 2100 کەس
لە 2006دا : 4420 کەس
لە 2007دا : 7112 کەس
لە 2008دا : 15152 کەس
لە 2009دا : 22616 کەس
لە 2010دا : 35412 کەس
لە 2011دا : 40920 کەس
لە 2012دا : 61000 کەس
لە 2013دا : 63000 کەس
لە 25 رۆژی مانگی شوباتی 2014دا : 6000 کەس

### بەهۆی مایەپووچبوونی کۆمپانیایەکی تورکی

# پرۆژەی دووسایدی دوکان- چوارقوڕنە دەوەستێت

**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- رانیە**

بەهۆی مایەپووچ (ئیفلاس) بوونی کۆمپانیای (ئوساشی) تورکی کە پرۆژەی دروستکردنی دوو سایدی دوکان- چوارقورنە جێبەجێ دەکات، کارکردن لە پرۆژەکە وەستاوە و حکومەتیش دەستی بەسەر کەلوپەلەکانی کۆمپانیاکەدا گرتووە.

کاری ئەم کۆمپانیایە جگە لە جێبەجێکردنی پرۆژەی دووسایدکردنی ئەو رێگایە، دروستکردنی ژمارەیەک پردی تازە و نۆژەنکردنەوەی رێگا کۆنەکەی چوارقورنە - دوکان بووە، ماوەی تەواوبوونی پرۆژەکەش 720 رۆژە و زۆربەی کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە تەواو بووە، بەڵام تەنها 50%ی پرۆژەکە تەواو کراوە.

هیوا قەرەنی، قایمقامی قەزای رانیە بە (رووداو)ی گوت «ئەو کۆمپانیایە کاری لە پرۆژەی دووسایدکردنی رێگەی چوارقوڕنە - دوکاندا دەکرد، ماوەیەک بوو کارەکانی راگرتبوو بەبیانووی ئەوەی ئیفلاسی کردووە، بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی سلێمانی ئاگاداریان کردینەوە کە پێویستە رێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو کۆمپانیایە بگرینە بەر، ئێمەش سەرجەم بازگەکانمان ئاگادار کردەوە کە رێگا نەدەن کەلوپەلەکانی ئەم کۆمپانیایەی پێدا برۆن و دەستمان بەسەردا گرتوون و رێگای هاتوچۆمان لێگرتوون».

کرێکاری بیانی کە لە هەرچوار پارچەی کوردستان و تورکیاوە هاتوون و کاریان لە پرۆژەکەدا کردووە، حەقی کارەکەیان پێنەدراوە، هەندێکیان 8 مانگە چاوەڕوانی وەرگرتنی پارەن و ئێستا بە گیرفانی بەتاڵەوە لەناو کۆمپانیاکەدا دانیشتوون و لە گوزەرانێکی خراپدا دەژین. کرێکارەکان دەڵێن باوەڕیان بە قسەی خاوەن کۆمپانیاکە نییە کە دەڵێ ئیفلاسی کردووە.

قایمقامی رانیە دەڵێت «هەر کات پرۆژەکە دەستپێبکرێتەوە مافی کرێکارەکان دەدرێت، بۆ ئەو مەبەستە دەست بەسەر کەلوپەلەکانی بەڵێندەرەکەدا گیراوە».

حەسەن ئۆمەر، خەڵکی شنگال کە لەو کۆمپانیایە کرێکاری کردووە، دەڵێت «ناتوانم بچمەوە ماڵ و یەک دینارم پێ نییە، 3 مانگە لێرەم پارەم وەرنەگرتووە و ئەمەش حاڵی هەموو کرێکارەکانە، نەک بە تەنیا من».

فەرزەندە یاپراک، خەڵکی باکووری کوردستان کە لەو کۆمپانیایە کاری کردووە، دەڵێت «متمانە بەوە ناکەم کۆمپانیا ئیفلاسی کردبێت، چونکە ئەو کۆمپانیایە هەموو مانگێک پارەی وەرگرتووە لە حکومەت و حەقی ئێمەی نەداوە و پارەکەی بۆ تورکیا بردووە».

جگە لە رێبواران، نزیکەی 500 هەزار هاووڵاتی دەڤەری راپەڕین چاوەڕوانی تەواوبوونی ئەم پرۆژەیەن. بەڵام دیار نییە تەواوکردنی پرۆژەکە بە کۆمپانیایەکی دیکە دەسپێردرێت یان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تەواوی دەکات.

بەهۆی ئەوەی خاوەنی ئەو کۆمپانیایە گەڕاوەتەوە تورکیا، (رووداو) نەیتوانی پەیوەندی پێوە بکات.



### لەسەر چەند پۆستێکی فەیسبووک

# ئەنجوومەنی دادوەری لێکۆڵەرێکی داد دەداتە دادگا

**سەمین موفتی**
**رووداو- هەولێر**

لێکۆڵەرێکی دادی رایدەگەیەنێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانەوە لەسەر نووسین لە فەیسبووک سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە و بڕیاری دەستگیرکردنیشی دراوە.

شوان سابیر گەردی، لێکۆڵەری داد لە داواکاری گشتی بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 22/2/2014 لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە و بڕیاری دەستگیرکردنی دراوە بە تۆمەتی ئەوەی گوتوویەتی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییە.

شوان سابیر، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "مەسەلەی دەسەڵاتی دادوەری رەخنەی زۆری لێدەگیرێت کە سەربەخۆ نییە و دەستێوەردانی حیزبی تێدایە، راپۆتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و میدیاکان باسی ئەوەیان کردووە، منیش لە لاپەڕەی خۆم لە فەیسبووک باسی چەند حاڵەتێکم کردووە وەک نموونەی ئەوەی کە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییە، ئیدی دیارە ئەنجوومەنی دادوەری دەعوایەکی لەسەر من نووسیوە لە دادگا".

ئەنجوومەنی دادوەری بەپێی مادده 433 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە ناوزڕاندن، سکاڵای لەسەر ئەو دادوەرە تۆمار کردووە، سزاکەشی بەندکردن و سزای داراییە.

شوان سابیر دەڵێت "ئەوە ئیجرائاتێکی نادروستە، چونکە ئەو حاڵەتانە بە بانگکردن دەستپێدەکات، ئەگەر نەهات جاری دووەم بانگ دەکرێت، ئەگەر هەر نەهات، ئینجا بڕیاری دەستگیرکردنی دەدرێت". ناوبراو دەڵێت "لەو دۆسیەدا من ئامانجم نەک بابەتەکە قەزف و تەشهیر بێت، چونکە بە رێکارێکی زۆر نادروست کار لەگەڵ ئەو دۆسیەیە دەکرێت".

ئاشکراشی کرد کە پارێزەرەکەی راسپاردووە بەدوای دۆسیەکەیدا بچێت، بەڵام لە ئەنجوومەنی دادوەری دۆسیەکەیان پێ نیشان نەداوە و تەنیا گوتوویانە بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە، بەڵام دادوەر گوتوویەتی بڕیاری دەستگیرکردنەکەی نادەینە پۆلیس، با خۆی بچێت بۆ دادگا.

شوان گوتیشی "ئەمڕۆ دووشەممە کاژێر 9 دەچمە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، تەسەور دەکەم توندترین ئیجرائاتم لەگەڵ بکرێت".

شوان گەردی بە قسەی خۆی لەسەر دانانی سێ پۆست لە لاپەڕەکەی خۆی لە فەیسبووک کە رەخنەی لە دەسەڵاتی دادوەری گرتووە، سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە. بەڵام رەتیکردەوە تەشهیری بە کەس کردبێ و گوتی "ئەوە تەشهیر نییە، چونکە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پەرلەمانتارانی کوردستانیش چەندینجار رەخنەیان لەوە گرتووە کە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییە".

شوان رەخنەی لەو بڕیارەی ئەنجوومەنی دادوەری گرت و گوتی "بۆ کابرایەکی وەکو من، بە دوو رۆژ بڕیاری دەستگیرکردن دەدەن، لە کاتێکدا فایلی 240 موستەشار و جاش لە ئەنجوومەنی دادوەرییە جورئەت ناکەن باسی بکەن. من ئێستا لەبەر چاوی دەسەڵاتی دادوەری زۆر لەوانە تاوانبارترم".

شوان گوتی ئەو تەنیا کەس نییە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان سزا دراوە و دەڵێت "دادوەر هەبووە لە داواکاری گشتی گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی دوور، تەنیا لەسەر ئەوەی داوای ئیجرائاتێکی قانوونی کردووە". هەروەها دەڵێت "دوو ئەندامی داواکاری گشتی دراونەتە لێژنەی قانوونی تەنیا لەسەر کۆمێنتێک لە فەیسبووک. داواکاری گشتی نەتوانێت بەرگری لە دادوەرەکانی بکات من چ ئومێدێکم بەو داواکاری گشتییە هەبێت".

شوان گەردی لە پۆستێکدا لەسەر فەیسبووکەکەی بەو جۆرە باسی یەکێک لە دادگاکانی کوردستان دەکات "دادگایەک هەیە لەو وڵاتە هەرچی تاوانی گەورە و مەترسیدارە دراوە بەو دادگایە، بەڵام موسیبەتەکەی ئەوەیە هەر دادوەرێک دەکەنە سەرۆکی ئەو دادگایە یان دەچێتە حەج و بە مانگ نایەتەوە، یان نەخۆش دەکەوێ و بە مانگ ئیجازەی نەخۆشی وەردەگرێ، یان دادوەرەکە ئەو قەزییانە یەک لە دوای یەک تەئجیل دەکات بەبێ هۆی مەعقول، یان ئەگەر دادوەرەکە بوێر بێت، ئەوە زوو نەقڵی دەکەن، ئەو خەڵکە هەش وەسەرەش وا لە سجن بۆگەنی بووە".


(رووداو) پەیوەندی کرد بە حاکم ئومێد موحسین، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو لێدوان بدات تاوەکو ئیزن لە سەرووی خۆی وەرنەگرێ کە سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەرییە.



شوان سابیر گەردی


دەستوور
ئەم چوارشەممەیە!
www.desturnet.com

## نەوشیروان مستەفا داوایەک ئاراستەی هاووڵاتیان دەکات



**رووداو- سلێمانی**

رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان داوادەکات بۆ گۆڕینی ئەم هەڵومەرجە سیاسییەی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتیان کارتی ئەلیکترۆنی دەنگدان وەربگرن.بەپێی میدیایاکانی گۆڕان، رۆژی یەکشەممە 2014/3/2 نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لەکاتی وەرگرتنی کارتی ئەلیکترۆنی لەقوتابخانەی ئەزمەڕی بنەڕەتی رایگەیاند، تاوەکو ئێستا شارێگای گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستان دەنگدانە. بۆیە داوا لە هاووڵاتیان دەکات ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، بچن کارتی ئەلەکترۆنیی دەنگدەر وەربگرن.

# وەزیری دەرەوەی تورکیا دێتە سلێمانی



### بانگهێشتکردنی گەورە بەرپرسانی لەو ئاستە پێدەچێت ئاراستەکردنی پەیامێک بێت لەلایەن د.بەرهەم ساڵحەوە بۆ نێوخۆی یەکێتی

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەمەبەستی بەشداریکردن لە پانێلێکی زانکۆی ئەمریکی لەسلێمانی کە بۆ ژمارەیەک گەورە بەرپرسی ناوچەکە و سیاسەتوانی نێودەوڵەتی سازدەکرێ، سبەینێ سێشەممە 2014/3/4، ئەحمەد داودئۆغڵو وەزیری دەرەوەی تورکیا دەگاتە شاری سلێمانی و بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لە میانەی بەشداریکردنی لەو سیمینارە دوو رۆژییەدا کە ناونراوە (کۆڕبەندی سلێمانی)، بڕیارە دیدار و دانیشتن لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی سازبکات.

زانکۆی ئەمریکی ساڵانە ئەو چالاکییە ئەنجامدەدات و داوەتکراوانی ئەمساڵ، جگە لە داودئۆغڵو، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و د. بەرهەم ساڵح، رێکخەری کۆڕبەندەکە و جێگری دەست لەکارکێشاوەی تاڵەبانی، فالح فەییاز، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و حاجم ئەلحەسەنی، سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی عێراق و عەلی ئەلئەدیب، وەزیری خوێندنی باڵای عێراق و فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان و عادل عەبدولمەهدی جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق و ژمارەیەک توێژەری بیانی و چەند مامۆستایەکی زانکۆ جیهانییەکانن. هەر بۆ ئەو کۆڕبەندە محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیش بانگهێشت کرابوو، بەڵام ناتوانێ ئامادە بێت.

هەرچەندە داود ئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەشداری لە پانێلێکی کۆڕبەندەکە دێتە سلێمانی، بەڵام بەهرۆز گەڵاڵی نوێنەری یەکێتی لە ئەنقەرە گوتی "داود ئۆغڵو لەکاتی سەردانی کاک کۆسرەت و وەفدی یەکێتی بۆ تورکیا، بەڵێنی ئەوەی پێدان کە هەرکات سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، سەردانی سلێمانیش دەکات".

ئەو قسەیە لەکاتێکدایە کە یەکەمجارە بۆ ئەو کۆڕبەندەی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی ژمارەیەکی وا لە گەورە بەرپرسانی عێراقی و ئیقلیمی بەشداریی دەکەن. بانگهێشتکردنی گەورە بەرپرسانی لەو ئاستەش پێدەچێت ئاراستەکردنی پەیامێک بێت لەلایەن د.بەرهەم ساڵح وەک رێکخەری کۆڕبەندەکە بۆ نێوخۆی یەکێتی و بیەوێت پێشانی رکابەرەکانی بدات کە لە قۆناغی دوای تاڵەبانیدا دەتوانێ چ گەمەکارێکی سیاسی بە ئیعتیبار بێت لەسەر ئاستی ناوچەکە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتییەوە دەست (رووداو ) کەوتوون، داود ئۆغڵو و گەورە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیش داوەتکراون بۆ ئەو کۆڕبەندەی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی. بەرپرسەکەی یەکێتی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، لەبارەی دیداری ئۆغڵو لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی، گوتی "رەنگە سەردانی بەرپرسانی یەکێتیش بکات و دیداریان لەگەڵ سازبکات، بەڵام هێشتا ئەوە بە تەواوی روون نییە".

هەروەها گوتیشی "ئەگەری بەهێزتر ئەوەیە کە بەرپرسانی ئێرانی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی بکەن، بەوپێیەی پەیوەندییەکی بەهێزتر هەیە و دووریش نییە لەبارەی بارودۆخی نێوخۆی یەکێتی گفتوگۆ بکەن".

ماوەیەک پێش ئێستا، شاندێکی یەکێتی کە پێکهاتبوون لە هەردوو جێگرەکەی تاڵەبانی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری تاڵەبانی، سەردانی تارانیان کرد و بەمیانگیریی ئێرانییەکان رێککەوتن لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی یەکێتی تاوەکو کاتی کۆنگرە، بەڵام دواتر لەسەر رێککەوتنەکە پێکنەهاتن و پاشتریش هەردوو جێگرەکەی سکرتێری گشتی بە راگەیێنراوێک دەستبەرداربوونی خۆیان لە پۆستەکانیان راگەیاند.

لای خۆیەوە قوباد تاڵەبانی، کوڕی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی، بە (رووداو)ی گوت "دەزانم کە داود ئۆغڵو دێتە سلێمانی، بەڵام زانیاریم نییە لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی کۆبوونەوە بکات".

### ئەمساڵ 4 هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێن

# 21 کورد کاندیدن بۆ هەڵبژاردنەکانی سوێد





جەبار ئەمین، ئەندامی پەرلەمانی سوێد

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

2014 ساڵێکی گرنگە بۆ پارتە سیاسییەکان و بۆ هاووڵاتیانی سوێد و ناوی ساڵی گەورەی هەڵبژاردنەکانی لێنراوە، چونکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا و هەڵبژاردنە سێیینەکەی سوێدی تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەو هەڵبژاردنە بۆ کوردیش زۆر گرنگە، چونکە گەورەترین رەوەندی کوردی ئەسکەندەناڤی و دووەمی ئەوروپی کە بە 125 هەزار کەس مەزەندە دەکرێن، بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن.

### 21 کاندیدی کورد

جگە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا کە بڕیارە 2014/5/25 بەڕێوەبچێت، سێ هەڵبژاردنی دیکەش لە سوێد بەڕێوەدەچن، ئەوانیش هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەنجوومەنی پارێزگا و هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، بۆیە ئێستا دەکرێت بگوترێت ئەمساڵ ساڵی هەڵبژاردنە لە سوێد.

نزیکەی 75 هەزار کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە مافی دەنگدانیان هەیە، بۆیە حیزبەکانی سوێد چاویان لە دەنگی ئەو کوردانەیە. سەرجەم حیزبەکان بۆ ئەو 4 هەڵبژاردنە 21 کاندیدی کوردیان لە نێو لیستەکانی خۆیان داناوە.

ئەو پارتانەی بایەخیان بۆ بیانی و تاراوگەنشینانی ئەو وڵاتە هەیە، چاویان بڕیوەتە دەنگی دەنگدەرانی کورد. وێڕای بایەخی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن و چەپ، پارتەکانی دەسەڵاتیش بایەخیان بۆ بەشداریی کورد هەیە.

ئێستا 5 ئەندامی کورد لە پەرلەمانی سوێدن، ئەوەش زیاتر پارتەکانی سوێدی هانداوە بۆئەوەی ژمارەی کاندیدی کورد زیاتر بکەن.

گۆستاف فریدۆلین، هاوسەرۆکی پارتی ژینگە دەڵێت "لە نێو بیانییەکاندا، کورد زیاتر دڵگەرمی بۆ بەشداریی سیاسی هەیە و زۆرترین دەنگدەریشی هەیە". گۆستاف گوتیشی "ئەندامە کوردەکانی پارتی ژینگە چالاکن و رۆڵیان لە پێشخستنی پارتی ژینگەدا هەبووە".

جەبار ئەمین، ئەندامێکی کوردی پارتی ژینگە دەڵێت "سەرکەوتنی ئێمە لە پەرلەمان هانی پارتەکانی دیکەشی داوە". جەبار کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی سوێدە و هاوکات کاندیدە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، دەڵێت "بەهۆی ئێمەوە ژینگە بووە چالاکترین حیزب لە کوردستان و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوین".

کەمال ناودار، بەرپرسی ناوچەی پارتی کە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانە لە سوێد، دەڵێت "فراوانبوونی پێگەی کورد لە پەرلەمانی سوێد کە بەسەرکەوتنی کورد شکایەوە، زیاتر هانی کوردی نیشتەجێی سوێد دەدات بۆ دەنگدان، ئەمجارە بە رێژەیەکی زیاتر بەشداریی دەنگدان دەکەن".

هاوسەرۆکەکەی پارتی ژینگە، پەسنی ئەندامە کوردەکانی حیزبەکەی دەدات و دەڵێت "ئەوان تەنیا کاریگەرییان لەسەر ئەوە نەبووە کە ئێمە پشتیوانی لە گەلی کورد بکەین، بەڵکو کاریگەرییان هەبووە لەسەر پرسە ناوخۆییەکانی سوێدیش".

### عەبیر سەری عەرەبی خوارد

لە بەرامبەر ئەو ژمارە زۆرەی کاندیدی کورد، تەنیا یەک عەرەبی عێراقی بەناوی عەبیر ئەلسەهلانی، ئەندامی پەرلەمانی سوێد بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا کاندید بوو، بەڵام پاش تۆمەتبارکردنی بە گەندەڵی لە کۆتایی ساڵی رابردوودا، مافی بەشداریکردنی لێسەندرایەوە و پارتەکانی دیکەش بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کاندیدی عەرەب کرد، بەو هۆیەوە ئێستا هیچ عەرەبێکی عێراقی لەنێو کاندیدەکاندا نین.

### کوردی سوێد بەرەو پەرلەمانی ئەوروپا

لە نێو کاندیدەکانی پەرلەمانی ئەوروپادا 5 کورد هەن (ژنێک و چوار پیاو) کە نوێنەرایەتی حیزبەکانی سوێد دەکەن. هەرچەندە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی رابردوو ژمارەی کاندیدی کورد کەمن بۆ ئەم هەڵبژاردنە، بەڵام سیاسییەکان بە شتێکی باشی دەزانن بۆ پەرت نەبوونی دەنگەکان.

کاندیدەکان لەلایەن ئەندامانی حیزبەکەیانەوە هەڵدەبژێردرێن، دوای کاندیدکردنیان پێویستیان بە 15 هەزار دەنگە بۆ ئەوەی بگەنە پەرلەمانی ئەوروپا، وەک جەبار ئەمین گوتی "لەکۆی 182 پاڵێوراو 40 کەس بوونە کاندیدی پارتی ژینگە کە دوویان کوردن".

### پارتی و یەکێتی و PKK لە کێبڕکێدان

حیزبەکان بڕێک یارمەتی ماڵی دەدەنە کاندیدەکانیان بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، بەڵام ئەگەر بزانن لە دەرەوە هاوکاری دەکرێن، هاوکارییان ناکەن. گومان دەکرێت پارتی و یەکێتی و PKK هاوکاریی ماددی هەندێک لە کاندیدە کوردەکان بکەن. بەڵام نوێنەری پارتی ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "پارتی پشتگیری هەموو کاندیدە کوردەکان دەکات".

کوردۆ باکسی، یەکێک لە کاندیدەکانی پارتی ژینگە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا دەڵێت "لە نێوان ململانێی PKK و پارتەکانی باشوور لەلایەک و پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەلایەکی دیکە، کەمیی کاندیدەکان شتێکی پۆزەتیڤە و بەسەرکەوتنی کاندیدی کورد کۆتایی دێت". ئەو نکۆڵی لە پۆلێنکارییەکان ناکات و لەخۆشی رازییە و دەڵێت "کەسیان دژایەتی من ناکەن".

ئەندامێکی پارتی چەپ بە رەخنەوە دەڵێت "بۆ راکێشانی دەنگدەران هەڵە ناوخۆییەکانی پارتە کوردییەکان دووبارە دەکەنەوە و بەپێی بۆچوون و جیاوازیی پارتەکان، کاندیدیان داناوە". ئەم بۆچوونەش لە دژایەتی و پشتگیری پارتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەردوو کاندیدەکەی ژینگە بەرنامەی خۆیان هەیە و جەبار ئەمین دەڵێت "پرسی کورد و گەندەڵی و باشتربوونی رەوشی ئەوروپا دەکەمە بەرنامەی خۆم". چونکە بە باوەڕی ئەو، تا ئێستا ناڕوونی هەیە لە بواری بودجە و کەمیی شەفافیەت جۆرێکە لە گەندەڵییەکانی ئەوروپا. بەڵام باکسی کە 34 ساڵە لە سوێدە، دەڵێت فرە شوناسیی سەرکەوتنی منە و وەک سوێدییەک دەچمە پەرلەمان، بەڵام رۆحێکی کوردی هەمیشە لەگەڵمە. دەشڵێت "ئامانجە گشتییەکان بە قازانجی کوردیش دەشکێنەوە".

### رەگەزپەرستەکان پارەیان زۆرە

شکستی سۆسیال دیموکرات و چەپ لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو، ترسی کۆتاییهاتنی حوکمی چەپەکانی لای هاووڵاتیانی سوێد دروستکرد و گۆڕینی ئاراستەی حوکمڕانێتی دەوڵەتی سوێد، بەرەو راست و بورژوازییەت شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. ئەگەرچی سەرکەوتنی پارتە راستەکان لەوانەش پارتی لیبراڵ رەوشی ئابووریی سوێدی راگرتووە، بەڵام ئەگەری هەیە چەپەکان بێنەوە گۆڕەپانەکە، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکاندا.

راپرسییەکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی نۆڤۆس، سەرکەوتنی سۆسیال دیموکرات و کەمبوونەوەی دەنگی لیبراڵەکانی نیشانداوە و ئەوەشی چاوەڕواننەکراو بووە، هاتنە پێشەوەی زیاتری پارتی سوێدییە دیموکراتەکانە کە پارتی یەکەمی رەگەزپەرستن.

سەبارەت بە هەڵمەتی راگەیاندن، پارتەکان ملیۆنان کرۆنیان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخان کردووە و بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی ئێکسپرێسنی سوێد، پارتی سۆسیال دیموکرات بڕی 75 ملیۆن کرۆن (11 ملیۆن دۆلار)ی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخانکردووە، هەروەها سوێدییە دیموکراتەکان 45 تا 50 ملیۆن کرۆن ( نزیکەی 8 ملیۆن دۆلار)یان تەرخانکردووە.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی داگنس نیهیتر سەرجەم حیزبەکانی سوێد نزیکەی 53 ملیۆن دۆلاریان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخانکردووە.

رووداو کوردستانی
ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3



## لە شارێکی باکووری کوردستان پێنج پارت یەکدەگرن



**رووداو- بتلیس**

بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر پێنج پارتی بەشداربوو لە هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی 30ی ئازاری-2014دا لە شاری بتلیسی باکوری کوردستان یەکیانگرت. ڕۆژنامەی ڕادیکاڵی تورکی بڵاویکردەوە پێش هەڵبژاردنە شارەوانییەکان پێنج پارت لە شـاری بتلیسـی باکوری کوردستان یەکیانگرت، لە ناویشیاندا پارتەکانی گەلی کۆماری (CHP) پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا (MHP) پارتی دیموکراتی (DT) پارتی چەپی دیموکراتی (DST) و پارتی یەکگرتنی گەورە (BBP) هەیە.

# شەڕی ئەردۆغان و گویلەن
# چارەنووسی کێشەی کورد بەرەو نادیار دەبات

**شارمیلا دێڤی**
**رووداو- لەندەن**

شـەڕی نێوان ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا لـە کۆتاییەکانـی مانگی رابردوودا ئـەوە وەبیر دێنێتـەوە کـە چ دوژمنایەتیەکی قووڵ هەیە لە نێوان سـەرۆک وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆغان و گرووپـی خزمەت بـە رێبەرایەتـی فەتحوڵڵا گویلەن.

شـەڕە بۆکسـەکەی پەرلەمـان دوای ئـەوە هـات کـە پەرلەمـان دەنگـی بـۆ زیادکردنـی دەسەڵاتی حکومەت دا بەسەر دادوەر و داواکارە گشـتییەکاندا. ئەم هەوڵە لەلایەن ئەردۆغانەوە بـە گرنـگ دەزانرێـت بـۆ ئـەوەی گویلەنییـە "ئاژاوەگێڕ"ەکان دووربخاتەوە.

رەخنەگـران دەڵێـن هەوڵـی تاکڕەوانـەی ئەردۆغـان بـۆ کۆنترۆڵکردنـی وێبسـایتە ئینتەرنێتییـەکان بۆ ئەوەیە کـە پارێزگاری لە حکومەتەکـەی خۆی بـکات و لە لێکۆڵینەوەی گەندەڵی بیپارێزێت.

ئـەوەی روونـە، ئەوەیـە کـە حکومەتە 11 سـاڵانەکەی ئەردۆغـان و پارتەکـەی AKP لە ژێر هەڕەشـەدان. بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی کێشەکانیان لەگەڵ گرووپی خزمەت.

ئەگەری هاوپەیمانیی نوێ لەگەڵ سوپا، یان لەگەڵ پارتە کوردییەکان هێشـتا کاری زیاتری پێویسـتە و کاریگەری هاوپەیمانیـی لەوجۆرە لەسـەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بـۆ ئەردۆغان روون نییە.

بیـل پـارک، لـە زانکـۆی لەنـدەن دەڵێت "ئەردۆغـان و گویلەن تەواو.. جیابوونەوەی ئەو دووانە یەکجارییە".

بەبڕوای پـارک، هەڵبژاردنـە ناوخۆییەکانی تورکیا کە لە کۆتایی ئەم مانگە ئەنجامدەدرێ، لەوانەیە چەندین سیناریۆی لێبکەوێتەوە. ئەگەر پارتەکـەی ئەردۆغان دەنگی کـەم بهێنێ، ئەوا لەوانەیـە چەندین ئەندامی ئەو پارتە واز لە داد و گەشـەپێدان بهێنن. عەبدوڵڵا گویل، سەرۆک کۆماری تورکیا لەوانەیە رووبـەڕووی ئەردۆغان ببێتەوە و یاسا تازەکەی دادوەری و ئینتەرنێت ئیمزا نەکات، یان لەوانەیە خۆی هەوڵبدات ببێتە سەرۆک وەزیران.

لەنێوخـۆی گرووپی خزمەتیشـدا، لەوانەیە هەندێـک لـە ئەندامانـی ئـەو گرووپـە هـەوڵ بـدەن گرووپەکەیان بە ئاشـکرا بناسـێنن و بە ئاشـکرا رووبـەڕووی ئەردۆغان ببنـەوە و ببنە پارتێکی سیاسـی ئاسـایی و چیدی خۆیان لە پشـتی پـەردەی خزمەتکردنـی کۆمەڵایەتی و خێرخوازییەوە نەشارنەوە.

چاودێران سەرەتای ناکۆکییەکانی ئەردۆغان و گویلەن بۆ سـاڵی 2012 دەگەڕێننەوە کاتێک ئەردۆغـان لایەنگرانـی گویلەن و پشـتیوانانی عەبدوڵڵا گویل و لیبراڵەکانی تەنیا چەند مانگێک پێش هەڵبژاردنەکانی ئەو ساڵە لە لیستی پارتی داد و گەشەپێدان دوورخستەوە.

گویلەنییەکان لە ساڵی 2012دا کاردانەوەیەکی توندیـان بەرامبەر رووداوێکی دیکـە نواند. لەو ساڵەدا یەکێک لە داواکارە گشتییەکان کە نزیکی ئـەوان بوو، هەوڵـی دا لە رۆڵی هـاکان فیدان (سەرۆکی دەزگای میت) لە گفتوگۆ نهێنییەکان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان بکۆڵێتەوە. گویلەنییەکان دژی ئەو گفتوگۆیە بوون.

دوای خۆپێشـاندانەکانی پارکـی گـەزی، گویلەنییـەکان جارێکـی دیکـە رەخنەیـان لە ئەردۆغـان گـرت و ئەردۆغانیـش لەبەرامبەردا هەڕەشەی داخسـتنی خوێندنگەکانی سەر بەو گرووپەی کرد.

مانگـی دیسـەمبەری رابـردوو سـکانداڵی گەندەڵییەک ئاشکرا بوو کە تێیدا دەیان کەس دەستبەسـەر کـران، لەنێویشـیاندا بازرگانـی نزیـک لە حکومـەت و کوڕی چەنـد وەزیرێکی حکومەتەکەی ئەردۆغان.

لایەنگرانی ئەردۆغان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئۆپەراسیۆنی دژی گەندەڵی لەلایەن داواکاری گشـتی و ئەفسەرانی پۆلیسی نزیک لە گویلەن بەڕێوەبـراون. لە بەرامبەریشـدا گویلەنییەکان دەڵێن کە سەرۆک وەزیران هەوڵ دەدات رۆشنایی لەسەر تۆمەتەکان (بەخشیش و پێدانی تەندەر و پڕۆژەی نایاسایی) دووربخاتەوە.

خەلیل کاراڤەلی، لە پەیمانگای سیاسـەتی ئەمنـی و گەشـەپێدان، لـە گۆڤـاری فۆریـن ئەفێرس نووسیویەتی "ئێستا گوتەبێژانی پارتی داد و گەشـەپێدان لـە میدیاکانیاندا دەڵێن کە پارتی داد و گەشەپێدان خوازیاری دروستکردنی هاوپەیمانییە- بە تایبەتی لەگەڵ سوپا، دوژمنە کۆنەکەی خۆیان".

"هاوپەیمانییـەکان دێـن و دەچـن، بـەڵام تاکـڕەوی بۆ هەتـا هەتایە دەمێنێتـەوە، هیچ نەبێـت لە تورکیـا وا دەردەکەوێت. شکسـتی ئیسلامییەکان لە حوکمڕانی رێگە بۆ گەڕانەوەی شـێوە ترادیشناڵییەکەی حوکم خۆش دەکات، ئەمـەش بەمانای ئەوە دێت کە ناسیۆنالیسـتە راسـتەکان بە پشتگیری سـوپا دەگەڕێنەوە و بیرۆکراسییەک دادەمەزرێنن کە زۆرینەی خەڵک پشتگیرییان دەکات".

ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر کێشەی کورد دەبێت، تا ئێسـتا ئەوە روون نییە. تا ئێسـتا پارتی ئاشـتی و دیموکراسـی BDP پشتگیری لە پارتی داد و گەشەپێدان دەکات "چونکە ئەو پارتە باشترینە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پرۆسەی ئاشتییەی کە ئێسـتا لە ئارادایە". وەکو پارک دەڵێت.

BDP ریسـکی ئـەوەی کرد کە پشـتگیری لیبراڵەکان و عەلمانیەکان لەدەستبدات، ئەگەر هەوڵی ئەوەی نەدابایە کە سروشتی سیاسەتی تورکی بگۆڕێت بۆ ئەوەی دیموکراسی بەهێزتر بکرێت. پـارک دەڵێـت "دیارە دانانـی هەموو هێلکـەکان لـە سـەبەتەکەی ئەردۆغانـدا لـە خۆشباوەڕییەوە هاتووە".

دژایەتیکردنـی گویلـەن و گرووپی خزمەت بۆ پرۆسـەی ئاشتی رەنگە گۆڕانکاری بەسەردا بێـت، بەتایبەتـی ئەگەر دەسـەڵات لە تورکیا بگرنەدەسـت، پارک دەڵێـت "گویلەنییەکان و ئەردۆغـان هەمـان بۆچوونی ناسیۆنالیسـتیی تورکیان هەبوو، بەڵام ئەردۆغان کە دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، ناچاربـوو بگۆڕێت بۆ کەسـێکی پراگماتیک".

"گویلـەن ناسیۆنالیسـت و تورکپەرسـتە" پارک دەڵێت "ئەردۆغانیش هەر وایە، بەڵام ئەو پێویستی بە دەنگی BDPیە".

شەڕی نێوان ئەردۆغان و گویلەن بۆ ماوەیەک درێـژەی دەبێـت. بەپێی راپۆرتێکی ئاژانسـی رۆیتەرز، لەوانەیە حکومەتی تورکیا لێکۆڵینەوە لە "دروسـتکردنی رێکخراوێکی نایاسایی لەنێو دەوڵەتـدا" دەسـتپێبکات و ئەندامانی گرووپی خزمەتیـش دەڵێن ئـەوان دژی هەنگاوێکی لەو شێوەیە دەوەستنەوە.

ئـەوەی روونە، ئەوەیە کـە گرووپی خزمەت وەکـو ئاکتەرێکـی نێـو سیاسـەتی تورکیـا دەمێنێتـەوە. جەیمـس جێفـری، باڵیـۆزی پێشووتری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تورکیا بە (رۆیتەرز)ی راگەیاند "ئەوان لە سوپا بـە ئاگاترن لەوەی کە نـاوی ئەندامانی خۆیان ئاشـکرا بکەن. کاری زۆریان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن خەڵکی خۆیان لە نێو حکومەتدا جێگیر بکـەن". بۆیە وەک ئـەو دەڵێت "ئـەوان لەناو ناچن".



رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیران، لەنێو پەرلەمانی تورکیا (فۆتۆ:AFP)

# کوردی خوراسان شەڕی پاراستنی شوناس دەکەن

**ئومێد بەرین**
**رووداو- هەولێر**

ئـەو کوردانـەی بـە شـارەکانی باکووری رۆژهەڵاتـی ئێرانـدا بڵاوبوونەتـەوە و بـە "کـوردی خوراسـان" دەناسـرێن، بۆچوونی جیاوازیـان هەیـە لەبـارەی زێـدی خۆیـان، هەندێکیان خوراسان بە زێدی خۆیان دەزانن، بـەڵام زۆریان خۆزگە بۆ ئـەو رۆژە دەخوازن کـە بگەڕێنەوە بۆ ئەو خاکەی 500 سـاڵێک لەمەوبەر لێی وەدەرنراون.

کوردی خوراسـان کە ژمارەیـان بە زیاتر لـە ملیـۆن و نیوێـک مەزەنـدە دەکـرێ، بە شێوەزاری کرمانجی دەدوێن و زۆربەشیان سەر بە ئاینزای شـیعەن. ئەوان لە 32 عەشیرەت پێکدێن و لە پارێزگاکانی خوراسـانی باکوور، خوراسانی رەزەوی و گوڵستان نیشتەجێن.

بۆچوونی جیاواز هەیـە لەبارەی مێژووی کۆچـی کـورد بۆ خوراسـان، مێژووناسـانی وەکو جۆناتان راندڵ، کەلیموڵڵای تەوحیدی، د.حیشمەتوڵڵا تەبیبی، پرۆفیسۆر ئیسماعیلی حوسێنزادە دەڵێن لەسەردەمی شا ئیسماعیلی سـەفەوی (1502-1524 ی زاینـی)دا بـە سەرنجدان بە وتەی ئیبن عەمید کە گوتبووی "کورد دەبێ قەڵغانی بەڵا بن" 32 عەشیرەتی شـەڕکەری کورد لە کوردستانەوە بۆ هەزاران کیلۆمەتـر دوورتـر، بۆ بەرگری و پاراسـتنی خوراسان راگوازراون. ئەو سەردەمە خوراسان بەردەوام لە ژێر هەڕەشـە و هێرشی مەغۆل، ئۆزبەک و تورکمانەکاندا بووە.

بەڵام هەندێک سـەرچاوە دەڵێـن بەر لەو کۆچـە زۆرەملێیـە، کـورد لەوێ ژیاون. بۆ نموونـە تەیمـوری لەنـگ (1370-1405 ی زاینـی) لە کتێبی "منم تەیموری جیهانگیر"دا دەگێڕێتـەوە کـە "لـە قوچـان تووشـی عەشیرەتێک هاتم خۆیان بە کورد دەناساند".

سەرەڕای گوشارەکانی ئێران بۆ دابڕاندنی کـوردی خوراسـان لـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان، بەڵام ئەوان بە درێژایی سـەدان ساڵ داکۆکییان لە کەلتوور و زمانی رەسەنی خۆیان کردووەو تا ئەمڕۆش پاراستوویانە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی کاری ئێران، رێژەی بێکاری لە پارێزگای خوراسانی باکوور کە زۆربەی دانیشـتووانەکەی کوردن، زیاترە لە 25%.

فەرزانـە، کوردێکـی دانیشـتووی قوچانە لـە پارێـزگای خوراسـانی رەزەوی، باسـی رەوشـی کوردی ئـەو ناوچەیەی بۆ (رووداو) کـرد و گوتی "کوردی خوراسـان بـەردەوام لە ژێر سـتەمدا بوون، حکومـەت هەر جۆرە گردبوونەوەیەکـی ئێمـەی قەدەغـە کردووە، وێبلاگ و ماڵپەڕەکانمـان لێ فیلتەر دەکات، بـەردەوام هەوڵـی تواندنـەوەی زمـان و کەلتوورمان دەدات".

فەرزانـە درێـژە بـە قسـەکانی دەدات و دەڵێت "هێزە ئەمنییەکان بەردەوام لە ناوچە کوردنشـینەکان سـەتەلایتەکان کۆدەکەنەوە تاوەکـو خەڵـک سـەیری تەلەڤزیۆنـە کوردییـەکان نەکەن، چەندینجار شـاعیران و نووسـەرانی ئێمەیـان دەستبەسـەر کردووە، تەنیـا بـە تاوانـی ئـەوەی بەشـدارییان لەو کۆڕە شـیعرییانەدا کردووە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ساز دەکرێن".

هەرچەنـدە زیاتـر لـە 5 سـەدە بەسـەر راگواسـتنیاندا تێپەڕیوە، بەڵام ئەوان هێشتا هـەر خۆیـان بـە کـورد دەزانـن. فەرزانـە لەوبارەیەوە دەڵێت "ئێمە هەر لە منداڵییەوە پێمانگوتـراوە کە کوردین و وڵاتی ئێمە ناوی کوردسـتانە، عەشـیرەتی ئێمـە زاکوانلویـە و زێـدی ئێمـە شـاری زاخۆیە لە باشـووری کوردسـتان، باوکم خۆی بە زاخۆیی دەزانێت و خۆشەویسـتییەکی زۆری بۆ مەلا مسـتەفا بارزانی هەیە".

ئـەوەی جێـی سـەرنجە، هێشـتا نـاوی هەندێک لە شار و شارۆچکەکانی ئەو ناوچەیە هەر کوردین، وەکو کارێز، چناران، شـێروان، فەرهاد کورد، کوردە، زاوە، زاوین و دوین.

ئـەو گەنجـە کـوردە گلەیـی لە کـوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە و دەڵێت "ئـەوان ئێمەیـان فەرامۆش کـردووە، ئەگەر رۆژێـک کوردسـتانی گەورە دروسـت بێت و کورد بە ئاواتی لە مێژینەی خۆی بگات، ئەی ئێمە چی بکەین؟ ئایا دەکرێ ملیۆن و نیوێک کـورد کۆچ بکەنەوە بۆ کوردسـتانی گەورە؟ ئازەرییـەکان دوای ئێمـە کۆچیان کردووە بۆ قەفقاز و رووبـاری ئاراس و پارێزگای ورمێ، بەڵام ئەوێ بـە خاکی خۆیان دەزانن، کەچی ئەگـەر ئێمـە داوای مافـی خۆمـان بکەین، پێمان دەڵێن ئێوە بێگانەن و نیشتمانی ئێوە کوردستانە".

تەلەڤزیۆنی ناوەندیی پارێزگای خوراسانی باکـوور لە بۆجنـورد بەرنامـەی تایبەتی بە زمانی کوردی هەیە، بەڵام لە ئاستی خواست و داواکاری کوردی ناوچەکەدا نییە.

موجتەبـا ئارویـن، ئەندازیـاری کارەبـا و لەدایکبـووی شـاری بۆجنورد کە ئێسـتا لە شـاری مەشـهەد نیشـتەجێیە، دەزانێت کە ئـەوان کاتی خۆی راگوازراون، بەڵام ئێسـتا خوراسان بە زێدی خۆی دەزانێت.

موجتەبا بـە (رووداو)ی گـوت "بێگومان مـن خۆم بە کـورد دەزانم، هەمیشـە خەون بەوەوە دەبینم پارچەکانی دیکەی کوردستان ببینـم، بەڵام حـەز ناکەم بـە یەکجاری بۆی بگەڕێمەوە، چونکە نیشتیمانی من خوراسانە، من لێرە لە دایک بووم و لێرەش گەورە بووم، پێشم خۆشە لێرە بە ئاواتەکانم بگەم".

موجتەبا رەتیکردەوە کە حکومەت رێگری لـە پراکتیزەکردنـی مافـە کەلتوورییەکانـی ئەوان کردبێ و دەڵێت "من پێموایە حکومەت لەسـەر ئـەوە خەتابـار نییە، لە خوراسـان کێشـەی نەتەوایەتیمـان نییە، ئێمـە لەگەڵ تورکمـان و فارسـەکان بەبێ کێشـە دەژین، ئەوە ئێمەین نەمانتوانیوە کەلتوور و هونەری خۆمـان کـە هەڕەشـەی فەوتانی لەسـەرە، بپارێزیـن، بەشـێکی ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ هەژاریـی خەڵکی ئـەو ناوچەیـە، بەڵام سـاڵانێکە کەسـانێک هەن خەریکـن کار بۆ ئـەوە دەکەن کە کەلتووری کـورد بپارێزن و لەو چوارچێوەیەشـدا دەستیان داوەتە قەڵەم و خەریکی نووسینن".

لـە دەیەی رابـردوودا بەهـۆی تەکنەلۆژیا و هۆیە جۆراوجۆرەکانـی پەیوەندی، کوردی خوراسـان توانیویانـە لەگـەڵ هاووڵاتیانـی رۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندی دروستبکەن، ئـەوەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی هەسـتی نیشـتمانپەروەرییان تێـدا بـبووژێتـەوە و کەلتـوور و زمانیان لە لەناوچـوون بپارێزن. بـەڵام نە ئەوان و نە هاووڵاتیانی کوردسـتان وەڵامـی ئـەو پرسـیارە نازانـن "نیشـتمانی کوردی خوراسان کوێیە؟".





**رووداو- هەولێر**

سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەڵامی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەداتەوە لەبارەی بڕینی بەشە بودجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و دەڵێ "چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد دۆسیە سیاسییەکان تێکەڵی مووچەی فەرمانبەران و بژێوی ژیانی هاووڵاتیان بکات". دزەیی رەخنە لەو هەنگاوەی مالیکی دەگرێ و دەڵێت "سەرۆک وەزیرانی فیدراڵ جیاوازی کردووە و مووچە و بودجەی هەموو عێراقی داوە و ئەوەی هەرێمیشی راگرتووە و گەمارۆی دارایی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە".

رووداو

کاروباری سیاسی

ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3

## دوو ژەنەراڵی ئەمریکی:

# مەترسی هەیە مالیکی چەکی ئەمریکی دژی کورد بەکاربێنێت

## بەغدا چەکە ئەمریکییەکان ناداتە هێزی پێشمەرگە بۆ شەڕی دژی تیرۆر

**هارڤەی مۆریس**
**رووداو- لەندەن**

دوو ژەنەراڵی ئەمریکی کە لە عێراقدا کاریان کردووە، دەڵێن فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە حکومەتەکەی نوری مالیکی ترسی ئەوەی دروستکردووە ئەو چەکانە لە دژی کەمینەکانی عێراق، بەتایبەتی کورد، بەکاربهێنرێن.

جەنەراڵ رۆن گریفز و جەی گارنەر لە وتارێکدا کە هەفتەی رابردوو بڵاویانکردەوە، دەڵێن بارگرژی تایەفەگەری لە نێوان حکومەتی عێراقی (شیعی) و سوننەکان بووەتە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی لە هەرێمی کوردستان.

لە وتارەکەیاندا لە گۆڤاری زە هڵ، کە گۆڤارێکی سیاسییە و لە واشنتن دەردەچێت، نووسیویانە "کورد زۆر بە باشی هەڵمەتی درندانەی جینۆسایدی ئەنفالیان بەبیر دێتەوە کە 25 ساڵ لەمەوبەر لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە ئەنجامدرا و تێیدا 182 هەزار کەس بوونە قوربانی". هەروەها دەڵێن "هەر کە توندوتیژییەکان زیاد دەکەن و بارودۆخی ئەمنیی عێراق خراپتر دەبێت، کورد زیاتر مەترسی ئەوەیان لا دروست دەبێت کە چەکی فرۆشراوی ئەمریکی بە عێراق لە دژی ئەوان بەکاربهێنرێ".

جەنەراڵ گریفز کۆماندراری هەڵمەتی گەردەلولی بیابان بوو کە لە ساڵی 1991 سەدامی لە کوێت وەدەرنا. ژەنەراڵ گارنەر، بەڕێوەبەری کاروباری ئاوەدانکردنەوەی عێراق بوو لە دوای ساڵی 2003، بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتەکەیەوە پەراوێزخرا، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە هەوڵەکانیدا بۆ رازیکردنی حکومەتی ئەمریکی تا رێگە بە هەڵبژاردنی پێشوەخت بدات سەرنەکەوت.

زەنگی ئاگادارکردنەوە لەلایەن ئەم دوو ژەنەراڵەوە هاوکاتە لەگەڵ مۆرکردنی رێککەوتننامەیەک لە نێوان بەغدا و تاران بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی لە ئێران بە بڕی 195 ملیۆن دۆلار. بە وتەی کاربەدەستانی عێراقی ئەو چەک و تەقەمەنیانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەبێت لە ناوچەکانی رومادی و فەللوجە.

ئەمریکا رایگەیاندووە کە بە دوای روونکردنەوەی ئەو بابەتەوەیە و تا ئێستا هەواڵی گرێبەستی چەک لەگەڵ ئێران پشتڕاست نەکراوەتەوە. بەڵام ئەگەر ئەو هەواڵە راست بێت، ئەوە خەمی گەورە لای ئەمریکییەکان دروست دەکات.

واشنتن فرۆشتنی چەکی بە عێراق زیادکردووە لە ترسی ئەوەی کە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی لەوانەیە حکومەتەکەی مالیکی زیاتر ناسەقامگیر بکات.

لە نێو ئەو چەکانەی کە ئیدارەکەی ئۆباما بە نیازە بە عێراقی بفرۆشێت بۆ ئەوەی شەڕی تیرۆری پێ بکات، 24 هەلیکۆپتەری ئاپاچی و 500 رۆکێتی هێل فایەر (ئاگری دۆزەخ) هەن. ئەندامانی کۆنگرێس سەرەتا دژی فرۆشتنی ئەپاچییەکان بوون و رەخنەی ئەوەیان گرت کە رەنگە ئەو چەکانەی بە مالیکی دەفرۆشرێت لە دژی ئەو خۆپێشاندانە رەوایەی سوننەکان بەکاربهێنرێت، کە دژی پەراوێزخستنیان دەستیان داوەتێ.

بەهۆی حوکمڕانی مەزهەبگەرا و تاکڕەوانەی مالیکییەوە، سیاسەتمەدارانی ئەمریکی دەڵێن پێویستە بە روونی مالیکی ئاگاداربکرێتەوە لەوەی چەکی ئەمریکی تەنیا لە دژی تیرۆر بەکاربهێنرێت. چەکەکان دەبێت بەو مەرجەش بفرۆشرێن بە مالیکی کە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە سوننەکان بکات، بە گرووپە سوننەکانی پارێزگای ئەنباریشەوە.

سیناتۆر جۆن مەککەین، کە رکابەری ئۆباما بوو لە هەڵبژاردنەکانی 2008دا، رۆژی سێشەممەی رابردوو رایگەیاند کە دەنگۆی رێککەوتنی کڕینی چەک لە نێوان ئێران و عێراق پێویستە وا لە ئەمریکا بکات جارێکی دیکە چاو بە فرۆشتنی ئاپاچی بە عێراق بخشێنێتەوە.

هەرێمی کوردستان لەو توندوتیژییەی کە ناوچەکانی عێراقی گرتووەتەوە، پارێزراوە، بەڵام ژەنەراڵ گریفز و گارنەر دەڵێن "بەغدا هاوکاری کوردستان ناکات لە هەوڵەکانی کوردستاندا بۆ ئەوەی رووبەڕووی دزەکردنی ئەلقاعیدە ببێتەوە".

ئەوان ئاماژە بە هەڕەشەکانی مالیکی دەکەن بۆ بڕینی بەشە بودجەی کوردستان و دەڵێن ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە مالیکی لەوانەیە رێگەی خراپتریش بگرێتەبەر بۆ سەپاندنی ویستی سیاسی خۆی.

"هەرێمی کوردستانیش رووبەڕووی هەڕەشەی ئەلقاعیدە بووەتەوە، بە تایبەت لە سنووری رۆژئاوای لەگەڵ سووریا. ئەو هەڕەشەیەی کە هەموو بەشەکانی دیکەی عێراقی گرتووەتەوە، رووبەڕووی کوردستانیش دەبێتەوە". دوو ژەنەراڵەکە وایان نووسیوە "بەڵام کە ئەمریکا چەک رادەستی بەغدا دەکات بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەلقاعیدە، حکومەتی عێراقی چەک ناداتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی رووبەڕووی هەمان ئەو هەڕەشەیە ببێتەوە کە عێراق رووبەڕووی دەبێتەوە".

لە وتارەکەیاندا ژەنەراڵەکان دەڵێن "لەبەرئەوە رۆڵی حکومەتی ئەمریکا لەم ناوەندە پڕ توندوتیژییەدا دەبێت رۆڵی ناوبژیوان بێت نەک چەکفرۆشتن بە حکومەتێکی ناسەقامگیر".

ئەو رەخنانەی کە لە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەگەڵ بەغدا دەگیرێت، تەنیا لای ئەو دوو ژەنەراڵە خانەنشینەوە نییە، بەڵکو هەندێک لە سیاسەتمەدارانی دیکەش دەگرێتەوە کە لە نزیکی پەیوەندییەکانی بەغدا و ئێران بە گومانن.

هەندێک کەس و لایەنی دیکە ئاماژە بە ترسی ئەمریکا دەکەن لە هەڵوەشانەوەی عێراق و سووریا و ئەو ئەگەرانەی کە رووداوی لەو جۆرە بەدوای خۆیاندا دەیهێنن.

لەمەڕ کەیسی کوردستان، ئەم ترسە بەهۆی کەمیی زانیاریی ئەمریکییەکان لەسەر ئەو رۆڵە گرنگەی کە کوردستان لە هەردوو ئەو دوو دەوڵەتەدا دەیگێڕێت، زیاتر بووە.

ئەو بێ ئاگاییە بەربڵاوەی ئەمریکییەکان لەبارەی کوردستان لە کۆلۆمێکی نوێی واشنتن پۆستدا کە لەلایەن تارا سۆنەنشاینەوە نووسراوە، بە روونی دەردەکەوێت. سۆنەنشاین جێگری سکرتێری پێشووی وەزارەتی دەرەوە بووە بۆ کاروباری گشتی.

لە وتارەکەیدا نووسیویەتی کاتێک کە دەوڵەتەکان گۆڕان بە دەوڵەتۆچکە و گرووپ و رێکخراو، ئەمریکییەکان پێویستیان بە وانەی جیۆگرافیا هەبوو.

"عێراق بۆ خۆی تەحەدایەکی جیۆگرافییە" تارا دەنووسێت "سەربازەکانی ئەمریکا شەڕیان بۆ ئازادیی هاووڵاتیانی عێراق لە چنگی دیکتاتۆریەت کرد و وڵاتەکەیان گەڕاندەوە بۆ دەستی هاووڵاتیان. ئێستا توندڕەوەکان بەشێک لە خاکی وڵاتەکەیان داگیرکردووە و ئاڵای خۆیانی لەسەر دەشەکێننەوە. سەر لە مرۆڤ دەشێوێت (ئەوە کورد چییەتی؟ ئەرێ کوردستان شوێنێکی راستەقینەیە؟)".



## قوباد تاڵەبانی:

# لە کابینەی نوێ قسە لەسەر پۆستەکەی من لە ئەمریکا دەکرێت



**یودیت نیورینک**
**رووداو- هەولێر**

قوباد تاڵەبانی، نوێنەری پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەرانە لەوەی تاوەکو ئێستا شوێنەکەی ئەو لە ئەمریکا پڕ نەکراوەتەوە و دەڵێت ئەو پرسە لە کابینەی نوێدا یەکلایی دەکرێتەوە.

قوباد تاڵەبانی ئەو قسانەی بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) کرد دوای ئەوەی لەگەڵ کونسوڵی گشتیی ئەمریکا پێشوازی لە شاندێکی ئەنجوومەنی بازرگانی ولایەتە یەکگرتووەکان-کوردستان (USKBC) کرد، کە خۆی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو ئەنجوومەنە.

کاربەدەستانی کورد گلەییان لە کەمیی پشتگیریی واشنتن لە کورد هەیە لە کێشەی نەوت و غاز لەگەڵ بەغدا. ئەو کێشەیەی کە بووەتە هۆی ئەوەی حکومەتی بەغدا بەشە بودجەی کوردستان رابگرێت.

قوباد تاڵەبانی، بەرپرسی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا 18 مانگ پێش ئێستا نوێنەری هەرێمی کوردستان بوو لە واشنتن. ئەو دەڵێت "من حەز دەکەم ئەمریکییەکان وەکو هاوکارێک سەیری ئێمە بکەن، بەڵام ئەوان تا ئێستاش هەر لە چاوی عێراقەوە دەڕواننە ئێمە".

کاتێک کە پرسیاری لێکرا لەبارەی ئەوەی خۆزگەی ئەو بۆ پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا چییە، قوباد گوتی "ئەو شتانەی کە ئێمە لێرە دەیکەن کاریگەری لەسەر تورکیا، سووریا و بازاڕی نەوت لە جیهاندا هەیە. پەیوەندی نێوان ئێمە دەبێت رەنگدانەوەی ئەم راستییە بێت".

تاڵەبانی هەروەها رایگەیاند کە ئەو خەمبارە بەوەی ساڵێک دوای ئەوەی واشنتنی جێهێشتووە هێشتا شوێنەکەی ئەو بەتاڵە. خاڵیبوونی ئەو پۆستە بە یەکێک لە هۆکارەکانی خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئەمریکا دەزانرێت.

"خاڵیبوونی ئەو پۆستە نابێت وەکو ئاماژەیەک تەماشا بکرێت بۆ ئەوەی کە ئێمە چەند گرنگی بە پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئەمریکا دەدەین". قوباد تاڵەبانی گوتی "ئەوە کێشەیەکی ناوخۆیی کوردە". بەو شێوەیەش ئاماژەی بە ململانێی سیاسی ناوخۆی یەکێتی و نێوان یەکێتی و پارتی کرد، ئەو ململانێیەی کە بووەتە رێگر لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت.

قوباد تاڵەبی رایگەیاند کە "دوو کاندید بۆ ئەو پۆستە هەبوون، بەڵام پرۆسەکە بەهۆی هەندێ رووداوی یەک لە دوای یەک دواکەوت. بەڵام لە کابینەی هەشتەمدا بە دڵنیاییەوە ئەو بابەتە یەکلایی دەکرێتەوە".

ئەو نائومێدیی خۆی لەمەڕ چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوی پارتی و یەکێتی لە لیستی تیرۆری ئەمریکا پێشاندا و ئاماژەی بەوە کرد کە هیچ کەس لە کوردستان نەیدەزانی شتێکی لەو جۆرە هەیە "ئەوە تەنانەت لیستێکی سەر کاغەزیش نییە. ناوی سەرۆکی پێشووی ئەفریقای باشوور، نێلسۆن ماندێلاش لەسەر لیستەکە بوو، بەڵام بە ماوەیەک پێش مردنی ناوی ئەویان لە لیستەکە دەرهێنا".

تاڵەبانی هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ئیدارەی ئەمریکا "قەناعەتی کردووە بەوەی ناوی ئێمە نەدەبوو لەسەر لیستەکە بێت". بەڵام لەهەمانکاتیشدا بۆ ئەوەی ناوی ئەو دوو پارتە لە لیستەکە دەربهێنرێت پێویستە بە کۆنگرێسدا تێپەڕێت و یاسای لیستی تیرۆر هەموار بکرێتەوە، یان یاسای نوێ دەربکرێت "ئێمە کەوتووینەتە نێو گەمەی سیاسییەوە، ئەمە پەیوەندی بە رووداوەکانی نێوان پارتی و یەکێتیەوە نییە".

(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

# یەکێتی لەم خولەی پەرلەماندا شەڕی نەوت دەکات

## پەرلەمانتارێکی یەکێتی: لێپێچینەوە لەگەڵ عیماد ئەحمەدیش دەکەین


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هێشتا خولی نوێی پەرلەمان و حکومەت دەستپێنەکردووە، سەرکردە و پەرلەمانتارانی یەکێتی، دەستیان بە هەڵمەتێکی رەخنەگرتن لە سیاسی نەوتی هەرێمی کوردستان کردووە و بە سیاسەتێکی "شکستخواردوو" ناوی دەبەن. ئەندامێکی فراکسیۆنی سەوز لەپەرلەمان دەڵێ "پارەی نەوت هەڕەمەکی خەرج دەکرێ".

بەپێی ئەو ئامادەکارییانە بێ کە فراکسیۆنی سەوز کاریان لەسەر دەکات بۆ خولی چوارەمی پەرلەمان، 18 پەرلەمانتارەکەی یەکێتی هەوڵدەدەن لێپرسینەوە لە خەرجییەکانی نەوت و داهاتی نەوت دەستپێبکەن و ئەوە یەکێکیشە لەو بابەتانەی خستوویانەتە بەرنامەی کاری خۆیانەوە.

ڕێواس فایەق، پەرلەمانتار لە لیستی سەوز دەڵێت تێبینیمان لەسەر یاسای نەوت و غاز نییە "بەڵکو تێبینیمان لەسەر حکومەت هەیە کە ئەو یاسایەی جێبەجێ نەکردووە".

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی پێیوایە حکومەت نەیتوانیوە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات "کۆمپانیا نیشتمانییەکانی بۆ دۆزینەوە و پاڵاوتن و فرۆشتن و داهاتی نەوت دروست نەکردووە". گوتیشی "حەقمان بەسەر کۆمپانیا بیانییەکانەوە نییە، بەڵکو دەمانەوێ بزانین بۆ ئەو یاسایەی جێبەجێ نەکردووە".

ئەم دەنگە ناڕازییە تەنیا دەنگی فراکسیۆنەکەی ناو پەرلەمانی نییە، بەڵکو ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکەش رەخنە لە سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن.

ڕێواس فایەق، دەڵێ بەهیچ شێوەیەک "شیرینی و موڵکانە و موشتەقاتی نەوت کە لەرێگای تانکەرەوە دەفرۆشرێت، وادەرناکەوێ بخرێتە سندوقی داهاتی نەوتەوە". بۆیە دەڵێت "پێویستە فرۆشتنی نەوت لەژێر چاودێریی حکومەتدا بێ و پارەکەی بخرێتە سندووقی داهاتی نەوتەوە، نەک سەرۆکی حکومەت و وەزیری سامانە سروشتییەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خەرجی بکەن و دابەشی بکەن".

لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، نەوت بووە کەرەستەیەکی کاریگەر بۆ راکێشانی دەنگی دەنگدەر، بەڵام ئەو کەرەستەیە کەمتر لەلایەن یەکێتییەوە پەنای بۆ برا.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە "سیاسەتێکی شکستخواردوو" دەزانێ، بەوەش پاساو بۆ بۆچوونەکەی دێنێتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک بابەتێکی ئابووری مامەڵەی لەگەڵ ناکات و دەڵێ ئەو فایلە بە سیاسی کراوە "ئەو 17%یەی ئێمە وەریدەگرین پارەی نەوتی عێراقە و عێراق مەسەلەی نەوتی تێکەڵ بە سیاسەت نەکردووە، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیش بەو جۆرەیە، کاتێک مەسەلەی نەوت تێکەڵ بە سیاسەت دەکرێ زۆر خراپە. ئەگەر ئێمە بەرهەمێکی خۆماڵیمان هەبێ و رەوانەی دەرەوەی بکەین ئەوە بابەتێکی بازرگانییە و نابێ تێکەڵ بەیەک بکرێن".

بەبڕوای ئەو، ئەگەر ئەرکی کورد بریتی بێت لە بەرهەمهێنانی نەوت و ئەرکی ناوەندیش بریتی بێت لە فرۆشتنی "کێشەکان چارەسەر دەبێ و قازانجێکی باشتر دەکەین".

ئەسەسەرد پێیوایە ئەوەی کورد لە 17%ی بەغدا دەستیدەکەوێ لە فرۆشتنی نەوتی خۆی دەستیناکەوێ، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییەکانیشی بەهۆی نەوتەوە، لەگەڵ ئەمریکا و فەرەنسا و وڵاتانی ناوچەکە ئاڵۆز بووە و لەناوەوەش دارمانی دارایی بەرهەمهێناوە و دۆسیەی نەوتیش "شەفافیەتی تێدا نییە". ئەم قسانە لەکاتێکدایە کە پێشتر بەرپرسانی حیزبەکەی رایانگەیاندووە، ئاگاداری وردەکارییەکانی دۆسیەی نەوتن.

فەرید ئەسەسەرد، ئەو سیاسەتەی ئێستا بە "شکستخواردوو" ناودەبات، بەڵام لایەنگرانی ئەو سیاسەتە پێیانوایە کە ئەو سیاسەتە بووەتە هۆی دابینکردنی کارەبا و سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەو رەخنانە لە کاتێکدا رووبەڕووی سیاسەتی نەوت دەکرێتەوە کە رۆژی 2013/10/30 وەزارەتی سامانە سروشتییەکان یەکەمین راپۆرتی خۆی بڵاوکردەوە و بەپێی راپۆرتەکە لە ماوەی مانگی تشرینی یەکەمی 2013دا بڕی بەرهەمهێنانی نەوت 7 ملیۆن و 409 ملیۆن و 910 هەزار بەرمیل بووە.

راپۆرتەکە هەروەها زانیاری لەبارەی پاڵاوگەکان و گرێبەستەکانی نەوت تێدایە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی سەرپەرشتی دەرهێنانی نەوتەکەیان کردووە.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ من نامەوێ وەک بەریتانییەکان بڵێم چەند دەفرۆشرێ و چۆن دەفرۆشرێ و داهاتەکەی چۆنە و چەندە و لەکوێیە "بەڵکو وەک عێراق، وەزارەتی نەوتی عێراق 4 مانگ جارێک بڵاوی دەکەنەوە کە چەندیان فرۆشتووە و بایی چەندە و ئەو راپۆرتەی عێراق وێنەی لێ دەنێردرێتە رێکخراوی شەفافیەتی جیهانی و رێکخراوەکە خۆی پەیوەندی بەو لایەنانەوە دەکات کە نەوتیان کڕیوە تا بزانێ ئەوە تاوەکو چەند راستە".

سەرباری ئەو هەموو رەخنەیەی لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەگیرێ، بەڵام مامەڵەی کۆمپانیا بیانییەکان بەشێوەیەکی دیکەیە. هەرچەندە عێراق بە کێڵگەیەکی پان و پۆڕی نەوت ناسراوە لە ناوچەکەدا، بەڵام تائێستا رووی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی رۆژئاوا لە هەولێر بووە نەک لە بەغدا.

پێشتر عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت بە (ڕووداو)ی گوتبوو کە ئاگاداری سەرجەم وردەکارییەکانی دۆسیەی نەوتە. بەڵام ڕێواس فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز دەڵێت "نێچیرڤان بارزانی بەرپرسی یەکەمە لە هەر کەموکوڕییەکی دۆسیەی نەوت و نادیاریی داهاتەکەی، بەڵام ئەگەر بۆمان دەربکەوێ کاک عیمادیش بەشدارە لەو کەموکوڕییانەدا، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەین".

ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی هاتە ریزی رەخنەگران لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان و دەڵێ ئەو قەیرانە داراییەی ئەمڕۆ بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە "بەهۆی ئەو سیاسەتە ناڕوون و ناشەفافەی هەرێمەوەیە کە لە دۆسیەی نەوتدا پەیڕەوی دەکات".

ئاڵا تاڵەبانی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی "دوای ئیمزاکردنی 53 گرێبەستی نەوت، حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ نزیکترین حکومەت کە حکومەتی عێراقە، رووبەڕووی گەورەترین قەیرانی دارایی بووەتەوە و کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندییەکانی ناوچەکە لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێران لەلایەک و لەلایەکی دیکەش کاریگەری خراپی لە پەیوەندی تورکیا و ئەمریکا کردووە".

# کورد تاوەکو دوای هەڵبژاردن لە بەغدا ناکشێتەوە

## پەرلەمانتارێکی گۆڕان: کورد لە بەغدا تەنیا یەک وەزارەتی کاریگەری لەدەستە



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

پەرلەمانتار و نوێنەرانی کورد لە بەغدا لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 2 کاژێر کۆبوونەوەیان کرد بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی مالیکی، بەڵام پرسی کشانەوە لە حکومەتی بەغدا، لەو کۆبوونەوەیەدا باس نەکرا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە چەند رۆژێک پێش ئەو کۆبوونەوەیەی هەولێر، د.رۆژ نووری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کشانەوەی لە حکومەتەکەی مالیکی وەک ئەگەرێک باسکرد.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، کەموکوڕیی کۆبوونەوەی نوێنەرە کوردەکانی بەغدا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەوەدا دەبینێتەوە کە تاوەکو ئێستا تاوتوێی ئەوەیان نەکردووە "ئایا بە کشانەوەی کورد لە بەغدا ئەو حکومەتە چ زیانێک دەکات و لەکام رووەوە قەیرانی بۆ دروستدەبێ".

د.مەحمود عوسمان، ئاماژە بۆ کۆبوونەوەکەی هەفتەی پێشوو دەکات لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی لە هەولێر و دەڵێت تەنیا خستنەڕووی کێشەکان بوو "نە باسی کشانەوە کرا و نە ئەگەرەکانی دوای کشانەوە و نە کاریگەریی کشانەوەی تێدا باسکرا، ئەوە کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانیەتی کە دیراسەی ئەوە بکەن".

لەساڵی 2003وە، ئەوە یەکەمجار نییە رای گشتی هەرێمی کوردستان گوێی لە هەڕەشەی "کشانەوە لە بەغدا" دەبێ. پێشتریش لەکاتی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و دواتریش لە کۆتایی 2012 کاتێک کار گەیشتە ئەوەی سوپای عێراق و پێشمەرگە رووبەڕووی یەک بوەستنەوە، ئەو نامە نافەرمی و زارەکییانە رەوانەی بەغدا دەکران، بەڵام سوننەکان پێش کورد کەوتن و هەندێک لە وەزیرەکانیان کشانەوە.

### کورد لە سوننە کاریگەرترە

هەموو ئەو وەزیر و نوێنەرە کوردانەی لەبەغدان، کاتێک پرسی کشانەوەیان لەگەڵ دەورووژێنی، ئەو پرسیارە دەکەن کە ئاخۆ حکومەتی مالیکی بە پێوە دەمێنێتەوە، یان هەروەک سەردەمی کشانەوەی سوننەکان درێژە بەکاری خۆی دەدات و هێندەی دیکە پۆستەکان دەکەونە دەست بریکار؟

هەڤاڵ کوێستانی، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە مادام حکومەتەکە لەسەر بنچینەی تەوافوقی سیاسی پێکهاتووە، بە کشانەوەی کورد تەنیا هاوسەنگیی حکومەتەکە تێکدەچێ و پرۆسەی دیموکراسی تووشی شەلەل دەبێ "بەڵام بەهیچ شێوەیەک حکومەتی مالیکی ناڕووخێ و بەپێوە دەمێنێتەوە".

ڕێگایەکی دیکەی شکستپێهێنانی حکومەتی مالیکی کشانەوەی 51%ی پەرلەمانتارانە. هەڤاڵ کوێستانی دەپرسێ ئایا کە کورد لەگەڵ سوننەکان نەکشابێتەوە، لەم دۆخەدا سوننە ئامادەن لەگەڵ کورد بکشێنەوە "جگە لەوە ئەگەر سوننەش رازی بن، دەبێ لایەنێکی شیعەش رازی بکەین بکشێتەوە، ئەوکات 51% پێکدێنین و حکومەت شکست دەخوات".

بە بڕوای هەڤاڵ کوێستانی، لە هەموو حاڵەتەکاندا کشانەوەی کورد لە کشانەوەی سوننەکان کاریگەرترە ئەگەر حکومەتیش نەڕووخێنێ "چونکە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی و جوگرافی خۆیەتی و خاڵی سنووریی هەیە، ئەگەر شەفافیەتی زیاتر لەنەوتدا بێنێتە ئاراوە، ئابوورییەکی باشی هەیە و سەتان کونسوڵگەری و نوێنەرایەتی بیانی لە هەولێر هەن".

### "تەنیا وەزیرێکی بەهێزی هەیە"

بەبڕوای هەڤاڵ کوێستانی، کورد لە بەغدا تەنیا یەک وەزارەتی زۆر گرنگی بەدەستەوەیە ئەویش وەزارەتی دەرەوەیە "هەرچەندە بەکشانەوەی کورد، مالیکی وەزیرێک بەوەکالەت بۆ ئەویش دادەنێ".

بەڵام یاسین حەسەن، وەزیری دەوڵەت لە کابینەی پێشوو پێیوایە "مالیکی ناتوانێ شوێنی هوشیار زێباری پڕبکاتەوە، چونکە وەزیرێکی لێهاتووە و لە بواری دیبلۆماسیدا پەیوەندییەکی فراوانی بۆ عێراق دروستکردووە".

یاسین حەسەن هەروەها دەڵێ لە عێراقدا وەزیری دەرەوە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە و شوێنی دیارە، بەڵام بۆ وەزارەتەکانی دیکە کە بەدەست کوردەوەن مالیکی دەتوانێ بە ئاسانی بریکاریان بۆ دابنێ. گوتیشی "لەدوای 2003وە بەغدا دەزانێ مانەوەی کورد لە بەغدا تەکتیکییە و کوردیش دەزانێ بەغدا مامەڵەیەکی تەکتیکییانەی لەگەڵ دەکات".

یاسین حەسەن کە تاوەکو 2012 لە بەغدا وەزیر بووە، باسی ئەو کۆبوونەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات کە مالیکی سەرپەرشتی کردوون و دەڵێ لەرووخساردا واخۆی دەردەخست کە هەمیشە رۆڵی میانگیری ببینێ لە نێوان کێشەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان "لە کۆبوونەوەکاندا زیاتر شەهرستانی و سەفائەدین ئەلسافی هێرشیان دەکردە سەر هەرێمی کوردستان، کە مالیکیش بەدەنگ دەهات، وەک نێوەندگیر قسەی دەکرد".

### " کارتی کورد بەهێز دەبێتەوە"

قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە کاتێکدا تەواو ئاڵۆزکاوە کە کۆتایی مانگی نیسانی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەدەچێ، کورد وەک وێستگەیەکی گرنگ بۆ گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی لە عێراق لێی دەڕوانێ و هەرچی مالیکی و دەوڵەتی یاسایە، دیسان وەک هەلێک چاوەڕوان دەکەن بەهێزتر لەو هەڵبژاردنە بێنە دەرەوە.

بەبڕوای د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق "کاتی کشانەوە نییە". هۆیەکەش لەوەدا دەبینێتەوە کە "تەمەنی ئەو حکومەتە تەنیا کەمتر لە 2 مانگی ماوە".

فوئاد مەعسوم پێیوایە هاتنە دەرەوەی کورد لە حکومەت رووخێنەر و کاریگەر دەبوو ئەگەر "زۆربەی وەزیرەکان هاوڕای کورد بوونایە و هەڵبژاردن نزیک نەبووایە". بەڵام د.مەحموود عوسمان روونتر لەو بارەیەوە قسە دەکات و دەڵێ "شەڕە گەورەکەی مالیکی بۆ راکێشانی دەنگی زۆرینەی شیعەیە، ئەگەر کورد ئەو دوو مانگە خۆی رابگرێ و مووچە بدات و بۆ مووچە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا نەکات، دوای هەڵبژاردن کارتەکانی دەستی بەهێز دەبنەوە بۆ دانوستاندن". ناوبراو گوتیشی "مالیکی هەمیشە لەکاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا، نێوانی حکومەتەکەی و سوننە تێکدەدات، هەموو ئامانجەکەش نزیکبوونەوەیە لە سۆزی شیعە".

رووداو
ئابووری
ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3

## داهاتی نەوتی عێراق 8 ملیار دۆلار بووە



**رووداو- بەغدا**

عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق راگەیاند "قەبارەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە مانگی رابردوو گەیشتە 78 ملیۆن و 362 هەزار بەرمیل بە بەراورد لەگەڵ هەناردەکردنی 69 ملیۆن بەرمیل لە مانگی کانوونی دووەمی رابردوو". عاسم جیهاد گوتیشی "رێژەی نێوەندی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە مانگی شوباتی رابردوو گەیشتە نزیکەی 2 ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا". گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق راشیگەیاند "داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە مانگی شوباتی رابردوو گەیشتە نزیکەی 8 ملیار دۆلار".

# کۆمپانیا ئەمریکییەکان نۆرەی هاتنە کوردستان دەگرن

**یودیت نیورینک**
**رووداو- هەولێر**



ستافی ئەنجوومەنی بازرگانیی ئەمەریکا- کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان

شاندێکی بازرگانیی ئەمریکا بەم زووانە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی کە بزانن دوای کردنەوەی پیتزا هەت، ئایس کرێمی سینابەن/کارڤێل و ئەیس هارویرد، ئەوانیش دەتوانن شوێنپێیەک بۆ خۆیان لە کوردستان بکەنەوە.

کۆنسوڵی گشتیی ئەمریکا جۆزێف پێننگتن ئەو هەواڵەی لە هۆتێل رۆتانا و لە کاتی پێشوازیکردن لە ئەنجوومەنی بازرگانیی ولایەتە یەکگرتووەکان- کوردستان (USKBC) راگەیاند. ئەوەی کە ئایا ماکدۆناڵد لە نێو گرووپەکەدایە یان نا، ئەو ئەوەی نەدرکاند، بەڵام هەردوو هۆتێلی ماریۆت و هیات لە کوردستان دەستیانپێکردووە.

کونسوڵی گشتیی ئەمریکا یەکێک بوو لەوانەی وتاریان خوێندەوە لەو بۆنەیەی بۆ پێشوازیکردن لەو بازرگانە ئەمریکیانە رێکخرابوو کە لە کوردستان کاردەکەن. بۆنەکە هەروەها بۆ ئەوە رێکخرابوو کە بازرگانە ئەمریکییەکانی کوردستان بەو لایەن و کاربەدەستانە بناسێنرێن کە دەتوانن هاوکاریی بازرگانەکان بکەن.

USKBCگرووپێکی بازرگانییە و لە 20 ئەندام پێکهاتووە، دوو ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە و ئامانجی بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی بازرگانییە لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان.

"باس لە هەلی بازرگانی لێرە دەکرێت" دەیڤد مایکڵ تافوری، ئەندامی گرووپەکە دەڵێت "ئەم هەرێمە دەوڵەمەند دەبێت، کاڵای ئەمریکی لێرە بازاڕی باشی هەیە، ئێستا زۆر کورد کاڵای ئەمریکییان دەوێت و لەڕووی ئابوورییەوە دەتوانن کاڵاکانمان بکڕن".

بە پێچەوانەی ئەو رۆڵەی کە ئەمریکییەکان لە ئازادکردنی عێراق لەساڵی 2003 گێڕایان، لە رووی بازرگانییەوە تورکەکان و لوبنانییەکان و بەریتانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا پێش ئەمریکییەکان کەوتوون.

سەبارەت بەوەی کە تورکیا گەورەترین وەبەرهێنە لە کوردستان و لوبنان لە رووی بازرگانییەوە زۆر چالاکە، پێننگتن دەڵێت "ئێمە ناتوانین کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بکەین، بەڵام ئێمە لایەنی دیکەی گرنگمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە کواڵێتی، دیزاین و تەکنۆلۆژیا پێشکەش دەکەین".

کۆمپانیا ئەمریکییەکان بە زۆری لە بواری نەوت و غاز، ئاسایش و بیناسازیدا چالاکن. پێننگتن پێیوایە بازرگانیی ئەمریکی لەوە بەربڵاوتر دەبێ لە داهاتوودا "لە ئەمریکا ئارەزووی زۆر هەیە بۆئەوەی کاری بازرگانی لەگەڵ ئێرەدا بکرێت، بەڵام هەروەکو عێراق، ئاسایش رۆڵێکی گرنگی هەیە، کۆمپانیاکان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکەن. بەڵێ لێرە هێرشی کەمتر هەیە وەکو لە پارچەکانی دیکەی عێراق، بەڵام هێشتا مەترسیی ئەمنی هەیە".

پێشوازیکردنی ئەم ئەنجوومەنە لەکاتێکدایە کە بارگرژییەک لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکادا هەیە، بە تایبەتی دوای هەڵوەشاندنەوەی سەردانێکی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن بەهۆی ئەوەی کە ناوی دوو پارتی سەرەکیی کوردستان لە لیستی تیرۆری ئەمریکادایە. بەڵام هیچ یەک لە سیاسەتمەدارەکان لە کاتی پێشوازیکرنی بازرگانەکاندا نەیانویست باس لەو کێشە گەرمە بکەن.

# هەڵگورد گەشتیارانی ئەورووپی رادەکێشێت

## خاوەن کۆمپانیایەکی ئەوروپی:
## داواکاری گەشتەکانمان بۆ کوردستان دووهێندە زیادی کردووە

**ئەیمی گەتمان**
**رووداو — لەندەن**

تۆم بادکن، خاوەن و بەڕێوەبەری کۆمپانیای (سیکریت کامپەس)ی گەشتوگوزاری و بە چیادا سەرکەوتن، بۆ یەکەمجار 12 گەشتیاری بە تواناو بەهێزی برد بۆ سەر زنجیرە چیاکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2012.

ناوچەکە بەلای بادکن-ەوە ئەوەندە سەرنجڕاکێشە کە ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ گەشتی دووەم لە مانگی نیسانی داهاتوو.

"ئارەزووی گەشتکردن بۆ کوردستان لە ساڵی پارەوە دووهێندە زیادی کردووە. زیاتر لە 40 داواکاریمان هەبووە بۆ 12 شوێنی جیاواز".

تۆم بادکن وەسفی گەشتکردن بۆ کوردستان دەکات و دەڵێت "هەرێمی کوردستان بۆ ئەو گەشتیارانەی یەکەمجارە دەچنە ئەوێ وەکو ناوچەیەکی تازە دۆزراوەیە". بادکن هەروەها گوتی "لوتکە چیاکانی کوردستان گەورەترین سوپرایزن بۆ ئەو گەشتیارانە".

لوتکەی هەڵگورد کە نزیکەی 3600 مەتر بەرزە، باشترین شوێنە بۆ ئەو گەشتیارانەی حەز بەسەرکەوتن بەشوێنی سەخت و ماندوو بوون دەکەن لەکاتی گەشتەکانیان. بەو گەشتیارانە دەگوترێت گەشتیاری سەرکێش.

"ئاشکرایە کوردستان ناوچەیەکی زۆر ئارامە. بەڵام خەڵکی نازانن کە کوردستان چیای زۆر سەرنجڕاکێشی تێدایە. بە دڵنیاییەوە شوێنێکی دەستکاری نەکراوە".

هەرێمی کوردستان کە بە سویسرای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناودەبرێت، سەرنجی ژمارەیەکی زیاتری گەشتیاران رادەکێشێ چونکە تەنیا شوێنی ئارام و پێشکەوتووە لە عێراقی پڕ لە توندوتیژیدا.

بادکن و تیمەکەی کە پێشتر لە پەرەشووتەوانی کاریان کردووە، گەشتیار دەبەن بۆ هەموو شوێنێکی جیهان، بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی کە ناوچەی گەشتیاری نین. موشتەرییەکانیان خۆیان ناونووس دەکەن بۆ بەلەمەوانی لە رووباری مۆوای سیرالیۆن و بەپێ رۆیشتن بە کەنارەکانی نیل لە وڵاتی سوودان.

سایمن کلارک، تەمەن 30 ساڵ، لەگەڵ کۆمپانیای سیکریت کامپەس لەساڵی 2012 بەسەر چیای هەڵگورددا سەرکەوتووە. پێشتر وەک سەربازی سوپای بەریتانی لە عێراق بووە، بەڵام ئەوە یەکەم گەشتی بوو بۆ کوردستان.

"دەمویست شوێنێکی نوێ ببینم و بگەڕێمەوە بۆ شوێنێک کە پێشتر بە ئەرکێکی جیاواز لێی بووم. کوردستان شوێنێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە و دیمەنی زۆر جوانی هەیە. کەلتووری خەڵکەکەی زۆر جوانە و خەڵکێکی زۆر گەرموگوڕن لەگەڵ میوان".

تەنانەت بۆ بادکن کە گەشتی بۆ زۆر شوێنی جیهان کردووە، پێشوازیی کورد لە میوان بێ وێنەیە "گەشتمان بۆ زۆر شوێنی جیهانی ئیسلامی کردووە، ئاشکرایە کە پێشوازی لە میوان زۆر گرنگە بۆ ئەوان، بەڵام بە تەواوی لە ئاستێکی زۆر گەرموگوڕ و جیاوازدایە لە کوردستان".

جان باکەر و خێزانەکەی بەشداری گەشتەکەی بادکن دەکەن بۆ کوردستان لە مانگی نیساندا. ئەوان غەریب نین بەو ناوچانەی کە پاشماوەی جەنگن، بەتایبەتی کاتێک چوار ساڵ لەمەوبەر لە ئەفغانستان بەپێ بە رێڕەوی دووروودرێژی واخان-دا رۆیشتووە.

"هەمیشە بەدوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕێم کە خەڵکی زۆر بۆی ناڕۆن و بە ناوچەی شەڕ و ململانێ دەناسرێن، بەڵام لە راستیدا ئارامن. خەڵک لەو باوەڕەدان کە هەموو وڵاتەکە نائارامە، بەڵام ئەگەر بە وردی توێژینەوەی لەسەر بکەی تێدەگەی کە ئەوە راست نییە و چەندین شوێنی خۆشی لێیە بۆ گەشتکردن".

باکەر دەڵێ بریاردان بۆ گەشتکردن بۆ چیاکانی کوردستان ئاسان بوو "بیرۆکەی گەشتکردن بۆ کوردستان هاتە خەیاڵم و لە ماوەی 5 خولەکدا بریارم دا. هاورێیەکم هەیە کە ماوەی دوو مانگی لە زستاندا لە کوردستان بەسەر بردووە و چەندین بەسەرهاتی خۆشی هەبوو لەسەر پێشوازیی خەڵکی لە میوان. زۆر بە تاسەوەم بۆ دانیشتن و خواردنەوەی چای لەگەڵ خەڵکی کوردستان".



چەند گەشتیارێکی بیانی لەسەر چیای هەڵگورد (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

بۆ ئەو خەڵکانەی کە حەز بە سەرکەوتن بەسەر شاخدا دەکەن، وەک باکەر و خێزانەکەی، زنجیرە چیاکانی زاگرۆس شوێنێکی زۆر بێدەنگ و خەڵکێکی کەمی لێیە و شوێنێکی زۆر گەشتیارییە.

"زنجیرە چیاکانی زاگرۆس زۆر بەرز نین، بەرزترین لوتکەی دەگاتە 3600 مەتر. بەڵام تەنانەت بەرزاییەکانی سکۆتلەندەش کە زۆر بەرزنین دەکرێت تەڵەکەی تایبەتی خۆیان هەبێت. چۆڵی و دووره دەستیی ئەو چیایانە لە مرۆڤەوە زیاتر سەرنجی من رادەکێشێ. لە کوردستان دەتوانی دڵنیا بیت لەوەی کە ئەو شوێنانە پڕنین لە خەڵک و ئەوەش هەلێکی باشە بۆ سەرکەوتن بەسەر چیادا".

گرووپەکەی سیکریت کامپەس لە 19ی نیسان دەڕۆن بەرەو زنجیرە چیاکانی کوردستان و بە هیوان سەرکەون بەسەر لوتکەی هەڵگورددا.

# 80%ی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ماستەرپلانیان نییە

**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- رانیە**



لە کۆی 200 شارەوانی هەرێمی کوردستان، تەنیا 40 شارەوانی ماستەر پلانیان هەیە، نەبوونی ماستەر پلان لە شار و شارۆچکەکان گرفتی بۆ هاووڵاتیان و حکومەت دروستکردووە.

شار و شارۆچکەکان بەردەوام لە فراوانبووندان و خواستی خەڵک بۆ پڕۆژەکان روو لە زیادبوونە، بەهۆی نەبوونی ماستەر پلانیش بەشێکی پڕۆژەکانی حکومەت لە کاتی جێبەجێکردن تووشی گرفت دەبن.

سەردار ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی رانیە سەبارەت بە گرفتەکانی نەبوونی ماستەر پلان دەڵێت "بەهۆی نەبوونی ماستەر پلان رووبەڕووی دەیان گرفت دەبینەوە لە کاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکان، هەرکات ماستەر پلان دروستکرا ئەوەی ئێمە لەکۆڵی دەبینەوە ئەوەیە کە لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکان بەرچاو روونیمان دەبێت لەکارکردن و دیاردەی زیادەڕۆیی نامێنێ و بەمەش کێشە کۆمەڵایەتییەکانمان لە یەخە دەبنەوە".

بە هەزاران دۆنم زەوی لە نزیک شار و شارۆچکەکان مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و بەشێکیان بەشێوەی زێدەڕۆیی کراون بە خانووی نیشتەجێبوون، بەشێکی هاووڵاتیانیش رێگایان پێنادرێت زەوییەکانیان بکەن بە خانوو، ئەمەش زۆرجار کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

رێباز شۆڕش، خەڵکی رانیە دەڵێت "زۆر کەس دەناسم پارچە زەوییەکی بە قەرز یان زێڕ و ئاڵتوونی خێزانەکەی کڕیوە و رێگای پێنادرێت بیکاتە خانوو، یان بەر پڕۆژەی حکومەت دەکەوێت و حکومەتیش ناتوانێ وەکو پێویست قەرەبووی بکاتەوە، بەمەش کێشە لە نێوان خێزانەکان یان لە نێوان ئەوانەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان بە زەوییەکە کردووە بۆ حکومەت دروست دەبێت.

لێرەدا هۆکاری کێشەکان حکومەتە کە نەیتوانیوە ماستەر پلان بۆ شارەکان دابنێ".


ئەندازیار خالید سلێمان، بەڕێوەبەری گشتیی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە وەزارەتی شارەوانی بە (رووداو)ی راگەیاند "لە کوردستان 200 شارەوانیمان هەیە تەنیا 40 یان خاوەنی ماستەرپلانن، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای دوو لیژنەی تایبەت کە یەکێکیان لە دیوانی پارێزگایە و ئەوی دیکەیان لە وەزارەتی شارەوانییە کار بۆ ئەوە دەکات شارەوانییەکان بکات بە خاوەنی ماستەر پلان و بەیەکەوە بڕیار لەوە دەدەن کە کام شارەوانی ماستەر پلانی بۆ دەکرێت و ئەفزەلیەت بەو شارە دەدرێت کە پێویستی پێیەتی".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە دانانی ماستەرپلان بۆ سەرجەم شار و شارۆچکەکان کات و بودجەی پێویستە "هەموویان بەیەکەوە ناکرێن، چونکە کۆنترۆڵ ناکرێن و میزانیەی پێویستە. هەر پارێزگایە و ژمارەیەکی بۆ دەکرێت. لیژنەکان ناوی شارەوانییەکان بۆ وەزارەت بەرز دەکەنەوە و لەوێشەوە بڕی پارەی پێویست دیاری دەکرێت، ئینجا ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت و بۆ ساڵی داهاتوو دەخرێتە پلانەوە".

● مافی هیچ کەسێک نییە داوای گەرەنتی بکات

● هەرێمی کوردستان پەنجەرەیەکە بەهۆیەوە هەناسە دەدەین

● لە دەرەوەی سووریای یەکگرتوو، هیچ سووریایەکی دیکە نابینم



جۆرج سەبرا، 66 ساڵ، کەسایەتییەکی مەسیحییە و لە شاری قەتەنەی سەر بە ریفی دیمەشق لەدایک بووە. بەکالۆریۆسی لە جوگرافیا هەیە و ساڵی 2012 لە دەوحەی پایتەختی قەتەر بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریا هەڵبژێردرا و تاوەکو ئێستاش لەو پۆستەدا ماوە.
جۆرج سەبرا لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو پەیوەندی بە حیزبی شیوعی سووریاوە کردووە، بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی ماوەی 8 ساڵ (1987 – 1995) بەندکراوە. لە ساڵی 2011 جارێکی دیکە لەلایەن رژێمی سووریاوە بۆ ماوەی دوو مانگ دەستگیر کرا.
ساڵی 2005 بەشداری کردووە لە دامەزراندنی ئەوەی پێیدەگوترێ (اعلان دمشق).
سەبرا لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی رووداو) کە درێژەکەی شەوی سێشەممە لە بەرنامەی هەڤپەیڤینی کەناڵی (رووداو) بلاودەبێتەوە، باسی چەند پرسێکی تایبەت بە سووریا و رۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستان دەکات.

هەڤپەیڤین: دلبخوین دارا

## جۆرج سەبرا، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی سووریا بۆ (رووداو):

# هیچ پێکهاتەیەکی سووریا بۆی نییە سیستمی فیدراڵی لەسەر ئەوانی دیکە بسەپێنێ

**رووداو: تاوەکو ئێستا هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لەبارەی کێشەی کورد دیار نییە، ئێوە هەڵوێستێکی روونتان هەیە لەسەر ئەو پرسە؟**

**جۆرج سەبرا:** ئێمە هەڵوێستێکی ئاشکرامان هەیە. ئەویش هەڵوێستێکی تایبەتە بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووری. هەروەها زۆر شتمان بڵاوکردووەتەوە. یەکەم، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە گەلی کورد بەشێکە لە گەلی سووریا، پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە سووریا، لە یەکەم رۆژەوە بەشدارە لەم شۆڕشەدا. بە هەموو ئەرکە شۆڕشگێڕییەکانی هەڵدەستێت. هەروەها مافەکانیان لە ئەنجامەکانی ئەم شۆڕشەدا پارێزراوە وەکو مافی هەموو گەلی سووریا. هەڵوێستەکە بە روونی لە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی سووریدا باسی لێوەکراوە، چونکە دۆزی کورد بووەتە بەشێک لە دۆزی نیشتمانیی سووریا. تەنیا بۆ کورد گرنگ نییە، بەڵکو بۆ هەموو گەلی سووریا گرنگە. لەم بەڵگەیەدا کە ئەنجوومەنی نیشتمانی سووریا پێشکەشی کرد، تێیدا هاتووە کە دەبێ: یەکەم، ئەو ستەمەی لە هاووڵاتیانی کورد کراوە نەمێنێت. دووەم، گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە ئەوەیە کە دانپێدانانێکی دەستوورییە بە نەتەوەی کورد.

**رووداو: ئێوە بەوە رازین کە کورد لە سووریا هەندێک مافی دیکەشی هەیە، نەک تەنیا مافی زمان و شتەکانی دیکە، بەڵکو مافی لە خاکیشدا هەیە؟**

**جۆرج سەبرا:** یەکەم، گەلی کورد پێویستی بە شایەتی کەس نییە کە میللەتێکی ناوچەکەیە و لەسەر خاکی خۆی دەژیت. ئەمە راستییەکی مێژووییە. کورد لەهیچ شوێنێکی دیکەوە هاوردە نەکراوە. ئەمە وڵاتی خۆیەتی، وەکو عەرەب، وەکو ئاشووری، وەکو تورک، وەکو پێکهاتە بنەڕەتییەکانی دیکەی گەلی سووریا. شتێکی دیکەش هەیە. ئێستا ئێمە لە شۆڕشداین. هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی گەلی سووریا لەم شۆڕشەدا بەشدارن. هەندێک لە مافەکانی هەموو ئەم پێکهاتانە ونکراون، داوادەکەن ئەو مافانە بەهۆی دەوڵەتی هاووڵاتیبوونەوە بەدەستبێنن. دەوڵەتی دیموکراتی مەدەنی و فرە نەتەوە. لەبەر ئەوە ئەمڕۆ ئێمە دەڵێین: کاری بنچینەیی ئەوەیە کە کار لەسەر رووخاندنی رژێم بکرێت. هەروەها کردنەوەی دەرگا لەبەردەم سووریای نوێ. ئەوکاتە دەبێت دانوستاندنەکان لەسەرانسەری وڵات ئەنجام بدرێن، لەنێوان ئەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیانەدا، هەروەها لەنێوان خۆیاندا، بۆ دروستکردنی سووریای نوێ.

**رووداو: چ گەرەنتییەک هەیە کە سبەی رژێمێکی دیکە بێتە سەر حوکم و مافی کورد زەوت بکاتەوە؟**

**جۆرج سەبرا:** مافی هیچ کەسێک نییە داوای گەرەنتی بکات، مافی هیچ کەسێکیش نییە گەرەنتی بدات. ئەگەر ئێمە لەسەر گەرەنتییەکان قسە بکەین هەموو پێکهاتەکان دەتوانن ئەم جۆرە گەرەنتیانە داوا بکەن. ئیتر ئێمە بەو شێوەیە باری خۆمان گران دەکەین، هەروەها رەنجی خۆمان بە شتی لاوەکییەوە خەرج دەکەین.

دیارە ئەرکی سەرەکیمان رووخاندنی رژێمی ئێستایە و کردنەوەی دەرگای دەوڵەتی دیموکراتییە. گەرەنتی ئەوەیە کە هەمووان بەشداری لەم شۆڕشەدا بکەن.

● PYD دوا لایەنە مافی ئەوەی هەبێ لایەنەکانی دیکە بە وابەستەبوون بە ئەجێندای دەرەکی تۆمەتبار بکات

کوردیش لەم رووەوە کەموکوڕیی نییە. گەرەنتی دیکەش پێداگری و هەماهەنگی ئێمەیە، لەمەودوا. ئەویش پێکهاتووە. ئیدی مافی کوردیش وەکو مافی عەرەب بێت، وەکو مافی ئاشووری بێت، وەکو مافی تورکمان و پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە بێت.

**رووداو: پێشتر لە بەیاننامەیەکدا گوتت: لە سووریا هیچ هەرێمێکی کوردی نییە و پارچەیەکیش بەناوی کوردستانی سووریا نییە. ئایا هێشتا لەسەر ئەو بۆچوونەی؟**

**جۆرج سەبرا:** کورد لەسەرانسەری سووریا بڵاوبوونەتەوە. ناوچە کوردییەکان دیارن. ئەو گوندانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن ناسراون. هەروەها ژمارەیەکی زۆری کورد لە شارە گەورەکاندا دەژین. سەرەتا دەبێ رزگارمان ببێت، دواتر دەستدەکەین بە دانوستاندنی جددی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی گەلی سووریا.

**رووداو: قبوڵتانە کوردی سووریاش مۆدێلی باشووری کوردستان بکاتە نموونە بۆ دروستکردنی قەوارەیەک؟**

**جۆرج سەبرا:** ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دانوستاندنەی لە عێراق هەبوو، نەک بۆ یەک لایەن. بەڵکو بە هاوپەیمانی لەنێوان عێراقییەکاندا بوو. کورد و عەرەب. ئەوە بەهۆی پەیمانی جەزائیر بوو، دواتر بەهۆی زۆر پەیمانی دیکە لە ناوخۆی عێراقدا. ئێمە ئومێدەوارین کە بتوانین بەهۆی دانوستاندن بگەینە هەندێک هەماهەنگیی هاوشێوە. چونکە هەر کارێک ئەگەر تەنیا لایەنێک بیکات هیچ نرخێکی نابێت. هەر هەنگاوێک ئەگەر تەنیا لەلایەن گەلی عەرەب، یان گەلی کورد یان تورکمانەوە بنرێت هیچ نرخی نابێت. کارەکان ئەوکاتە نرخیان دەبێت کە بە هەماهەنگی نیشتیمانی بکرێن.

**رووداو: زۆر سیناریۆ بۆ سووریا دادەنرێن. لەوانەیە سووریا بکرێتە 3 بەش. ئێوە وەکو ئۆپۆزیسیۆن خۆتان بۆ ئەم سیناریۆیە ئامادە کردووە؟**

**جۆرج سەبرا:** من لە دەرەوەی سووریای یەکگرتوو، هیچ سووریایەکی دیکە نابینم. وەک ئەوەی لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا دروستببوو. دەوڵەتی سەربەخۆ، دەوڵەتی هەمووان کە لە زۆر سەردەمدا سەرۆک، سەرۆکی حکومەت، وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ کورد بووە و سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتەیان دەکرد. هەروەها نوێنەر، وەزیر و سەرۆکی پەرلەمان لە مەسیحییەکان بوون. یوسف ئەلعەزمە و ئیبراهیم هەنانۆ سەرکردەی ئێمەشن، نەک تەنیا سەرکردەی کورد. ئەوان سەرکردەی ئێمەی عەرەبیشن لە سووریا.

**رووداو: بۆچی ئێوە خۆتان لە مەسەلەی فیدراڵی و سیستەمی فیدراڵی دەدزنەوە. هۆکارەکە چییە؟**

**جۆرج سەبرا:** مەسەلەی دەوڵەتی فیدراڵی بابەتێکە وابەستەی هەموو سوورییەکانە. هیچ پێکهاتەیەک مافی ئەوەی نییە ئەم سیستەمە لەسەر ئەوانی دیکە بسەپێنێ. سووریای تازە بۆ دانوستاندنی ئازاد کراوە دەبێت. هەر کاتێک هاووڵاتیانی سووریا جۆرە سیستەمێکیان بە هەماهەنگی بۆ وڵاتی خۆیان دەستنیشانکرد، دەکرێ هەموو لایەک رووی تێبکات. هەر چۆنێک بێت کاتمان هەیە و هیچ شتێکی قەدەغەکراویش لەبەردەم خەڵک نییە. بەڵام هەر شتێک لە کاتی خۆیدا دێت و لەسەر داواکاری هەموو سوورییەکان دەبێت. چارەنووسی سووریا وەکو دەوڵەت مافی هەموو پێکهاتەکانیەتی.

**رووداو: لە رۆژئاوای کوردستان 3 کانتۆن دروستکراون و بووەتە واقیع. ئێوە چۆن رەفتاریان لەگەڵ دەکەن؟**

**جۆرج سەبرا:** هێشتا پێموانییە بووبێتنە واقیع. هێشتا پرۆژەیە. بەداخەوە پرۆژەیەکە کە تەنیا یەک پارتی کوردی ئەنجامی دەدات، ئەویش پەیەدەیە. بەڵام ئەجێندایەک جێبەجێ دەکات بە هاوکاری

● PYD ئەجێندایەک جێبەجێ دەکات بە هاوکاریی رژێمی سووریا

● هێشتا سێ کانتۆنەکەی PYD نەبوونەتە واقیع

رژێمی سووریا. ئێمە دەزانین گەلی کورد لەگەڵ ئەم کارەدا نییە. تەنانەت ئەو پارتە سیاسییە کوردیانەی لە چوارچێوەی سووریاشدا بیردەکەنەوە، لەگەڵ ئەم کارە نین.

نوێنەری راستەقینەی کورد، مەبەستم ئەوانەی بەشدارییان لە شۆڕشدا کردووە، مافی خۆیانە نوێنەرایەتی داواکاری گەلی سووریا بکەن بەهاوبەشی لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەی سووریا لە مەسەلەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی رژێم. ئەمانەن نوێنەرایەتی حەز و خواستی کورد و سوورییەکان دەکەن.

پێموایە ئەوەی ئێستا هەیە دۆخێکی کاتییە و نوێنەرایەتی تاکە پارتێک دەکات. هەروەها زۆر هێمای پرسیاریش لەسەری هەیە، لەلایەنی کوردی و سووریشەوە.

دەستی رژێمەکە دیارە لە پشتیوانیکردنی ئەم پرۆژەیە و سەرپەرشتیارانیدا. پێموانییە رژێم پشتیوانی پرۆژەیەک بکات کە لە بەرژەوەندی کورد و هەموو گەلی سووریادا بێت.

**رووداو: PYD دەڵێ ئێوە سەر بە لایەنی دەرەکین، ئێوە سەر بە تورکیان و بەپێی هەندێک ئەجێندا کاردەکەن؟**

**جۆرج سەبرا:** لەوانەیە PYD دوا لایەن بێت کە بۆی هەبێ باسی لایەنەکانی دیکە بکات و تۆمەتباریان بکات بە وابەستەبوون بە ئەجێندای دەرەکی. پەیوەندییەکانی ئەو پارتە لەگەڵ رژێمی سووریا و رژێمی ئێران، شتێکی شاراوە نییە بۆ هەموو کەسێک ئاشکرایە. مەسەلە ئەجێندا نییە، دیارە شۆڕشی سووریا و پەنابردن بۆ چەک پێویستی بە هاوکاری هەبوو لەلایەن دۆستان و وڵاتانی دەوروپشت، ئەمەش شتێکی ئاساییە. ئێمە لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا، ئاراستەی پەیوەندییەکان بەرووی یەک لایەندا نابەین. ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی هەیە

● پەیوەندی نێوان PYD و رژێمی سووریا و ئێران شتێکی شاراوە نییە

کە هاوڕێمانن. هەروەها وڵاتانی وەکو تورکیا و عێراق و بەشێوەیەکی تایبەتیش هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان یەکەمین یارمەتیدەری شۆڕشی سووریا بووە. هەروەها یەکەمین پەناگە بوو بۆ سوورییەکان بۆ خۆپاراستن لە زۆرداریی رژێمی سووریا. دیارە هەموو پێشێلکارییەکان لەلایەن رژێمەوە نەبووە. هەندێکجار سوورییەکان لەلایەن هێزی دیکەشەوە کە خۆیان وەکو واقیع دەبینن، رووبەڕووی زوڵم و زۆر دەبنەوە، ئەو هێزانەی کە لێرە و لەوێ دەبینرێن.

**رووداو: هەست بەوە ناکەن کە بەتایبەتی لە هەرێمی قامشلۆ سەر بە پارێزگای حەسەکە فیتنەگەری لەنێوان کورد و عەرەبدا دەستپێکراوە؟**

**جۆرج سەبرا:** ئومێدەوارین نەگاتە ئەو ئاستەی کە ناوی فیتنەی لێبنێین، بەڵام مەترسی راستەقینەش هەیە. ئێمەی سووری دڵمان خۆشبوو بەوەی کە پارێزگای حەسەکە لە هەموو پارێزگاکانی دیکەی سووریا کەمتر توندوتیژی بەخۆوە بینیوە و خوێنی هاونیشتیمانیانی سووری لەوێ کەمتر دەڕژا. بەداخەوە ئێستا بەهۆی شەڕی نێوان پەیەدە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام قوربانی لێدەکەوێتەوە.

راپۆرتە هەواڵییەکان باسی ئەوەیان کرد کە ژمارەیەک گوندی عەرەبنشین سووتێنراون و گوندنشینان دەربەدەر کراون و ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵانیش بوونەتە قوربانی، ئەمە بەدبەختییە. ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری دا کۆمەکی مرۆیی رەوانەی سووریا بکرێت. سووریاش هەندێک مەرجی هەبوو کە ئەگەر سەروەریی سووریا بپارێزرێت ئەوکاتە دەکرێ کۆمەکیش بگاتە ئەو وڵاتە.

**رووداو: ئایا ئەو کۆمەکانە دەگەنە هەرێمە کوردییەکانیش، یان تەنیا لە ناوچەی وەکو شام و حمس و هەندێک شوێنی دیکە دابەش دەکرێن؟**

**جۆرج سەبرا:** بێگومان دەگەن. بەشێکی پلانەکە ئاشکرا بووە کە فڕۆکەکان هاوکاری دەگەیێننە هەولێر و لەوێشەوە بە ئارامی دەگوازرێنەوە بۆ پارێزگای حەسەکە. بەمشێوەیەش هاونیشتیمانی سووریای دانیشتووی پارێزگاکانی باکووریش دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەم کۆمەکە نێودەوڵەتییە کە بەهۆی هەولێرەوە دەچێت بە ئاسانی و ئارامی.


**رووداو: لەم دواییانەدا هاتوچۆ لەنێوان هەولێر و ئۆپۆزیسیۆندا هەیە. ئێوە داوای چی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

**جۆرج سەبرا:** یەکەم، ئێمە هاتووین سوپاسی ئەو حکومەتە بکەین. سوپاسی گەلی کورد لەم هەرێمە بکەین. چونکە هەست بە راستیی هەڵوێستی هەرێم، حکومەت و گەلی خۆمان دەکەین. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین بەردەوامیی ئەم پشتیوانیکردنەیە لە شۆڕش، ئەم هەڵوێستە راستەقینەیە. چونکە هەرێمی کوردستان پەنجەرەیەکە بەهۆیەوە هەناسە دەدەین. هەرێمی کوردستان پەنجەرەیەکی رزگارییە بۆ هاووڵاتیانی سووریا لەو کاتانەی کە رووبەڕووی رەوشی نالەبار دەبنەوە لەژێر بۆردومانی بەرمیلە بارووتەکانی بەشار ئەسەد. یانیش لەو کاتانەی کە پێکدادانی توند روودەدەن. ئێمە ئەو هەڵوێستە لەنێو کەمپەکانی پەنابەریدا دەبینین.

هەروەها ئێمە ئومێدەوارین حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت رۆڵێک بگێڕێ بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئەو فیتنەیەی کە رژێم و سیخوڕەکانی هەوڵدەدەن لە پارێزگای حەسەکە هەڵیگیرسێنن. پێمانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک مەسعود بارزانی رۆڵێکی گرنگیان هەیە لەم بوارەدا. چونکە ئەو نەک تەنیا لەنێو نێوەندە کوردییەکاندا قورسایی خۆی هەیە، بەڵکو لەنێو نێوەندە عەرەبییەکانیشدا.

ڕووداو هونەری
ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3

## مریام فارس دێتە هەولێر



**ڕووداو – هەولێر**

وا بڕیارە لە ناوەڕاستی ئەو مانگەدا کچە گۆرانبێژی لوبنانی مریام فارس بێتە هەولێر. لە درێژەی هاتنی هونەرمەندانی عەرەب بۆ سازدانی کۆنسێرت لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، وا بڕیارە هونەرمەند مریام فارس بێتە هەولێر. هاتنی ئەو هونەرمەندە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی هەولێر پایتەختی گەشتیاری عەرەبی بۆ ساڵی 2014دایە. بڕیار وایە لە ناوەڕاستی ئەو مانگە فێستیڤاڵی (ئازادی و نەورۆز) لە شاری هەولێر دەست بە چالاکییەکانی بکات. لەو فێستڤاڵەدا چەندین کۆنسێرتی هونەری بە بەشداری هونەرمەندانی کورد و بیانی ساز دەکرێن.

## ئاینور دۆغان

# لە هەموو ئەلبوومەکانمدا نیشانی دەدەم کە دێرسیمیم



ئەلبوومی نوێی کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان ئاینور دۆغان لە کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا بەناوی (هەڤرا) لەلایەن دەزگای سۆنی میوزیک کلاسیک بەرهەمهێنرا و بڵاوکرایەوە. پڕۆدیوسەری ئەلبوومەکە خافێر لیمۆن، موزیکژەنی ناوداری ئیسپانی بوو. ئەلبوومەکەی ئاینور لەم مانگەدا لە سەرتاسەری جیهان لەلایەن کۆمپانیای (سۆنی)یەوە بڵاودەکرێتەوە.

لەسەری ساڵەوە ئاینور دۆغان بۆ ناساندنی ئەلبوومەکەی کۆنسێرت دەکات. هەفتەی ڕابردووش لە هۆڵی (جۆلی جۆکەر) لە ئیستانبوڵ کۆنسێرتێکی سازکرد. دوای تەواوبوونی کۆنسێرتەکەی (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

هەڤپەیڤین: سەیدخان کوریژ
ڕووداو – ئیستانبوڵ

**ڕووداو: ئەم کۆنسێرتەی ئیستانبوڵ بەلای تۆوە چۆن بوو؟**

**ئاینور دۆغان:** بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە گوێگر بە دڵخۆشییەوە لەدوای کۆنسێرتەکە بگەڕێنەوە ماڵەکانیان. ئەوەی دوای کۆنسێرتەکە پێمانگەیشت، بەشداربووان بە خۆشاڵییەوە گەڕانەوە. ئەوەش زیاتر هێز و ورەم دەداتێ.

**ڕووداو: وا دیارە کە ئەلبوومی (هەڤڕا) دەنگدانەوەی زۆر بووە.**

### ناوی ئەلبوومەکەم (هەڤڕا) بۆ گەیاندنی پەیامێکە

**ئاینور:** دەنگدانەوەی باشی هەبووە، گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەم، ئەوانەی لە کۆنسێرتەکانم پێشکەشم کردوون، لەلایەن گوێگرانەوە جێی بایەخ بوون. بۆ ناساندنی ئەلبوومەکە زۆر کۆنسێرتم ساز کردوون. هەموو چالاکییەکانمان سەرکەوتوو بوون، وادیارە خەڵک زۆر حەزیان لەم بەرهەمەیە. کارکردن لەم ئەلبوومەدا کارێکی گەرموگوڕ بوو، دیسانیش بەکارهێنانی گیتار سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشاوە. لەم ئەلبوومەماندا کارمان لەگەڵ پرۆدیوسەرێک کردووە کە لە سەرتاسەری جیهاندا ناودارە. بۆیەش ئەلبوومەکەم هەر زوو جەماوەرێکی زۆری بۆ خۆی ڕاکێشا.

**ڕووداو: دەتوانی باسی ئامادەکارییەکانی ئەلبوومی (هەڤڕا) بکەی؟**

**ئاینور:** سەرەتا لەگەڵ هونەرمەندانی وەکو (موجەرەس دە ئاکواس، بوک، یاسەمین لەڤ، مارزا، ئەلەفتەرا ئارڤانتاک) بۆ ئەم پرۆژەیە کۆبووینەوە. پێش دوو ساڵ بڕیارماندا کە پێکەوە ئەلبوومێک **ئامادە بکەین. دوای هەڵبژاردنی گۆرانییەکان، دروستکردنی ئەلبوومەکە ساڵێکی پێچوو.**

**ڕووداو: تۆ چۆن بە کەسێکی ئیسپانی وەکو خافێر لیمۆن گەیشتی؟ لیمۆن چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەلبوومەکە هەبوو؟**

**ئاینور:** من پێش ئەم پرۆژەیە لەگەڵ خافێر لیمۆن لە کارێکدا بەناوی ژنانی بەهاری سپی (Mujeres de Aqu) کارمان کردووە. هەردووکمان لەڕووی کواڵێتییەوە بەو کارە هاوبەشە خۆشحاڵ بووین. لەسەر ئەوە بڕیارماندا کە ئەلبوومێک دروستبکەین. بێگومان لیمۆن کاریگەری لەسەر ئەلبوومەکەم هەبووە، چونکە ئەو لە هەموو دنیا کەسێکی ناسراوە، پەیوەندی لەگەڵ جیهانی موزیک زۆر باشە و پسپۆڕی کاری خۆیەتی. ئەو بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبوومەکە هەموو ڕێگایەکی پێشاندام وەکو ڕاوێژکارێک. زۆر سوودمان لە ئامۆژگارییەکانی ئەو وەرگرت.

**ڕووداو: زۆربەی ئەلبوومەکان ناوی خۆیان لە گۆرانییەک وەردەگرن، بەڵام ئەلبوومەکەت هیچ گۆرانییەکی بەناوی (هەڤڕا) تێدا نییە، بۆچی؟**

**ئاینور:** من ئەو ناوەم بۆ گەیاندنی پەیامەکەم هەڵبژارد، هەندێجار گۆرانی دەتوانێت وا بکات کە ناو لە ئەلبووم بنێت، هەندێکجاریش ئەلبووم بەتەواوەتی واتایەک دەگەیەنێت. ئەمە پرۆژەیەک بوو، لە زۆر وڵاتەوە هونەرمەند بەشداریی لەم ئەلبوومەدا کردووە. بەم شێوەیە بووە کارێکی پێکەوەیی. من لە گۆرانی (پەس ناریێ)دا ئەو پێکەوەبوونەم دروستکرد.

**ڕووداو: تۆ لە هەموو ئەلبوومەکانتدا یەک دوو گۆرانی زازاکی یان تورکیشی تێدەکەی. ئایا ئەوە مەرجە؟**

**ئاینور:** لەهەموو ئەلبوومەکانمدا بەزمانەکانی دیکە کە من دەیانزانم، 1-2 گۆرانی دەڵێم. ئەوە بۆ من هەم مەرجێکە، هەمیش لەگەڵ زمانەکانی دیکە دانوستاندنێکی موزیکییە.

### مەرجە لە ئەلبوومەکانمدا گۆرانییەکی تورکی هەبێت

**ڕووداو: خۆت خەڵکی دێرسمی، بەڵام یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەت ناوی دیاریەکرە، بۆچی؟**

**ئاینور:** لەهەموو ئەلبوومەکانمدا ناسنامەی من وەکو دێرسمی ئاشکرایە. لەبەر ئەوە من ڕۆشنبیریی خۆم، تێگەیشتنی خۆم و ئەزموونی خۆم لە موزیکدا لە ڕەسەنی خۆمەوە وەردەگرم. من لەهەر ئەلبوومێکمدا گۆرانییەکی زازاکی دەڵێم، بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆم وەکو خەڵکی دێرسم بەبیر گوێگران بهێنمەوە. کاتێک کە ئەندامانی PKK لە دەرگای خابوورەوە گەیشتنەوە باکووری کوردستان، گۆرانی (دیار بەکر)م بۆ گەشانەوەی ئومێدی ئاشتی دروستکرد. ناوی دیاربەکر بۆ ئومێدی ئاشتی گەلی کورد خاوەن هێمایەکی گرنگە.

**ڕووداو: بۆ داهاتوو چ پلانێکتان هەیە؟**

**ئاینور:** سەرەتا بۆ ناساندنی ئەلبوومی (هەڤڕا) لە مانگی ئاداردا کۆنسێرت لە ئیستانبوڵ، ئیزمیر، ئەنقەرە، بۆرسا و ئەنتاڵیا سازدەکەم. لەمانگی نیساندا لە سەرتاسەری ئەوروپا کۆنسێرت دەکەم. هەروەها لەگەڵ میوزیکژەن هاوینیاز کوارتەت، لە هۆڵی ئۆرکێسترای مۆرگنلاند کۆنسێرتێک ساز دەکەین کە هونەرمەندان کەیهان کەلهوڕ، سەلمان جامبارۆڤ و جەمیل قۆچگری بەشداریی تێدا دەکەن.



**ئاینور دۆغان:**

ساڵی 1975 لە ناوچەی چەمی شگەزەکی سەر بە دێرسم لەدایکبووە. لە ئیستانبوڵ میوزیکی خوێندووە.
ساڵی 2002 یەکەم ئەلبوومی خۆی بە ناوی (پێشین) بڵاوکردووەتەوە.
جگە لە گۆرانیگوتن بەشداری چەند کارێکی سینەمایی و تەلەفزیۆنیی کردووە. لەنێوخۆ و دەرەوەی تورکیا بەزمانی کوردی و تورکی کۆنسێرتی کردووە.
ساڵی 2004 ئەلبوومێکی بەناوی (کەچا کوردان) لەلایەن دەزگای کالان موزیکەوە بڵاوکرایەوە کە لە میدیای تورکی و نێودەوڵەتیدا لەسەری نووسرا. هەروەها ئەم ئەلبوومە چووە سەر گۆڤاری فۆڵک ڕۆتز (Roots) کە لە بەریتانیا بڵاودەبێتەوە.
ساڵی 2005 ئەلبوومێکی بەناوی (نووپەل) و لەساڵی 2010دا ئەلبوومێکی دیکەی بەناوی (ڕەوەند) بڵاوکردەوە.



## ڕۆژین:

# بە سەماکردن مەست دەبم

ماوەیەک لەمەوبەر چەند برادەرێک لەگەڵ کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان ڕۆژین لە کافیتریایەکی لاتینیی شاری کوێلنی ئەڵمانیا بووین. لەگەڵ دەستپێکردنی میوزیک، ڕۆژین چووە سەر سەکۆ و دەستی بە سەما کرد. دیاربوو زۆر حەزی لە سەماکردن بوو. دوای ماوەیەکی کورت ئیدی ڕۆژین ئەستێرەی کافیترياکە بوو. ئەو خەڵکەی کە لەسەر سەکۆ سەمایان دەکرد دانیشتن و بە سەرسوڕمانەوە سەیری سەمای ڕۆژینیان دەکرد. دوای تەواوکردنی سەماکەی، (ڕووداو) هەڤپەیڤینێکی تایبەتی لەبارەی سەما لەگەڵ سازکرد.

یادۆ جوان
ڕووداو – کوێلن

**ڕووداو: سەماکردن چ مانایەکی هەیە بۆ تۆ؟**

**ڕۆژین:** سەماکردن بۆ من ئازادی دەنگی دڵمە. ئەگەرچی لە سەماکردندا دەنگێکی بەرز هەیە، بەڵام بێدەنگییەکی گەورەش هەیە. مرۆڤەکان لە کێشە و ئازارەکانی ژیان دووردەخاتەوە.. خۆشە، زۆر خۆشە. سەماکردن وزەی ژیانە و جوانییەکی گەورەیە. هەروەها ئازادیشە، مرۆڤەکان بەهۆی سەماکردنەوە جەستە و دەروونیان پەروەردە دەکەن. بەکورتی سەماکردن خۆشەویستییەکی گەورەیە.

**ڕووداو: حەزت لە چ جۆرە سەمایەکە؟**

**ڕۆژین:** من حەزم لە هەموو جۆرە سەمایەکە، بەڵام بە تایبەتی ئەو سەمایانەی کە بەشێوەی تاک دەکرێن. وەکو زۆربەی سەماکانی ئەمریکای لاتین. زۆر حەزم لە سەمای ساڵسا، چاچا و سەمای دیکەی هاوشێوەیە. کە دەنگی ئەو میوزیکانە دەبیستم، خۆم پێ ڕاناگیرێت. ئەو ڕیتمانەی سەما، وەکو "با"یەک وایە کاتێک لە گەڵای دارەکان دەدات، مرۆڤەکانیش بەبێ ویستی خۆیان بەرەو سەماکردن دەبەن و مرۆڤی پێ مەست دەبێت. من هەروەها حەزم لە سەمای کوردییە کاتێک دەستی کەسێک دەگرین کە ناشیناسین و شایی لەگەڵدا دەکەین. ئەمەش خۆشییەکەی جیاوازە. ئێمەی کورد زۆرباش شایی دەکەین. بەڵام هەموو شتەکانمان میللی و کۆمەڵایەتین. ئەگەر شاییەکە بە ستایلێکی مۆدێرن بێت وەکو ئەوەی (شەمامێ)، ئەوکاتە مرۆڤ دەتوانێ زۆر بە جۆش و خرۆشتر سەما بکات.

من زۆر حەزم لە تانگۆ و سەمای ئەمریکای لاتینە. هەمووی جوانییە، هەندێکجار ریتمەکانی وشکن، هەندێجار نەرم و هەندێکجاریش لە نێوان هەردووکیدا هاتوچۆ دەکەن.

### زۆر حەزم لە سەمای ساڵسا و چاچایە

### بێدەنگییەکی گەورە لە نێو سەماکردندا هەیە

**ڕووداو: تۆ لە کوێ سەما دەکەیت؟**

**ڕۆژین:** لە هەر شوێنێک کە میوزیک هەبێت دەتوانم سەما بکەم، لە شایی، کافیتریا و دیسکۆیەکانیش. من ئەو کەسە نیم کە هەستەکانم بشارمەوە. ئازادانە لە تورکیا و لە وڵاتانی ئەورووپاش هەمیشە هەوڵدەدەم شوێنێکی سەماکردن بدۆزمەوە.

**ڕووداو: لەگەڵ سەما و هەڵپەڕکێی کوردیدا چۆنیت؟**

### هەڵپەڕکێی کوردی خۆشە بەڵام گێژت دەکات

**ڕۆژین:** هەڵپەڕکێی کوردی خۆشە، بەڵام کە لە شایی و کۆنسێرتەکاندا بۆ ماوەی چەندین کاژێر هەڵپەڕکێ دەکرێت، مرۆڤ گێژ دەبێت. هەر بەشێکی کوردستان ستایلێکی هەیە، ئێمەی باکووری لە کاتی هەڵپەڕکێدا هەموو ئەندامانی جەستەی خۆمان دەهەژێنین. باشوورییەکان زیاتر سەری خۆیان دەلەرزێنن. ڕۆژئاواییەکان زۆر دڵخۆشن و هەڵپەڕکێی هەموو پارچەکان دەکەن. ڕۆژهەڵاتییەکانیش زیاتر شانی خۆیان دەلەرزێنن. هەڵپەڕکێی کوردی سەمایەکی بەکۆمەڵە و دەبێ هەموو شتێک بەیەکەوە ئەنجام بدەیت و بەشێوەی تاک نابێت. من حەزم لە سەمای شەمامێیە.



ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3

## لە بەریتانیا گەنجێکی کورد بە 24 ساڵ حوکم دەدرێت



**ڕووداو – بەریتانیا**

دادگایەکی بەریتانیا سزای 24 زیندانی کردنی بەسەر گەنجێکی کوردی باشووری کوردستان سەپاند. ئەو گەنجە کە ناوی حەسەن عەبدوڵڵایە و تەمەنی 33 ساڵە، لەگەڵ سێ گەنجی دیکە تۆمەتبارکرابوون بە دەستدرێژی کردنە سەر منداڵانی کچ لە بەریتانیا. دوای ئەوەی تاوانەکەیان بەسەردا ساخ بووەوە، حەسەن بە 24 ساڵ زیندانی کردن سزا دراو سێ هاوڕێکەشی، کە لەو بچووکترن هەر یەکەیان بە 5 ساڵ، 12 ساڵ و 16 ساڵ سزا دران. حەسەن هەروەها تاوانبارە بە بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر و چەک و دامەزراندنی گروپێک کە تاوانیان ئەنجام دابوو.

### گەنجترین کاندیدی کورد بۆ پەرلەمانی ئەورووپا:

# من سوێدییەکی سۆسیال لیبراڵی کوردم

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

شوکری دەمیر، لە تەمەنی 11 ساڵیدا لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکانی سوێد لە ڕێکخراوە خوێندکاری و گەنجانەکاندا دەستی بەکار کردووە، دواتر خۆی لەنێو لیبراڵەکاندا دۆزیوەتەوە و ئێستا گەنجترین کاندیدە بۆ پەرلەمانی ئەورووپا لەسەر لیستی پارتی گەلی لیبراڵی سوێد.

شوکری دەمیر، 19 ساڵ، کە خەڵکی باکووری کوردستانە و ئێستا لە سوێد نیشتەجێیە، دەڵێت پێشتر چەند پارتێکی سوێدی تاقیکردووەتەوە، دواتر گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە پارتی گەلی لیبراڵ (فۆڵک پارتیت) نزیکترین پارتە لە بۆچوونەکانی ئەو "پارتی گەلی لیبراڵ بەرنامەیەکی ستراتیژی بۆ باشتربوونی کۆمەڵگە و پرسی کورد هەیە". گوتیشی "تێگەیشتنی دەوڵەتیان هەیە، ئەمە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا بۆئەوەی کاریان لەگەڵ بکەم".

پارتی گەل باوەڕی تەواوی بە فیدراڵییەت هەیە. بۆیە وەک شوکری و زۆر لە کوردەکانی دیکەی نێو ئەو پارتەش دەڵێن "ئەمە تێڕوانینێکی واقیعیانەیە لە دەرەوەی سۆز بۆ پرسی کورد".



### لە چەپەوە بۆ ڕاست

زۆرجار ڕەخنەی سەنگەرگواستنەوە لە پارتێکەوە بۆ پارتێکی دیکە لە کوردی تاراوگەنشین دەگیرێت، بەتایبەت لە چەپ بۆ ڕاست. ئەوە شوکریش دەگرێتەوە کە لە ڕێکخراوی گەنجانی سۆسیال دیموکراتەوە چووە پاڵ پارتی گەلی لیبراڵ، لەکاتێکدا ئەوانە دوو پارتی پێچەوانەی یەکن.

شوکری دەمیر لەوبارەیەوە دەڵێت "من لە بنەماوە کەسێکی سۆسیال لیبراڵم و باوەڕی تایبەتیی خۆم هەیە و لەسەر ئەو بنەمایەش بەرنامەی سیاسیی خۆم بینا دەکەم". هەروەها دەڵێت "سۆسیال لیبراڵ باڵانسێکە لە نێوان حکومەت و گەل".

دەمیر پێیوایە پارتێکی وەک گەلی لیبراڵ کاریگەری لەسەر تاکێکی بەشدار هەیە، چونکە "کاریگەری لەسەر تاکێکی کارکەر و بەرهەمهێنەر هەیە". ئەمەش زۆرجار پارتە سۆسیالیستەکان تاوانبار دەکات بەوەی تا ئێستا کاریگەرییان لەسەر تەمبەڵبوونی تاک هەیە. بەڵام دەمیر نکۆڵیش لەوە ناکات کە باوەڕی سۆسیالیستانەی هەیە بە جەستەیەکی لیبراڵی واقعی. بەم کۆمێنتەی ڕەنگە دەمیر بیەوێت بڵێ سۆسیالیست و چەپەکان، خەیاڵین.

یەکێک لەو بەرنامانەی پارتە ڕاستەکان بردوویانەتەوە بەهۆیەوە، کارکردنە لەسەر کەسانی ئەکادیمی و بەتوانا. ئەوەشە زیاتر چینە ئەکادیمی و بەتواناکانی لەم پارتە کۆکردووەتەوە. کەسانی بەتوانای وەک فردریک راینفێڵد، سەرۆک وەزیران و ئێندێرش بۆری، وەزیری ئابووریی سوید کە هەردووکیان کەسی یەکەم و دووەمی پارتی مۆدێراتن، کاریگەرییان لەسەر هێشتنەوەی پارتەکە و ڕاگرتنی ڕەوشی ئابووریی سوێد هەبووە.

بوونی ئەم مۆدێلەش بۆ پارتێکی وەک گەلی لیبراڵ، ئەندامە کوردەکانی دەخاتە ژێر هەمان بەرپرسیارێتی و ڕەنگە ئەوە بێت کە زیاتر کەسە ئەکادیمییەکانی لێ کۆکردبێتەوە. کامیل ئیسماعیل، ئەندامە تاقانە کوردەکەی سەرکردایەتی ئەو پارتە کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانە، دکتۆر و مامۆستای زانکۆ بووە و ئەمیش کە ڕەنگە ببێتە ئەندامێکی دیکەی پەرلەمان لەسەر لیستی هەمان پارت، بەهەمانشێوە پاشخانێکی بەهێزی ئاکادیمی و کارگێڕیی هەیە.

بەڵام شوکری دەمیر ڕەتیدەکاتەوە هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانە و دژە بیانی لە بەرنامەی ئەم پارتەدا هەبێت، بۆیە جەخت دەکاتەوە لەوەی "پرسی کورد و گەلان تەنیا لای پارتە ئۆپۆزیسیۆن و چەپەکان نییە".

### "بەناوی کوردەوە دەچمە پەرلەمانی ئەورووپا"

دەمیر کۆلێژی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم تەواو کردووە و ئێستا بەرپرسی یەکەی کارگێڕییە لە دەزگای کۆچی سوێد و بڕیار لەسەر ئەو کەیسانە دەدات کە دەچنە خانەی مافی پەناهەندەیی لە وڵاتی سوێد. دەمیر دەڵێت "من خۆم زۆرترین کاتی ئیشم لەگەڵ تاراوگەنشینانە". لەبارەی بەرنامەی پارتەکەشی دەڵێت "پارتی گەل دەیەوێت سنوور بکاتەوە، هەم بۆ سوید، هەم بۆ ئەورووپا". بەڵام پارتەکەیان دژی بەقاچاخبردنی پەنابەرانە و دەڵێت "کار دەکەین لەسەر ئەوەی لە خودی وڵاتەکان ڤیزا بەو کەسانە بدرێ و دووربکەونەوە لە ڕێگەی قاچاخ".

سەبارەت بە بەرنامەکانی بۆ پەرلەمانی ئەورووپی، ئەو دەڵێت "من وەک گەنجێک لە ماڵباتێکی سیاسیدا گەورە بووم و هەمیشە ئەو پرسیارەم هەبووە بۆ کورد ئەو زەحمەتییە دەبینێ و هەمیشە لەبەردەم چەوسانەوەیەکی نێودەوڵەتیدایە".

دەمیر پێیوایە پەرلەمانی ئەورووپا وێستگەیەکی سەرەکی ئەوە بۆ کارکردن لەسەر پرسی کورد و جەختیشی کردەوە لەوەی کە وەک کوردێک دەچێتە پەرلەمانی ئەورووپا. گوتیشی "ئەسڵەن وەک کوردێک لە سوێدەوە ئەم مافەم بەدەستهێناوە، من سوێدییەکی سۆسیال لیبراڵی کوردم".

### قەرەج و مرۆڤایەتی، لە بەرنامەکانی دەمیردا

سەبارەت بە ئەگەری بەدەستهێنانی دەنگی سوێدی و غەیرە کوردەکانیش دەمیر دەڵێت "کورد کاری بنچینەییمە، بەڵام پرسەکانی سوێد و لەویش زیاتر پرسەکانی مرۆڤایەتی لە بەرنامەی ستراتیژیمە". هەروەها گوتی "لە ئەورووپا و جیهاندا زۆر پرس هەن لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە پێشێلکارین، وەک پرسی قەرەجەکان، ئەوەش لە بەرنامەی کاری منە".

ڕەخنەگرتن لە بیانییە سەر ڕەشەکان و لە نێویان کورد و نزمیی ئاستی بەشدارییان لە پرۆسەکانی دەنگدان، یەکێکە لە بابەتە هەنوکەییەکان. دەمیر لەوبارەیەوە دەڵێت "بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئەورووپا، کورد حەزیان بۆ بەشداری هەیە، بۆیە پێموایە ئەمجارەش بەشداری کارایان دەبێت".

دەمیر هاوکات لەسەر لیستی پارتەکەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ناوچەکەی خۆیان (کۆمۆنی سۆڵنا) دەکات کە لە چوارچێوەی هەڵبژاردنە سێیینەکەی سوێد، لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا لەم هاوینە بەڕێوەدەچێت.

دەمیر باوەڕی زۆری بە توانای کورد هەیە و دەڵێت "لە سوێد و زۆر وڵاتی دیکەی ئەورووپا، کورد لە تەواوی ناوەندە ئەکادیمی و خزمەتگوزاری و یاساییەکاندا هەیە". بە شانازیشەوە دەڵێت "مامۆستای ناسراو، پزیشکی ناسراو، کارمەندی ناسراوی کورد هەن".



**شوکری دەمیر**

سالی 1980 لە شاری ماردین لە باکووری کوردستان لەدایکبووە
لەساڵی 1985وە لەگەڵ خێزانەکەی لە سوێد نیشتەجێیە.
خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.
خوێندنی مامۆستایی و بەشی سیاسەت و مێژووی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم تەواو کردووە.
بەرپرسی کارگێڕییە لە دەزگای کۆچی سوێد.
ئێستا لەسەر لیستی پارتی گەلی لیبراڵ کاندیدە بۆ پەرلەمانی ئەورووپا.

### داوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری کۆچ دەکەن

# شارەکانی ئوسترالیا مۆمیان بۆ ڕەزا داگیرساند



**ئومێد بەرین**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە مەبەستی گیرسانەوەی لە وڵاتێکی ئەورووپا جانتای سەفەری کردە شانی، قەدەر فڕێیدایە ئوسترالیا و لەوێ بە گوللەی هێزەکانی کۆمپانیایەکی ئەمنی کوژرا.

ڕەزا بەراتی، 23 ساڵ، خەڵکی ناوچەی لۆوماری شاری سیروانی سەر بە پارێزگای کرماشان بوو، کوڕی خێزانێکی هەژار بووە و بە کاری نەوتفرۆشی توانیویەتی پەیمانگەی بیناسازی تەواو بکات.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ڕەزا لە مانگی 12ی 2013 لەگەڵ 64 پەناخوازی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە کەناراوەکانی ئوسترالیا لەلایەن هێزی دەریاوانیی ئەو وڵاتەوە دەستگیر کراون و گواسترانەوە بۆ گرتووخانەی مانوس لە باکووری ئوسترالیا، بەڵام دواتر هەر لەوێ لە کاتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی پەناخوازان بە گوللەی هێزەکانی کۆمپانیای G4S ی ئەمنی کوژرا.

یەکێک لە هاوڕێکانی ڕەزا لە گرتووخانەی مانوس بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە نزیکەی 1300 کەسین لە گرتووخانەی مانوس، ڕەزا لە کوڕە چالاک و باشەکان بوو، بەردەوام هەوڵی دەدا زمانی بەهێز بکات و ئینگلیزی فێر بێت، هاوکاری بنکەی تەندروستی گرتووخانەی دەکرد و هەموو کەس خۆشیدەویست".

ناڕەزایەتی پەناخوازان سەبارەت بە دۆخی نالەبار و ناڕوونی چارەنووسیان لە ڕۆژی 2014/2/17 لە گرتووخانەی مانوس دەستیپێکرد و شەوی دووەمی ناڕەزایەتییەکان تێکهەڵچوون لە نێوان پەناخوازان و هێزە ئەمنییەکان ڕوویدا، لە ئەنجامدا ئەو پەناخوازە کوردە کوژرا و 70ی دیکەش بریندار بوون.

وەزیری کۆچ و پاراستنی سنوورەکانی ئوسترالیا لە پرێس کۆنفرانسێکدا گوتی "هەواڵی کوژرانی پەناخوازێک بۆ ئێمە کارەساتە و ئێمە خۆمان بە هاوبەشی خەمی بنەماڵەکەیدا دەزانین، بەڵام ئەوان دەستیان دایە توندوتیژی".

ڕۆژی 18ی مانگ، ناسنامەی کوژراوەکە ئاشکرا بوو، بنەماڵەی ڕەزا بەراتی لە ڕێی باڵیۆزخانەی ئوسترالیاوە ئاگادار کرانەوە لە ڕووداوەکە. لەهەمان ڕۆژدا سەرۆکی گشتی کۆنسوڵەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە دانیشتنێکدا لەگەڵ کونسوڵی ئوسترالیا ناڕەزایەتی دەربڕی سەبارەت بە کوژرانی بەراتی.

مەرگی ڕەزا شەپۆلێکی ناڕەزایەتی بەدوای خۆیدا هێنا، لە شارەکانی "ئادیلاید، سیدنی، مێلبۆرن، ڤیکتۆریا، گۆڵدکاست، سینشێن کاست، پۆرت کامبل، داروین و کانبێرا" هەزاران مۆم بۆ گیانی ڕەزا هەڵکران و وێنەکانی بەرز کرانەوە.

هەروەها هاووڵاتیانی ئوسترالیا لە ئەمریکا، بەریتانیا و ئیتالیا ناڕەزایەتییان دەربڕی. ناڕەزایەتییەکان گەیشتنە نێو هۆڵی پەرلەمانیش. پارتی موحافیزەکار کە حکومەتی ئوسترالیای بەدەستەوەیە، بەرگری لە سیاسەتی توندی خۆی لەبەرامبەر پەناخوازان کرد.

ئادام بێندێنت، جێگری سەرۆکی پارتی سەوزی ئوسترالیا سەبارەت بە کوژرانی ڕەزا دەڵێت "گەنجێک پەنای بۆ ئێمە هێنا، بەڵام ئێمە چیمان کرد؟ کوشتمان".

هەروەها داگ کامیرۆن کەسایەتی ناسراوی پارتی کرێکارانی ئوسترالیا داوای کرد کە "وەزیری کۆچ و پاراستنی سنوورەکان دەبێ لەسەر کار لابدرێ، ئێمە کەسێکمان دەوێت کە سۆز و بەزەیی هەبێت".

توراب بەراتی، باوکی ڕەزا سەبارەت بە کوژرانی کوڕەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لە لایەن باڵیۆزخانەی ئوسترالیاوە لە تاران لە هەواڵی مەرگی ڕەزا ئاگادار کراینەوە، من هیچم لێیان ناوێ، تەنیا تەرمی کوڕەکەم بدەنەوە".

هەرچەندە باوکی ڕەزا ئامادە نەبوو قسە لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنەوەی تەرمی کوڕەکەی بکات، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە خێزانی ڕەزا بە (ڕووداو)ی گوت "باڵیۆزخانەی ئوسترالیا داوای 60 ملیۆن تمەن (20 هەزار دۆلار)ی لە بنەماڵەی ڕەزا کردووە بۆ ئەوە تەرمەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

باڵیۆزخانەی ئوسترالیا لە تاران ئامادە نەبوو سەبارەت بە دۆسیەکە قسە بکەن، تەنیا گوتیان بە نیازین لە ڕۆژانی داهاتوودا تەرمی ڕەزا بەراتی بگەڕێنینەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

### مۆڵەتی یەک مانگی دراوەتێ بۆئەوەی دانیمارێک جێبهێڵێت

# سنوورداشکردنەوەی کچە کوردێک پەرلەمانتارانی دانیمارک دێنێتە دەنگ

**دەنیز سەرنجی**
**ڕووداو- کۆپنهاگن**

کچێکی 18 ساڵانی کورد لە دانیمارک، میدیا و سیاسەتکارانی ئەو وڵاتەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. حکومەت دەیەوێت ئەو کچە سنووردا‌ش بکاتەوە بەهۆی ئەوەی کە "ناتوانێت تێکەڵی کۆمەڵگە ببێت"، بەڵام کچە کوردەکە دەڵێت لە چوار ساڵی ژیانیدا لە دانیمارک فێری زمان بووە، نمرەکانی خوێندنگەی بەرزکردووەتەوە و هەموو خێزانەکەشی لە دانیمارک دەژین.

دەسەڵاتدارانی دانیمارک دەیانەوێت سۆنگول یوکسەل بگەڕێننەوە بۆ کۆنیا لە تورکیا، چونکە بەقسەی دەسەڵاتدارانی دانیمارک، سۆنگول مەرجەکانی پێدانی کارتی نیشتەجێبوونی نییە. لە وەڵامی داواکارییەکی سۆنگولدا بۆ ئەوەی لە دانیمارک نیشتەجێ ببێت، فەرمانگەی کۆچی ئەو وڵاتە بە سۆنگولیان گوتووە ئەونەیتوانیوە بیسەلمێنێ کە دەتوانێت تێکەڵی کۆمەڵگەی دانیمارکی ببێت.

ئۆزلەم ئاکار، کارمەندی خزمەتگوزاریی پەنابەری لە دانیمارک دەڵێت "سۆنگول تا ساڵی 2009 لە تورکیا ژیاوە، نۆ ساڵی خوێندنی لە تورکیا تەواو کردووە. لە تەمەنی 14 ساڵیدا بۆ یەکەمجار هاتووەتە دانیمارک. ئێستا کەسێکی پێگەیشتووە و دەتوانێت خۆی بژیێنێت".

چەند سیاسەتمەدارێکیش پشتگیری خۆیان بۆ سۆنگول پیشانداوە و ئاماژەیان بە سەرکەوتوویی لە خوێندنگە و فێربوونی زمان و بوونی کەسوکاری لە دانیمارک داوە.

بەپێی بڕیاری فەرمانگەی پەنابەریی دانیمارک بێت، دەبێت لە ماوەی یەک مانگدا سۆنگول کەسوکار و هاوڕێکانی لە دانیمارک بەجێبهێڵێت و بچێت لە تورکیا لەگەڵ داپیرێکی 80 ساڵانی بژی، کە سۆنگول بۆخۆی دەڵێت زۆر بە کەمی دەیناسێت. سۆنگول یان دەبێت بە گوێرەی بڕیارەکە هەڵسوکەوت بکات، یان ڕووبەڕووی بەندکردن دەبێتەوە لەلایەن پۆلیسی دانیمارکەوە.



دەسەڵاتداران دەڵێن دایکی سۆنگول لە تورکیا دەژێت و دەتوانێت ئاگای لە کچەکەی بێت، بەڵام دۆکۆمێنتەکانی سۆنگول ئەوە پێشان دەدەن کە دایکی سۆنگول لە باوکی جیابووەتەوە و لەگەڵ کەسێکی دیکە هاوسەرگیری کردووە.

بەپێی ڕۆژنامەی پۆلیتیکەنی دانیمارکی، سۆنگول لە خوێندنی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی دانیمارکیدا بەرزترین نمرەی هێناوە.

سۆنگول دەڵێت "من خوێندنی ئامادەییم بە بەرزترین نمرەوە تەواو کردووە. ئەگەر ئەمە سەرکەوتن و تێکەڵاوی کۆمەڵگە نەبێت، ئیدی من نازانم چییە؟"

سیاسەتمەدارانی پارتە جیاوازەکان پشتگیری لە مانەوەی ئەو کچە کوردە دەکەن و داوا دەکەن ڕێگە بە مانەوەی بدرێت. کارینا لۆرێنتز، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیستی گەل دەڵێت "جێگەی باوەڕکردن نییە کەسانێک پێیانوابێت کە کچێک بەرزترین نمرەی ئامادەیی هێنابێت، ناتوانێت تێکەڵی کۆمەڵگە ببێ".

هەروەها ئینگەر ستۆیبەرگ لە پارتی لیبراڵ دەڵێت "کاتێک کە تۆ لە ئەدەب و خوێندنی کۆمەڵایەتیدا ئەوەندە باش بیت، مانای وایە حەزێکی زۆر و زانیارییەکی زۆرت لەسەر ئەوە هەیە کە چۆن کۆمەڵگەی دانیمارکی ڕێکخراوە".

هەروەها لارس ئەسلان ڕاسموسنی سۆشیال دیموکرات کە باوکی کوردە و دایکی دانیمارکییە، پێیوایە ئەم کەیسە دووڕوویی پێشان دەدات. ئەو دەڵێت "ئەندامانی گرووپی توندڕەوی ئیسلامی وەکو حیزبی تەحریر کە هەوڵدەدەن شەریعەت بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن و ئەندامەکانیان بە تاوانی دژەجوو تۆمەتبارن، ناکرێت ئەوان سنووردا‌ش بکرێنەوە، چونکە وڵاتینامەی دانیمارکییان هەیە، بەڵام سۆنگول کە کچێکی بە توانای ئامادەییە نابێت لێرە بمێنێتەوە. ئەمە جێگەی باوەڕ نییە! ئەمە یەکسانی نییە."

ڕەخنەکان وایان کردووە کە وەزیری دادی دانیمارک، کارن هەیکارەپ خۆی دەست بخاتە نێو کێشەکە. بڕیارە وەزیر لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا گفتوگۆ بکات و بزانێت کە دەکرێت یاسا بگۆڕدرێت تا سۆنگول لە دانیمارک بمێنێتەوە یان نا.

هەیکارەپ بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە "زۆر کەس هاوڕان لەسەر ئەوەی ناردنی کچێکی گەنج بۆ شوێنێکی نادیار و دوور لە خێزانی کارێکی ناڕەوایە". بەڵام لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە نەکرد کە ئەو بەڵێنی مانەوەی سۆنگول دەدات لە دانیمارک.

بەڵام پارتی گەلی ڕاستڕەوی دانیمارکی دەڵێت گۆڕینی یاسا بۆ ئەم بابەتە ڕێگەچارەیەکی باش نییە. مارتن هێنریکسن سەر بەو پارتە دەڵێت "ئەگەر یاسا بۆ سونگول بگۆڕین، واتا هەر کەسێک ئەگەر لە میدیاکاندا کەیسێک دروست بکات، دەتوانێت سوود لە یاسا وەربگرێ".







Contact us:
Iraq - Erbil Empire World
Empire Business Complex C3

Tel: 00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009
Email: info@falconiraq.com




تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن

Empire World
Building the Future

Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com

zagrosjet

zagros life

گۆڤارێکی مانگانەی تایبەتە بەناو فرۆکە
زاگرۆس جێت دەری دەکات
تۆڕی میدیایی ڕووداو ئامادەی دەکات

RÛDAW




بۆ ڕێکلام کردن لە گۆڤارەکە
پەیوەندی بکەن بە :
agency@sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

SIDAR AGENCY

ڕووداو
ژنان
ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3

## "شێوازی دەرهێنانی تەرمی دوو خوشکەکە لە کوشتنیان بە ئازارتر بوو"



**ڕووداو – سەیدسادق**

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی گەرمیان ئیدانەی شێوازی دەرهێنانەوەی تەرمی دوو خوشکەکەی سەید سادق دەکات. پاش ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە سنووری شارۆچکەی سەید سادق دوو خوشک دیارنەمان و دواتر تەرمەکانیان لە گۆمە ئاوێکدا لەلایەن پۆلیس دۆزرانەوە و بە پەت دەرهێندران، بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لە یاداشتێکدا بە توندی ئیدانەی شێوازی دەرهێنانەوەی تەرمی ئەو دوو خوشکە دەکات و دەڵێت "دیمەنی دەرهێنانەوەی تەرمەکان وەکو ڕووداوی گیان لە دەستدانیان بگرە بە ئازارتر و خراپتر بوو".

باوکی ڕازی نەبووە شوو بەو کەسە بکات کە خۆشیدەویست

# کەوسەر لە داخی باوکی خۆی دەخاتە ژێر ئۆتۆمبێل

### ئامۆزایەکی کەوسەر: 10 ڕۆژ بوو باری دەروونیی تێکچووبوو

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە وڵاتانی ئەورووپا زوو زوو چیرۆکی نائومێدی ئەو کەسانە بڵاودەبێتەوە کە خۆیان دەخەنە بەر شەمەندەفەرە تیژڕۆکان، کەوسەریش وەک ئەوان خۆی خستە ژێر ئۆتۆمبێلێک، دوای ئەوەی دڵخوازەکەی خۆی لەلایەن باوکییەوە ڕەتکرایەوە.

کەوسەر تەنیا چەند مانگێکی کەمی مابوو قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، خەونی گەورەی ئەو تەواوکردنی زانکۆ بوو، بەڵام پێش ئەو خەونە، خەونێکی دیکەشی هەبوو، ئەویش شووکردن بوو بەو کوڕەی کە خۆشیدەویست، بەڵام باوکی بووە بەربەست، ئەویش لە داخان خۆی خستە ژێر ئۆتۆمبێلێک و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کاژێر 11:30 خولەکی ڕۆژی 25ی شوباتی 2014، کچێکی دانیشتووی ناحیەی باتیفەی سەر بە قەزای زاخۆ بە ناوی کەوسەر ئەدیب، تەمەن 18 ساڵ، کە قوتابی پۆلی 12ی ئامادەیی بوو، لە ڕێگەی خۆ خستنە ژێر ئۆتۆمبێلێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

گەنجێکی دانیشتووی ناحیەی باتیفە، چیرۆکی خۆکوشتنی ئەو کچە گەنجەی بۆ (ڕووداو) باسکرد، بەڵام بەو مەرجەی ناوی بڵاونەکرێتەوە نەبادا کێشەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکە بۆ دروست ببێ.

ئەو گەنجە گوتی "کەوسەر نزیکەی دوو ساڵ بوو پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی ناحیەی باتیفە هەبوو. کەسوکاری کوڕەکە چەند جارێک هاتنە خوازبێنی کەوسەر، بەڵام باوک و دوو برای کەوسەر بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نەدەبوون".

ئەو گەنجە پێیوایە کەوسەر تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، ئەو دەڵێت "تەنانەت لە کاتی ڕووداوەکە دایکی کەوسەر ڕووی لە مێردەکەی و دوو کوڕەکەی کردبوو هاواری دەکرد مەیەنە سەر گۆڕی کچەکەم، ئێوە بوونە هۆی ئەوەی کچەکەم خۆی بکوژێت".

لە کوردستان زوو زوو هەواڵی خۆ خنکاندن و خۆکوشتنی کچان بڵاودەبێتەوە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ساڵی ڕابردوو لە سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان 36 ژن خۆیان کوشتووە (هەولێر 15 ژن، دهۆک 7 ژن، سلێمانی 8 ژن، گەرمیان 5 ژن و لە ڕاپەڕین یەک ژن خۆی کوشتووە). هەروەها لە ساڵی 2012دا 39 ژن خۆیان کوشتبوو.

ئەو ژنانە هەر یەکەیان بە هۆکاری جیا جیای وەک خۆخنکاندن بە پەت و لەچک، یان بە گوللە و چەقۆ کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، بەڵام حاڵەتەکەی کەوسەر زۆر دەگمەنە و ئەوە یەکەمجارە لە کوردستان کچێک لە ڕێگەی خۆخستنە ژێر ئۆتۆمبێلەوە خۆی بکوژێت.

وەک ئەوەی هەستی کردبێت ئەوە دوا ڕۆژەکانی ژیانیەتی، ئەو بەیانییە کەوسەر زۆر نائارام و بێ ئۆقرە دەرکەوتووە و داوای لە براژنەکەی کردووە لەگەڵی بچێت بۆ بنکەی تەندروستی ناحیەکەیان.

ئەو گەنجەی ناحیەی باتیفە باسی سات و چۆنیەتی خۆکوشتنی کەوسەری کرد و گوتی "کەوسەر لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە نەخۆشخانە هەوڵی داوە خۆی بخاتە ژێر ئۆتۆمبێلێک، بەڵام شوفێرەکە توانیویەتی خۆی لێ ڕزگار بکات، بۆ جاری دووەم دیسان دەیەوێت خۆی بخاتە ژێر ئۆتۆمبێلێکی دیکە، بەڵام شوفێری ئەو ئۆتۆمبێلەش زوو ستۆپ دەکات و ناهێڵێت بکەوێتە ژێر ئۆتۆمبێلەکەی، بەڵام جاری سێیەم خۆی دەخاتە ژێر ئۆتۆمبێلێکی گواستنەوەی چیمەنتۆی ئامادەکراو (میکسەر) سەرەتا شوفێرەکە لێی دێتە خوارەوە دەڵێت ئەوە چیتە، ئەویش دەڵێت کەمێک سەرم گێژ دەخوات، دوای ئەوەی شوفێرەکە سەر دەکەوێتەوە و ئاگای لە کەوسەر نامێنێت، کەوسەر خۆی دەخاتە ژێر تایەکانی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە و هەر لەوێ گیان لەدەست دەدات".

بەشار شیام، ئامۆزای کەوسەر دەڵێت ئامۆزاکەی 10 ڕۆژ بەر لەوەی خۆی بکوژێت ڕەوشی دەروونیی تێکچووبوو، بەڵام هۆکارەکەی نازانێت. بەشار گوتیشی "ئێمە سکاڵامان لەسەر کەس نییە، هەر دوای ڕووداوەکە شوفێرەکەمان عەفو کرد".

هەر لە بارەی خۆکوشتنی ئەو کچە گەنجە، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای زاخۆ بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمەش بەتەواوی نازانین چیرۆکەکە چۆنە، بەڵام کەسوکاری و خەڵکی ئەو ناوچەیە دەڵێن ئەو کچە تووشی نەخۆشیی دەروونی ببوو". گوتیشی "کەس سکاڵای لەسەر ئەو ڕووداوە نییە، بەڵام ئێمە لەبەر مافی گشتی شوفێرەکەمان بەپێی مادەی 24ی ترافیک دەستبەسەر کردووە".






# هاوس پارتی لە سلێمانی کێشە دەنێتەوە

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**

"هەر کاتێک بمەوێت شەوێکی تایبەت لەگەڵ هاوڕێکانم بەسەر ببەم، هەموومان کۆدەبینەوە و دەچینەماڵی یەکێک لە برادەرەکانمان کە دایک و باوکی لە ماڵەوە نەبێت". ئەمە قسەی شادی جەلال تەمەن 27 ساڵە کە لە دووکانێکی پۆشاکی ئافرەتاندا سەرقاڵی تاقیکردنەوەی جلوبەرگ بوو، زوو زوو بە دووکاندارەکەی دەگوت "عەزیزەکی تایبەت و جوانم بۆ هەڵبژێرە، بۆ هاوس پارتی دەچم".

هەرچەندە دووکاندارەکە لە هاوس پارتییەکەی شادی و هاوڕێکانی تێنەدەگەیشت، بەڵام شادی بەردەوام باسی خۆشیی ئەو شەوەی دەکرد "پێشتر لەگەڵ هاوڕێکانماندا لە کافتریا یان لە چێشتخانە یاخود لە ئاهەنگێکدا یەکترمان دەبینی، ئەویش دایکم هەزار تەلەفۆنی دەکرد کە خێرا بگەڕێمەوە ماڵەوە، ئەوەش بە من ناکرێت".

شادی زیاتر باسی هاوس پارتی دەکات و دەڵێت "هەر شەوێک هاوس پارتیمان هەبێت بەدزی دایکمەوە سەعات 12ی شەو دەچمە دەرەوە و لەشوێنی نووستنەکەم سەرین دادەنێم، بۆ ئەوەی هەر کاتێک سەیریان کرد، بزانن لەناو جێگادام". گوتیشی "هاوس پارتی زۆر خۆشە و ئازادم لەوەی چی دەکەم و چی ناکەم".

ئەم ئاهەنگە کە پێیدەڵێن هاوس پارتی (ئاهەنگی ماڵ) زیاتر لە وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان لەوانەش لە ئێران دەکرێت، ئێستا گەنجانی سلێمانی شەوان لە ماڵێکدا بەدزی دایک و باوکیانەوە کۆدەبنەوەو تا بەرەبەیان ئاهەنگ و هەڵپەرکێ سازدەکەن.

ڕەوا محەممەد، گەنجێکی دیکەیە لەو گەنجانەی زۆر حەزی لە هاوس پارتییە و هەر شەوێک ئاهەنگ بکەن بەشداریی دەکات "لەبەر ئەوەی بەڕۆژ سەرقاڵی ئیشم، هەر دەبێت شەوان بچمە دەرەوە و ماندووبوونی خۆم دەربکەم، ئەوەش بە پیاسەو دانیشتن لە کافتریادا ناکرێت، چونکە خۆشیی لێوەرناگرم، هەزار کەس سەیرت دەکات".

ڕەوا باس لەوە دەکات کە ئێستا لەگەڵ برادەرەکانیدا هەر شەوێک بیانەوێت دادەنیشن، زیاتر لەماڵی هاوڕێیەکی کوڕی کۆدەبنەوە، چونکە ماڵی هاوڕێکەیان لە هەولێرە و بۆ ئیشکردن هاتووەتە سلێمانی و بەتەنیا دەژی "ئەو شەوەی بمانەوێت کۆببینەوە هاوڕێکەم تەلەفۆن بۆ هەموومان دەکات، منیش لەگەڵ هاوڕێ کچەکەمدا دەڕۆم، بۆ خۆمان تا بەرەبەیان دادەنیشین و نێرگەلە دەکێشین و دانس دەکەین". ئەو گەنجە باس لەوە دەکات کە زۆربەیان بەدزی ماڵەوە دێنە دەرەوە "چونکە لە 12ی شەووەوە دەستپێدەکات تا 4ی بەرەبەیانی، ئێ دایک و باوکیش ناهێڵن لەو کاتانەدا بێیتە دەرەوە، بۆیە هەموومان هەر بە دزییەوە دەچین".

ئەو کچ و کوڕانەی لە شەوی هاوس پارتیدا یەکدی دەبینن خۆیان دەڕازێننەوە، جلی تایبەت بە دانس و هەڵپەڕکێ لەبەر دەکەن، بەڵام ئەوان زیاتر مەبەستیانە بە ئازادانە و دوور لە چاوی خەڵک نێرگەلە بکێشن و بخۆنەوە، ئاهەنگەکەش بە نان خواردن کۆتایی پێدەهێنن.

(ل.م) کچێکی قژ ڕەشی چاو سەوزبوو، بە دارشەقێک ڕێیدەکرد، بەسەرهاتی تێهەڵدانی خۆی لەلایەن دایکییەوە بۆ گێڕاینەوە "نیوەشەو دوای نووستنی ماڵەوەمان کاژێر یەکی شەو بە دزییەوە لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە چوومە دەرەوە، لەوێ هاوڕێ کوڕەکەم چاوەڕێی دەکردم، پێکەوە چووین بۆ هاوس پارتی لە ماڵی برادەرێکمان، کاژێر 5ی بەرەبەیان گەڕامەوە، کاتێک ویستم بچمە ژوورەوە دایکم گرتمی، بە تیرۆکێکەوە چاوەڕێم بوو، ئەو هەتا توانی لێیدام، دواتر دەرکەوت دەست و قاچێکم شکاوە".

لێرەو لەوێ چیرۆکی جۆراوجۆری گەنجان دەبیستریێ، ئەوان لە ڕێی تەکنۆلۆژیاوە لەگەڵ دنیای دەرەوەدا تێکەڵ بوون، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نەریتە ڕۆژئاواییەکانەوە، کاتێکیش کۆمەڵگا ڕێگایان پێنادات، ئەوەی لە مێشکیاندایە بیکەن، پەنا بۆ ڕێگای جۆراوجۆر دەبەن بۆی، هەندێکجاریش ڕووداوی کۆمەڵایەتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە.

نەدەبوو دادوەر ئازادی بکات

# ئیمان دوای ئازادکردنی تەنیا سێ ڕۆژ ژیا

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو کچەی هەفتەی ڕابردوو لە هەولێر بە دەستی باوکی کوژرا، پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی خێزاندار هەبووە، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، دەڵێت "ئەو پیاوە ئێستا دەستگیرکراوە و کچەکەش سێ ڕۆژ بوو لە زیندان هاتبووە دەرەوە، هێشتا کێشەی ئەو کچە یەکلایی نەبووبووەوە، نەدەبوو دادوەر ئازادی کردبا".

(ئیمان.ع.و) تەمەن 16 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی 94ی باداوە بوو، کاژێر 8ی بەیانی 2013/2/27 کە هەر لە شیرینی خەودا بوو، لەلایەن باوکییەوە درایە بەر گوللە و کوژرا، فەرمانی گرتنی باوکی دەرچووە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس هەڵاتووە و شوێنەکەی نادیارە.

ئیمان بەو تەمەنە کەمەی هەیبوو، تووشی زۆر دەردەسەری بوو بوو، هەر لە پەیوەندی نایاسایی، هەڵاتن، پەنا بردنە بەر خانەی داڵدەدانی ئافرەتان تاوەکو زیندان و دادگا، دواجار هەموو نەهامەتییەکانی بە کوشتنی کۆتایی هات.

ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بەسەرهاتی ئەو کچەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە "ئەو کچە پێشتر لە ماڵ هەڵاتبوو، کێشەی لەگەڵ پیاوێک هەبوو، بۆیە لە بنکەکانی پۆلیس دۆسیەی بۆ کرایەوە، لە پزیشکی دادوەریی هەولێر پشکنین بۆ ئەو کچە کرا، دەرکەوت پەیوەندی نایاسایی هەبووە، کچەکە لە ئیفادەکەیدا ناوی پیاوێکی هێنا و گوتی پەیوەندیم لەگەڵی هەبووە، گوتوویەتی ئەو پیاوە وای لێکردووم، بۆیە کچەکە ڕەوانەی خانەی داڵدەدانی ئافرەتان کرا و پیاوەکەش دەستگیرکرا".

ئەو پیاوە ئێستا لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێرە، ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت، پیاوەکە خێزانداره و منداڵی هەیە "پیاوێکی بە تەمەن نییە و زۆر لە کچەکە گەورەتر نییە، ئیمانیش ماوەیەک لە خانەی داڵدەدانی ئافرەتان بوو، لەوێش بەهۆی کێشەیەک کەلوپەلی ئەو ماڵەی شکاندووە، هەموو جامەکانی شکاندبوو، تەنانەت جامی دەرگای بەڕێوەبەری خانەکەی شکاندبوو، بۆیە ڕەوانەی زیندان کرا".

ئەو کچە مانگ و نیوێک لە زیندان دەمێنێتەوە، مامی کچەکە هەوڵی ئازادکردنی دەدات، ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت "دادوەر بە کەفالەتی یەک ملیۆن دینار ئەو کچەی ئازاد کرد کە کچەکەش پارێزراو بێت، دادوەر کە ئازادی کردووە لەسەر شەڕەکەی ناو خانەی داڵدەدان بووە، بەڵام دەبوو دادوەر تا تەواوبوونی دۆسیەکەی ئازادی نەکردبا، لەبەر ئەوەی ئەو کچە هەڕەشەی لەسەر بوو، تەنانەت هێشتا ئەو پیاوە لە زیندانە کە کێشەی لەگەڵی هەبوو".

ڕائید ژیلەمۆ گوتیشی "ئەو پیاوە هەرچەندە سکاڵای لەسەر تۆمار نەکراوە، بەڵام سوڵحیشی لەگەڵ نەکرابوو، ئەو گوتبووی ئامادەم مارەی بکەم، بەڵام باوکی کچەکە ڕێگری لێکردبوو".

دوای سێ ڕۆژ لە ئازادکردنی ئەو کچە، بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی هەولێر، ئەو کچە لەلایەن باوکییەوە لەناو جێگەی خەودا بە چەکی کلاشینکۆف 15 گوللەی لێداوە، پاشان بکوژ هەڵاتووە.

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر دەڵێت، فەرمانی گرتنی باوکی دەرچووە، بەڵام لەگەڵ مامی کچەکە هەڵاتوون، چونکە مامی کچەکە کەفالەتی کردووە، ئەویش دەگیرێت.

ڕائید ژیلەمۆ، ڕەخنە لە پەروەردەی هەندێک خێزان دەگرێت کە سەرەتا لە خەمی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا نین و پاشان دەیانەوێت بە کوشتن شەرەفیان بکڕنەوە "کێشەکە پەیوەندی بە پەروەردەی دایک و باوکەوە هەیە، دواتر دەڵێن لە دەستمان دەرچووە و کۆنترۆڵ ناکرێت، بۆ سەرەتا باسی ئەوە ناکەن چۆن ئەو منداڵەیان گەورە کردووە، دواییش دەیکوژن و دەڵێن شەرفمان بەوە دەکڕینەوە؟".

ساڵانە لە هەرێمی کوردستان زوو زوو ڕووداوی هاوشێوەی کوشتنی ئیمان دووبارە دەبێتەوە، کاتێک ئەو ژنانە لە خانەکانی داڵدەدانی ئافرەتان دەچنە دەرەوە دەکوژرێن، ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت "یەکێک لە کێشەکانمان ئەوەیە ئەو کچانە خۆیان نایانەوێت لە داڵدەدانی ئافرەتان بمێننەوە، چونکە شوێنێکە جێگەی 30 کەسی تێدا دەبێتەوە، هەموویان لەناو یەکن، بۆ ژیانی ئەو ژنانە پێویستمان بە کەمپێکی گەورەیە کە هەریەکەیان ژووری تایبەتی خۆی هەبێت، ئێستا نزیکەی 35 ژن لە خانەی داڵدەدانی ئافرەتانی هەولێرن".

ڕائید ژیلەمۆ باس لەوە دەکات کە پێشتریش دوو حاڵەتی دیکەیان هەبووە لە خانەی داڵدەدانی ئافرەتان چوونەتە دەرەوە و کوژراون "بکوژەکانیان دەستگیر کراون، تەنانەت لەسەر کوشتنی یەک کچیان، 5 کەس گیران و هەریەکەیان 15 ساڵ و 20 ساڵ حوکمدران".



## باوکی قوتابییەک هێرشدەکاتە سەر بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک



**ئەڤین سەلاح _ هەولێر**

لە گەڕەکی بەهاری نوێ لەشاری هەولێر باوکی قوتابییەک هێرشیکردە سەر بەڕێوەبەری ئامادەیی هێمنی کوڕان‌و برینداریکرد. رائید کاروان عەبدولکەریم، وتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی گوت "کێشەکە لە نێوان مامۆستایەکی قوتابخانەکە و قوتابییەک روویداوە، لەسەر راگرتنی ئۆتۆمبێل، پاشان قوتابییەکە گەڕاوەتەوە ماڵەوە و باوکی ئاگادارکردوەتەوە لەکێشەکە و بەوهۆیەشەوە باوکی هێرشیکردوەتە سەر مامۆستاکە و بریندار کردووە، پاشان هەڵاتوە". گوتیشی "بەڕێوبەرەکە سکاڵای لەسەر باوکی قوتابییەکە تۆمارکردووە و بەپێی ماددەی 229 لە یاسای سزادانی عێراقی ،بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3

### ساڵی ڕابردوو نزیکەی 60 کوڕ و کچی بەیەک گەیاندووە

# پیاوێک لە هەڵەبجە دەبێتە فریادڕەسی قەیرە و زگورتەکان



**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

ماوەی دوو ساڵە، رۆژگار فایەق ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەو پیاوە پێکهێناوە کە لە رێگەی تەلەفۆنەوە بۆیان دۆزییەوە، ئەو ژنە تەمەن 34 ساڵە، باسی ئەو کاتەی دەکرد کە شووی کرد "داواکارم هەبوو، بەڵام ماڵەوەمان نەیاندەهێشت و برا گەورەکەشم بڕیاری دابوو شوو نەکەم و دایک و باوکم بەخێو بکەم".

بەو هۆیەوە 3 ساڵ زیاتر تەمەنی رۆژگار هەڵکشاوە و تاوەکو باوکی مردووە شووی نەکردووە "ماوەی 3 ساڵ تێپەڕی و ئیدی کەس نەدەهاتە داوام، تاوەکو رۆژێک کچێکی هاوڕێم پێیگوتم کە مامۆستایەک هەیە لە هەڵەبجە بەدڵی خۆت داوای کوڕێک بکە بۆت دەدۆزێتەوە".

لەو ناوچەیە کەم نین ئەو کچ و کوڕانەی لە رێگەی ئەو مامۆستایەوە بەیەک گەیشتوون، رێگاکە ئاسانە و مامۆستاکە دەتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا کچان و کوڕان بەیەک بگەیێنێ، بەڵام حەزناکات ناو و ناونیشانی خۆی ئاشکرا بکات و تەنیا رازی بوو بەپیت ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە.

(ع ،م) دانیشتووی شاری هەڵەبجەیە و مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە، ماوەی زیاتر لە 10 ساڵە کچان و کوڕان، تەنانەت هەندێجار ژنی دووەم و سێیەمیش دەدۆزێتەوە بۆ ئەو پیاوانەی کە تەلەفۆنی بۆ دەکەن. کارەکەی وای کردووە کە ببێتە هەگبەی چیرۆکی سەیر و سەمەرەش.

ئەو مامۆستایە دەڵێ کاتێک کوڕێک یان کچێک تەلەفۆنی بۆ دەکەن، هەموو وەسفەکانی خۆیانی پێدەڵێن، (بە پێکەنینەوە) دەڵێ "تەنانەت لێیان دەپرسم کە هەردووکیان حەزیان لە چ خواردنێکە، من کەسێک کە دەیدۆزمەوە جا کچ بێت یان کوڕ دەبێ باش بزانم کێیە و رابردووی چییە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کە بوونە ژن و مێرد، کێشەم بۆ دروست نەبێ".

(ع.م) زۆر بەبڕوا بەخۆبوونەوە قسە دەکات و دەڵێ، بەردەوام تەلەفۆنم بۆ دەکەن و پێنج ژمارەی تەلەفۆنم هەیە "رۆژانە لە هەر یەکێک لەو ژمارانەوە 10 بۆ 20 تەلەفۆنم بۆ دەکرێت، پێیانگوتم نووسینگەیەک بکەمەوە بۆ ژن و ژنخوازی، بەڵام نامەوێت ئەو کارە دەستم بگرێت، هەرچەندە خۆشم وازبهێنم خەڵک وازم لێناهێنن".

وەک ئەو باسیدەکات، ئەوانەی داوای هاوسەرگیری دەکەن "لە تەمەنی 16 ساڵییەوە تاوەکو 70 ساڵین، هەر لەم مانگەدا 18 کچم بەشوودراوە و 5 پیاویش داوای ژنی دووەمیان کردووە ئەوانیشم بەجێگەیاندووە". ئەو دەڵێت لە ساڵی 2013دا نزیکەی 60 کچ و کوڕی بەیەک گەیاندووە.

رۆژگار فایەق کە دەڵێ لەڕێی ئەو مامۆستایەوە هاوسەری ئێستای دۆزیوەتەوە، دەیگێڕێتەوە چۆن پەیوەندی بەو پیاوە کردووە و دەڵێ تەلەفۆنم بۆ کرد و پێمگوت دەمەوێت شوو بکەم بە کوڕێک تەنیا باش بێت لە رووی ئەخلاقەوە و کەمێکیش جوان بێت "ئەوە بوو وێنەی کوڕەکەی بۆ ناردم و منیش وێنەم بۆ نارد، کوڕەکە خەڵکی سلێمانی بوو، ئەوە زۆر دڵی خۆشکردم و ئەویش منی بینی بە وێنە و بەدڵی بوو، ئێستا ئەوە ماوەی 2 ساڵە ژن و مێردین و ژیانمان زۆر خۆشە".

ئێستا لە هەرێمی کوردستان کوڕان و کچان لە چەند رێگایەکەوە هاوسەرگیری دەکەن، نووسینگەیەکی هاوسەرگیری لە سلێمانی ماوەی زیاتر لە 5 ساڵە ئەو کارە دەکات تەنانەت لە رێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە، بەڵام ئەو مامۆستایە هەر لەماڵەکەی خۆیەوە ئەو کارانە رێکدەخات. ئەو بۆخۆی هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی 3 منداڵە، بە پێکەنینەوە بەسەرهاتێکی خۆی باسدەکات کە رۆژێک کچێک تەلەفۆنی بۆ کردووە و داوای کردووە بەشووی بدات "دەنگی ئەوەندە ناسک بوو یەکسەر پێمگوت با بتبینم، چونکە ئەوە یاسایەکی منە، کاتێ بینیم یەکسەر گوتم ئەگەر حەز دەکەیت من دەتهێنم، بەڕاستی جوان بوو، سەرم سوڕمابوو، چۆن دەیویست بەو شێوەیە شوو بکات، بەڵام گوتی مامۆستا من شوو ناکەم بە پیاوێک ژن و منداڵی هەبێ".

بەردەوام دەیگوت بێ شانسم، هەر مارە دەکرێم و پاش ماوەیەک لە دەزگیرانداری تەڵاق دەدرێم، بە پێکەنینەوە گوتیشی "دواتر کوڕێکی باشم بۆ دۆزییەوە و ئێستا لە هۆڵەندایە".

ئەو مامۆستایە رەتیدەکاتەوە بەزۆرەملێ کەس بە شوو بدات و دەشڵێ تەنیا لەناو هەرێمی کوردستان ئەو کارە ناکات "لە دەرەوەی کوردستانیش کوڕان بە تایبەت بۆ ژنهێنان تەلەفۆنم بۆ دەکەن، ئەوە دوو رۆژە 4 کەس لە دەرەوە داوای ژنیان کردووە، ئەوە کارێکی خێرە و لە پێناو خوا و خەڵکدا ئەو کارە دەکەم، پارە لە کەس وەرناگرم چونکە تەنیا من دەزانم کێشەی ئەوان چییە".



تامان شاکر

tamanshakir@yahoo.de

## کاتێک تاوان دەبێتە شەرەفمان

پەتایەک تووشی کۆمەڵگەی کوردستان بووەو ژنانیش زۆرترین قوربانیی دەستی ئەو پەتایەن.

باوکێک کچەکەی دەکوژێت، دوو ژن بە گوریس وەک ئاژەڵ لە ئاو دەردەهێنرێن و بە مردوویی بێ حورمەتییان پێدەکرێت، ئەم هەواڵانە نامۆ نین بە کۆمەڵگەی کوردی. رۆژانە هەواڵی وا دەبیستین، بەڵام ئەوەی نامۆیە هەمووان بێدەنگی هەڵدەبژێرن. ئەوەی لە کوردستان روودەدات لە هەر وڵاتێکی دیکە رووبدابایە، ژنان شەو و رۆژیان لەسەر شەقامەکان بەسەر دەبرد. مرۆڤایەتی لە هەوڵی لابردنی سزای لە سێدارەداندایە تەنانەت بۆ بکوژەکانیش، بەڵام فەلسەفەی کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵبژاردنی بێدەنگییە بەرامبەر کوشتنی مێیینە، ئەگەر نووزەیەکیشیان لێوەبێت، دەڵێن دەبێ کچەکە چی کردبێت تا باوکی بەو شێوەیە بیکوژێ؟ ئەو پرسیارە کەمتر نییە لەو تاوانەی کراوە و رۆژانە دەکرێت. ئەو پرسیارە مانای قبووڵکردنی کۆمەڵگایە بۆ تاوانی کوشتن. کوشتنی ژن لەلایەن باوک و براوە ویژدانی کەس ناجووڵێنێ، تەنانەت دادگا و دادوەریش بەدوای حیلەیەکی شەرعی و قانوونیدا دەگەڕێن بۆ سووککردنی سزای ئەو تاوانبارانە. کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی کەلتوورێکی توندوتیژە نەک تەنها کەلتووری پیاوسالاری. پەتای کوشتنی شەرەف زەلکاوێکی باشتر لە کۆمەڵگەی کوردی نابینێتەوە بۆ ژیان و گەشەکردن. ئەم جۆرە کوشتنانە کۆمەڵگەی کوردییان خستووەتە ریزبەندی کۆتایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، چونکە نرخی ژن لە لای ئێمە لە چەند گوللەیەک و پەردەیەکی نەبینراو زیاتر نییە. مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بەشەرەفەوە نییە کە تەنها لە جەستەی ژندا دەبینرێ، تاوانی یەکەم ئەوەیە کچەکە چی کردووە بۆ ئەوەی باوکی کوشتن بە مافی خۆی بزانێ و شەرەفی خۆی پێ پاک بکاتەوە. کۆمەڵگەی ئێمە هەڵگری هەگبەی خوێنە، خاوەنی رۆشنبیرییەکە مەرگ پیرۆز دەکات، وەک پاککردنەوەی شەرەف دەیبینێ و غەریزە شەڕانگێزییەکانی خۆی پێ تێر دەکات. کەلتووری توندوتیژی عەقڵ و جەستەی مرۆڤی کوردی داگیر کردووە کە زۆر جیاوازە لە سروشتی مرۆڤایەتی، واتە رۆشنبیرییەکە نرخی مرۆڤ لە بیر و جەستەیەکی ناتەواو لە دەرەوەی سروشت پێکدەهێنێ. کوشتنی کچ بەدەستی باوکانی کورد هەمیشە لە دەرەوەی بیرکردنەوەی عەقڵەوە ئەنجامدەدرێ، لەبەر ئەوەی کوشتنی کچان کۆدەنگییەکی کۆمەڵگەی کوردی لەسەرە، بۆیە تا ئێستا رووبەڕووبوونەوەیەکی بەهێز نە لەلایەن خودی ژنانەوە بینراوە نە لەلایەن دەزگا رەسمییەکانی حکومەت، وەک ئەوەی ئەو تاوانە بە میرات بۆمان مابێتەوە، باس لەو تاوانە دەکەین وەک چۆن باس لە شتێکی ئاسایی دەکەین و بۆ تاوانبار دەگرین و لە باشترین حاڵەتدا کەمێک سۆزمان هەیە بۆ قوربانییەکە. ئێمە بەیەکسانی دەیانبینین و کۆمەڵگەی کوردی کە پلەی شەرەف بە تاوانبارانی کوشتنی مێیینە دەدات، لە رەگ و ریشەدا رۆشنبیرییەکی پیاوسالارییە و ئەو رۆشنبیرییەی کە کوشتن بە حەق دەزانێ، ئەو کەلتوورەی کە تاوانی لە ویژدانی خۆیدا هەڵگرتووە، پارێزگاری لێدەکات و ئاوی دەدات تاوەکو بکوژ لە ویژدانیدا نەمرێت، تا تاوانی کوشتنی مێیینە دەبێتە شەرەف و عەقیدە و بیروباوەڕ. ئێستا کە تاوان بووە بە شەرەفمان، دوای شکستی ئەوانەی ئێستا لە بواری کێشەکانی ژنان کاردەکەن، کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی داهاتوو یەکەم هەنگاوی بوێرانە بهاوێژێ و کۆتایی بە کاری هەموو ئەوانە بهێنێ کە نەیانتوانی هیچ چاکسازییەک بکەن و چیدی پارەی خەڵکی کوردستان بە فیڕۆ نەدات، چونکە تاوان بوو بە شەرەفمان.

# پێشمەرگەکەی کۆیە چۆن کوژرا؟!



10:10 خولەکی شەوی 2014/2/26 ئاگادارکراینەوە لە دۆزینەوەی تەرمێک لە گەڕەکی شەهیدان لە تەنیشت قوتابخانەی سەرباخ. دوای گەیشتنمان بە شوێنی رووداوەکە، دۆسیەمان بۆ کردەوە."

**عومەر شایان**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێک لە کۆیە دەکوژرێت و پۆلیسی ئەو شارۆچکەیەش دەڵێت "ئەو گەنجە پێشمەرگە بووە و پێشینەی زۆریشی هەبووە لە تاوان".

شێوازی کوشتنەکەی گومانی لای پۆلیس دروستکردووە. ئەوان گومان دەکەن لەلایەن کەسە نزیکەکانی خۆیەوە کوژرابێت.

رائید کاروان مەجید، بەڕێوەبەری هۆبەی جوڵانەوە لە پۆلیسی کۆیە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "کاژێر

رائید کاروان مەجید هەروەها گوتی "بۆمان دەرکەوت هیچ شوێنەوارێکی گوللە بە تەرمەکەیەوە دیار نییە، بۆیە تەرمەکەمان نارد بۆ پزیشکی دادوەری لە هەولێر بە مەبەستی زانینی چۆنێتی مردنی."

بەپێی قسەی پۆلیس، کەسە کوژراوەکە ناوی راوێژ سەلاح حەسەنە و لەدایکبووی ساڵی 1990ـە. رائید کاروان دەڵێت "کوژراوەکە پێشینەی زۆر بووە لە شەڕ و دزیکردن و حەب خواردن، لەم دواییانەدا بەپێی مادەی 446 لە زیندان بووە و ماوەیەکە لە زیندان ئازاد کراوە".

پۆلیس گومان دەکات لە کاتی کوژرانیدا سەرخۆش بووبێت، بۆیە داوای لە پزیشکی دادوەری کردووە رێژەی سەرخۆشبوونی کوژراوەکە دیاری بکات.

بەپێی پشکنینە سەرەتاییەکانی پۆلیس، ئەو گەنجە کوژراوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی گوللە و چەقۆ بەسەر تەرمەکەیەوە نەبینراوە. بەڕێوەبەری هۆبەی جوڵانەوە لە پۆلیسی کۆیە لەبارەی شێوازی مردنەکەی گوتی "بە باوەڕی ئێمە کوژراوە، بە هۆی ئەوەی کەللە سەری و لووتی شکاوە، بە دڵنیاییەوە نە بە چەقۆ وای لێهاتووە نە بە گوللە، چاوەڕێ دەکەین بزانین وەڵامی پزیشکی دادوەری چیمان بۆ دەردەخات، ئێستاش خەریکی لێکۆڵینەوەین بۆ دۆزینەوەی بکوژی ئەو گەنجە."

هەرچەندە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا 4 رۆژ بەسەر کوشتنی راوێژدا تێپەڕیبوو، بەڵام رائید کاروان مەجید گوتی "تاوەکو ئێستا وەڵامی پزیشکی دادوەری هەولێرمان پێنەگەیشتووە لەبارەی چۆنیەتی کوژرانی ئەو گەنجە، بەڵام دوای گەیشتنی وەڵامەکە و وەرگرتنی وتەی کەسوکاری ئەو کوژراوە لەدوای تەواوبوونی پرسەکەی، ئومێدەوارین بتوانین بەزووترین کات بکوژەکەی بدۆزینەوە."

بەڕێوەبەری هۆبەی جوڵانەوە لە پۆلیسی کۆیە، ئاماژەی بە کێشەی کوژراوەکە لەگەڵ خێزانەکەی کرد و بەدووری نەزانی کە ئەو کەسە لەلایەن نزیکەکانی خۆیەوە کوژرابێت، چونکە ئەو شەوە هەموویان لە ماڵەوە بوون. بە قسەی باوکی "هەموو کۆیە دوژمنی کوڕەکەم بوون، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئێمە."

رائید کاروان ئەوەشی ئاشکرا کرد کە برینی راکێشانی تەرمەکەی بەسەر زەویدا بە لەشیەوە دیار بووە و گوتیشی "کاتێک ئێمە گەیشتینە ماڵی باوکی کوژراوەکە، تەرمەکەی لە حەوشی ماڵەکەدا بوو".

کەس لێی نازانێت

# لە رانیه و پشدەر کار بە ئامێرە پزیشکییەکان ناکرێت



**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- راپەڕین**

بە دەیان ئامێری پزیشکی لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستییەکانی دەڤەری رانیە تۆزیان لەسەر نیشتووە و کاریان پێناکرێت. بەهۆی کار پێنەکردنی ئامێرەکانیش کە پارەیەکی زۆریان پێدراوە، نەخۆشەکان دەبێت روو لە شارە گەورەکان بکەن.

کارپێکردنی ئەم ئامێرانە پێویستی بە ستافی تایبەت و راهێنراو هەیە، بەڵام کڕینی ئەم ئامێرانە بەر لەوەی ستافی بۆ ئامادە بکرێت، دەریدەخات کە لە هەرێمی کوردستان کەرتی تەندروستی خاوەنی پلان نییە. یەکێک لەو ئامێرانەی لە نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ سوودی لێوەرناگیرێ، ئامێری پشکنینی نەخۆشیی شێرپەنجەیە. کاتێک پارچە گۆشتەکە لە شوێنی نەشتەرگەری دەکرێتەوە دەخرێتە ناو ئامێرەکە و ئەگەر شێرپەنجەت هەبێت لەرێگای ئەم ئامێرەوە دەردەکەوێت.

دکتۆر شێرکۆ ئەحمەد، پزیشکی پلەبەند لە مەڵبەندی تەندروستیی قەڵادزێ دەڵێت "ئامێرێک لە نەخۆشخانەکەمان هەیە کە ناوی ئامێری (مایکرۆتۆپ)ە، کەسی زۆر پسپۆڕی پێویستە و ئێمە ناتوانین کاری پێبکەین".

بەشێک لەو ئامێرانەی کڕدراون، پێویستیان بە راهێنانی کارمەندانە لەسەری لەلایەن ئەو کۆمپانیایەی دروستی کردووە. عەبدولڕەحمان هەڵشۆیی چاودێری تەندروستی لە پشدەر دەڵێت "هەر ئامێرێک بکڕدرێت ماوەی گەرەنتی هەیە، بەڵام ئەو ماوەیە بەسەردەچێت و هێشتا ستافی کارپێکردنی ئامێرەکان ئامادە ناکرێت. کە ماوەکەشی تەواو بوو، ئەگەر ئامێرەکە گرفتیشی هەبێت مافت نامێنێ بە کۆمپانیای فرۆشیاری چاک بکەیەوە". ناوبراو گوتیشی "هەندێک ئامێریش کە کڕدراون لە کوردستان مەوادی کارپێکردنیان لە بازاڕەکانی کوردستان دەستناکەوێت و بەمەش سوود لە ئامێرەکان نابینرێت".

هەر لە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ ژمارەیەک ئامێر کڕدراون کە تایبەتن بە ئەنجامدانی پشکنینی هۆرمۆنات و ئامێری زەرع، بەڵام ئەو ئامێرانەش بەهۆی نەبوونی مەوادی پێویست و ستافی کارپێکردن، ئیشیان پێناکرێت.

لە نەخۆشخانەی چوارقوڕنەش ئامێرەکانی بەشی نەشتەرگەری چەند ساڵێکە کڕدراون و سوودیان لێوەرنەگیراوە. ئێستا خەڵکی شارۆچکەکە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەبێت روو لە شارەکانی دیکە بکەن.

د.عەلی هەمزە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ نەیشاردەوە کە کۆمەڵێک ئامێریان هەیە، لەوانە ئامێرێکی پشکنین بۆ نەخۆشی شێرپەنجە، بەڵام پسپۆڕی تایبەتیان نییە بۆیە سوودی لێ نابینن. هەروەها گوتی "ئامێری زەرعمان هەیە تازەیە، تەنیا کادری دەوێت کە شارەزابن".

---



شیلان بیبانی*

# باج زیاد بکەن

کێشەی ئابووری لە هەموو دنیادا بە پلەی یەکەم لە پاش کێشەی سیاسییەوە سەرهەڵدەدات، وەک ئەو حاڵەتەی ئێستا کە لە کوردستاندا هەیە پاش ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان کاتێک گرفتە سیاسییەکان لە بواری ئابوورییەوە دەستپێکردووە.

دەوڵەتی سەرکەوتوو ئەوەیە کە خاوەنی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێزە. هەرکات قەیرانێک رووبدات و کەرت و بانکە تایبەتەکان بگرێتەوە، ئەوا کاریگەرییەکی ئەوەندە گەورەی نییە لەسەر وڵات بەو ئاستەی کە ئەگەر قەیرانەکە لە خودی حکومەتەوە رووبدات. بۆ نموونە ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لە ئەمەریکادا روویدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هاووڵاتی و بانک و کەرتە تایبەتەکان و تەنانەت وڵاتانی دیکەش زەرەرمەند بوون، بەڵام بە دەستتێوەردانی حکومەتی ئەمەریکا چارەسەرکرا، چونکە بنچینەی گرفتەکە لە حکومەتەوە نەبوو، بەڵکو بە پلەی یەکەم لە دارایی بانکەکان و نەمانی پارەی سیوولەوە بوو.

وەک لای هەمووان ئاشکرایە، لەو وڵاتانەدا ئەو بانکانە وەکو دەسەڵاتی دووەم دوای حکومەت هێزیان هەیە و سەربەستن لە هەر بڕیارێک و کارێکدا، کەواتە بۆمان روونەبێتەوە کە کێشەی ئابووری ئەگەر لە حکومەتەوە رووبدات گەورەترە وەک لە کەرتی تایبەت.

بە مانایەکی دیکە گرفتی ئابووری لەلایەن دەسەڵاتەوە قەیرانی ئابووریی سەرتاسەری بەدواوەیە، ئەوە جگە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر هاووڵاتیان و کاروباری وڵات و بانکەکان و بازرگانی.

ئەم بارەی ئێستای کوردستان ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات ئەوا سستی یا داکشان (رکود)ی ئابووری روودەدات. ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە کاڵا کڕین رابوەستێ و جموجۆڵی بازاڕ سست بێت. لە جیهاندا سستیی ئابووری کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەر کۆمپانیاکانی دروستکردن و بەرهەمهێنان، چونکە سستی لە کڕیار بە تەواوەتی زەرەرە لە فرۆشیار، ئەمەش سەرەتایەک دەبێت بۆ هەژاری، برسێتی، نەخۆشی، زۆربوونی بێکاری و داڕووخانی نرخی کاڵا بنەڕەتییەکان و کەمبوونەوەی رێژەی گەشتیاری. هەروەها کەمکردنەوەی پارەی دانراو لە بانکەکان و نزمبوونەوەی وەبەرهێنان و شکستهێنانی پرۆژەکان.

لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستاندا باشترین رێگەچارە گرنگیدانە بە بانکە حکومییەکان و کارکردن بۆ رێنماییکردنی خەڵکی سەرمایەدار بە دانانی پارەکانیان لەو بانکانەدا و هەروەها کۆکردنەوەی سیوولە لە ناو خەڵکدا، جا چ بەشێوەی فرۆشتنی قەواڵە (سندات) یان بەشێوەی قەرز وەرگرتن بێت. لەلایەکی دیکەوە کەڵک وەرگرتن لە بانکە ئەهلییەکان و وەرگرتنی پارە بەشێوەی قەرز. کارێکی دیکە زیادکردنی باجە لەسەر هۆتێل و مۆتێل و باڵاخانە و چێشتخانە گەورەکان و وەبەرهێنەرانی بیانی و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کەرتە تایبەتەکان.

ئەوەتا لە ئەمەریکا هەموو کەسێک باج دەدات، دەوڵەمەند بە رێژەی 24% و خاوەنی نزمترین دەرامەت بە رێژەی 1.2%، واتە هاووڵاتی ژێرخانێکن بۆ ئابووریی وڵات، هەر لەم رووەوە ئەگەر چاوێک بە ئابووریی وڵاتاندا بخشێنین، دەبینین باج یەکێکە لە سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت، هەرچی خەرجکردن هەیە لەسەر ئەم داهاتە پلانکراوە. باجی دەوڵەتی لەهەموو وڵاتانی جیهاندا دەستێکی باڵای هەیە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان. دەتوانین بڵێین سەرچاوەی ئەو داهاتەیە کە لە پێناوی خزمەتگوزاری بەکاردەهێنرێت، وەک خزمەتی شەقام، کارەبا، ئاو و هەموو پێداویستییەکانی دیکە.

دوو جۆرە باج هەیە: باجی راستەوخۆ وەک ئەو باجەی کە راستەوخۆ لەسەر داهاتی تاک یان کۆمپانیاکان هەیە. باجی ناڕاستەوخۆش ئەو باجەیە کە لەسەر کاڵا و شتومەکەکان هەیە، جا لەم ئان و ساتەدا لە کوردستان هەر باجێک هەبێت ئەوا سوودی دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی وڵات.

حکومەتی بەغدا بەو کارتەی لە دەستیدایە دەیەوێت شەڕ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، چونکە شەڕی ناوخۆیی لەدەست نایەت تەنیا ئابووری نەبێت، بەڵام ئەوانە هەموو کارتی کاتین و ئەنجامەکەی بێگومان لە قازانجی کورد دەبێت، بەمەرجێک لە هەرێمی کوردستاندا هەوڵ بدرێت زیاتر پەرە بە بەڕێوەبردنی دارایی و پلان بدرێت، سوود لە بیرۆکە ئابوورییەکان وەربگیرێت و پلانی داهاتوو لەسەر بنەمای بێ بودجەیی بەغدا دابڕێژرێت.

**ماستەر لە بەڕێوەبردن و کارگێڕی**

---



پ.د.هوشیار مەعروف

# چەند پێشنیازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی ئابووری

ماوەیەکی زۆرە لە ژێر هەڕەشەی داو و دەزگاکانی بەغداو دەورپێشتماندابین، جا لێرەدا پێویستمان بە ستراتیژێکی دوورخایەن هەیە لەگەڵ داڕشتنی یاسا و سیستەم و رێنمایی گونجاو و ئاشکرا و روون. ئامانجی سەرەکی ئەم نووسینە (خۆ ئامادەکردنێکی بەردەوامە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر قەیرانێک کە رووبدات لە هەموو چەشنەکانی ئابووری تاوەکو سروشتی.

سیستەمی جێبەجێکردن:

دامەزراندنی دەزگایەکی سەربەخۆ لە بوارەکانی دارایی و کارگێڕی یەکسەر سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێت و لەلایەن پسپۆڕانی خاوەن توانای زانستیی ناسراو هەڵبسوورێ.

ئەم دەزگایە سێ بەشی سەرەکی لەخۆدەگرێت:

1- بەشی دیراسات و لێکۆڵینەوە: کە داتا کۆدەکاتەوە و شییاندەکاتەوە لە هەموو رووەکانەوە بە ئامانجی پێشاندانی راستیی کێشەکان و پێشچاوخستنیان و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی.

2- بەشی سیاسەت: کە پێشنیازی سیاسەتی گونجاو دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

3- سندووقی دڵنیابوونی گشتی: کە سێ کاری سەرەکی جێبەجێ دەکات:

أ- دڵنیایی پارەی داندراوی بەنکەکان.

ب- دڵنیایی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە هاوسەنگییەک بەردەوام ببێت لە میانی سیاسەتی هاندانی وەبەرهێنان لەلایەکەوە و سیاسەتی پاراستنی پارەو ماڵی سوودمەندبووانی حکومەت و هاووڵاتیان لە پڕۆژەکان لەلایەکی دیکە.

ت- دڵنیایی مووچەی فەرمانبەران.

بۆ جێبەجێکردنی ئەمانەی سەرەوە پێویستمان بەم کارانەی خوارەوەیە، ئەمانەش لە ژێر هەر ناوێک بێت کە تووشی گیروگرفتی دەستووری نەبین، لە کاتی گەمارۆی ئابووری هەموو شتێک پاساوی خۆی هەیە:

1- دابڕینی رێژەیەک لەداهاتی هۆتێل و رێستورانت و شوێنە گەشتوگوزارییەکان و نەخۆشخانە ئەهلییەکان و پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل و بازاڕ و مۆڵە گەورەکان وەک 12%- 15% بە گوێرەی پلەی کواڵیتی (5-4 ئەستێرە).

2- سەپاندنی رێژەیەک باج لەسەر فرۆشتنی ئۆتۆمبیل 20%-50% بە گوێرەی نرخەکەی.

3- زیادکردنی سزای سەرپێچی یاسا و رێنماییەکان.

4- بەکارخستنی سیستەمی (تمویلی زاتی) لە زانکۆکان، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی خاوەن توانان و پلەی نمرەکانیان لە خوارەوەیە.

سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەم دەزگایە لە ماوەی درێژخایەن پەیوەستە بە کۆمەڵێک ستراتیژ و سیاسەت و یاسا و سیستەم و رێنمایی تەواوکار.

لە بارەی ستراتیژ دەبێت ئامانجی سەرەکیمان پشتبەستن بێت بەتوانای خۆمان، ئەمەش بەهۆی ئەم بنەما ستراتیژیانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:

1- هەوڵدان بۆ گۆڕینی بنەڕەتی ستراکچەری ئابووری هەموو سەرچاوە داراییەکان، لەوانەش نەوت و غاز بۆ ئابووریی هەمەجۆرە (بە هاوسەنگی هەموو کەرتەکانی داهات: کشتوکاڵ، پیشەسازی، خزمەتگوزارییەکانی گەشتوگوزار، خوێندن، تەندروستی، بازاڕەکانی کاڵا، رێگاوبان، پەیوەندییەکانی مرۆیی و ئابوورییەکان) بەتایبەتی گەشتوگوزار و تەواوکەرەکانی، دەبێت رۆژێک بێت ببێتە پێشکەوتووترین کەرت لە کوردستان کە هەموو کەرتەکانی دیکە خزمەتی بکەن.

ئەمەش بەهۆی داڕشتنی پلانێکی تۆکمەی دوورخایەن جێبەجێ دەبێت (بە لانیکەم بۆ 10 ساڵ) و لە لایەن ئەنجوومەنێکی تەکنیکی پلاندانان کە دەبێت لە پسپۆڕانی ئابووریی زۆر شارەزا پێکبێت بەتایبەتی لە بواری پلاندانان نەک لە خاوەن عینوانی وەزیفی دوور لە پسپۆڕیی زانستیی وەزیفەکانیان و بێ توانا لە راستیدا.

2- چاودێریی بەردەوامی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت، نەک تەنیا بۆ هاندانی ئەم کەرتە بێت، دەبێ بە دواداچوونەوەی کارەکانی بێت و هەڵەکانی لە کاتی خۆیدا راستبکاتەوەو لە رێگای کەرتی تێکەڵاوی (کاتی سەرەتای دامەزراندن و گەشەپێکردنی) یارمەتی بدات. ئەمەش بەهۆی دامەزراندنی کۆمپانیای گەورە و بازاڕی دارایی پێشکەوتوو و بەرەوپێشبردنی دڵنیایی جۆری و بەدواداچوونی یاسایی زۆر زوو لەسەر هەر هەڵە و سەرپێچیکردن و فێڵ و گەندەڵییەک.

3- گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پێکهێنانی داوودەزگای حکومەت لە حیزبایەتی و خێڵ و خێزان بۆ تەکنۆکرات لەسەر بنەمای لێهاتوویی بەگوێرەی هاوسەنگی (توانای زانستی و تەکنیکی) لەگەڵ (پێویستی زانستی و تەکنیکی کارەکە).

4- لەسەر ستراتیژی پێشوو گۆڕانکارییەکی باش بکرێت لە رێکخستنی هێزی مووچەخۆران لە کوردستان، بە کەمکردنەوە و لابردنی زۆر لە فەرمانبەر، پۆلیس و پاسەوان کە تەنیا مووچە وەردەگرن بێ ئەوەی بەرهەمیان دیاربێت، دەتوانرێت سوود لەم خەڵکە بێکارە داپۆشراوە وەربگیرێت لە شوێنی دیکەی وەک کشتوکاڵ، بیناسازی و رێگاوبان، دوای رێکخستنی خولی تایبەت بۆیان.

لەبارەی سیاسەتەکانی ئابووریمان:

1- زۆر گرنگە پابەندبوون بە یاسا و سیستەم و رێنماییەکان بێ هیچ دەستتێوەردانێکی حیزبی و کۆمەڵایەتی.

2- پێداچوونەوە بە هەموو بانکەکاندا بکرێت کە گشتیان مەرجی دڵنیایی ماڵ و پارەی خەڵکیان کردبێت ئەمەش لە رێگای کۆمپانیای نێودەوڵەتی ناسراو و بەتوانا.

3- رێکخستنەوەی بانکەکان کە کەسێکی بەتوانا بیگێڕن و کاری تێدا بکەن.

4- دەبێت بانکەکانی نیشتمانی لە کەرتی تایبەتی و کەرتی گشتیدا هەوڵ بۆ گەشەپێدانی توانای داراییان بە گوێرەی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو بدەن.

لە بارەی یاسا پێویستیمان بە کۆمەڵێک یاسا و تەواوکەرەکانی لە سیستەم و رێنمایی هەیە کە پێویست وایە هەمووی بەیەکەوە دەربچن. لەوانە: یاسای بازاڕی دارایی، کار و دڵنیایی کۆمەڵایەتی، دڵنیایی و بانکەکان و... هتد.

**مامۆستا لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لە هەولێر**

---

## روونکردنەوەیەک لەلایەن جەبار یاوەرەوە

لە ژمارەی رابردووی هەفتەنامەی (رووداو) چاوپێکەوتنێکی من بڵاوکراوەتەوە، دواتر هەمان چاوپێکەوتن لە رۆژی 1/3/2014 لە ماڵپەڕی (رووداو) بڵاوکراوەتەوە. ناونیشانەکەی بەو شێوەیە (جەبار یاوەر: تەنیا سێیەکی هێزی پێشمەرگە نیشتمانییە).

ئێمە لێرەدا دووپاتیدەکەینەوە، قەت و لە هەموو ژیانمدا و لە هیچ کات و ساتێکدا رێگەمان بە خۆمان نەداوە بەو جۆرە و بەم ناونیشانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوزەد بکەین، تەنیا و تەنیا لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لێمان کراوە دەربارەی ئەوەی ئایا ژمارەی پێشمەرگەی یەکخراو چەندە؟ وەڵامی ئێمەش ئەوە بووە کە "یەک لەسەر سێی هێزی پێشمەرگە لە ئێستاکەدا یەکخراوە و ئێمە بەردەوامین لە پرۆسەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە". هاوکات باسی گرفتەکانمان کردەوە لەوبارەوە.

وا دیارە ئەو رۆژنامەنووسە بیانییەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئێمە کردووە، بەشێوەی خۆی وەڵامەکانی یاداشت کردووە یان ئەو کەسەی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەو شێوە هەڵەیەوە وەریگێڕاوە، یان ...؟! لێرەدا ئێمە جەخت دەکەینەوە کە چاوپێکەوتنەکە تۆمارکراوە و دەتوانرێ کەسێکی شارەزا گوتەکان وەرگێڕێ بەشێوە راستییەکەی.

ئێستاکەش جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان "هێزێکی نیشتمانییە و هیچ کەسێک و لە هەر ئاستێکدا بێت، ناتوانێت لە ژێر هیچ بیانوویەک، ناسنامەی پیرۆزی نیشتیمانی بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەکەدار بکات.

**فەریق جەبار یاوەر مەندە**
**ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە**

رووداو هەمەجۆر
ژمارە (300) دووشەممە 2014/3/3

## ئۆپێرا وێنفری دەبێتە شانۆکار




**ڕووداو- ئاژانسەکان**

پێشکەشکاری بەناوبانگ ئۆپێرا وێنفری لە نوێترین کاریدا بەشداری لە شانۆگەرییەک دەکات . ڕۆژنامەی هۆلیوود ریپۆرتەری ئەمریکی بڵاویکردەوە کە ئۆپێرا وێنفری لە شانۆگەری Mother ،night ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لەبەرامبەر ئەستێرەی شانۆی ئەمریکی تۆنی. ئەم کارەی ئۆپێرا وێنفری یەکەمین کاری ئەزموونی شانۆییە پێشکەشی دەکات، دوای ئەوەی پێشتر لە چەند فیلمێکدا وەک ئەکتەر بەشداری کردبوو. ئۆپێرا وێنفری لە ساڵی 1954 لە ئەمریکا لەدایکبووە و سەرەتا زۆر هەژار بووە، بەڵام ئێستا یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ئافرەتەکانی جیهان کە سەروەتەکەی دەگاتە چەند ملیار دۆلارێک.

## شەب پەرە و مەتەر بۆ نەورۆز لە دوکانن







**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە هاوکاری کۆمپانیای بابیلۆن و چەند سپۆنسەرێک لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا ئاهانگێکی میوزیک و گۆرانی لە شارۆچکەی دوکان سازدەکەن.

سیروان تۆفیق، بەڕێوەبەری بە بازاڕکردن لە دەستەی گەشتوگوزار بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کۆنسێرتە خێزانی دەبێت و ژمارەیەک هونەرمەندی کورد و بیانی بەشداریی تێدا دەکەن".

سیروان ناوی هەندێک لەو هونەرمەندانەی ئاشکرا کرد کە بەشداری لە ئاهەنگەکەدا دەکەن و گوتی "تاوەکو ئێستا قسەمان لەگەڵ چەند گرووپ و هونەرمەندێکی ناوخۆ و دەرەوە کردووە و ڕازی بوون بەشداری لە ئاهەنگەکەدا بکەن، لەوانەش هونەرمەندی فارس شەهرام شەب پەرە، گۆرانیبێژی لوبنانی حەسنا مەتەر، هونەرمەند ڕۆژین، بابیلۆن باند و چەند هونەرمەندێکی دیکە".

## ئازەر قوبادی لە دەرەوەی بازنەیە



**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازەر قوبادی، سەرقاڵی کاری کلیپکردنە بۆ دوو گۆرانی بە ناوەکانی "دڵە شکاوەکان" و "دەرەوەی بازنە".

ئازەر لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "خۆم تێکستی هەردوو گۆرانییەکەم نووسیوە، ئاوازەکەشی هی ژەنیارێکی ئێرانییە و لە دەرهێنانی هاوڕێیەکمە کە لە تورکیا نیشتەجێیە، هەروەها کاری ستۆدیۆشی لە تورکیا بۆ کراوە".

ئازەر ئاماژەشی بەوە کرد کە ئەم گۆرانییانە لە شاری هەولێر کاری وێنەگرتنیان بۆ دەکات و لە ماوەیەکی نزیکدا یەکێک لە کلیپەکانی بڵاودەکاتەوە".

ئازەر قوبادی خوشکی سینەماکاری کورد بەهمەنی قوبادییە و پێش چەند مانگێک یەکەمین کلیپی خۆی بڵاوکردەوە کە لە ئەمریکا وێنەگیرابوو.

## ماڵی کەلتووری لە هەولێر دەکرێتەوە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

چەند گەنجێکی شاری هەولێر "ماڵی کەلتووری" وەک ماڵێکی ئەدەبی و فەرهەنگی دادەمەزرێنن.

غەمگین بۆڵی سەرپەرشتیاری ئەم ماڵە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە لەو ماڵەدا دەمانەوێت بە شێوەیەکی جددی و بەردەوام کارو چالاکیی جۆراوجۆر بکەین. سەرەتاش لەسەر ئەرکی خۆمان و بە هاوکاری ماڵە ئەدەبییەکان و سەنتەر و ناوەندەکان کاردەکەین. دواتر دەست بە پڕۆژە و کارە جددییەکانی خۆمان دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی بە کاری کەلتووری دەدەین.

## هۆزان شای هۆڵەندا سەرسام دەکات





**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هۆزان زەنگەنە، دیزاینەری کورد بەهۆی چەند کارێکی هونەری سەرنجی شای هۆڵەندا ڕادەکێشێت و داوای لێدەکات لە نێو کۆشکی شاهانە چەند کارێکی خۆی نمایش بکات.

هۆزان زەنگەنە لە هۆڵەنداوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای کردنەوەی پێشانگای تایبەتی خۆم لە هۆڵەندا کە ڕاوێژکارێکی شای هۆڵەندا ئامادەی بوو، ئەو ڕاوێژکارە زۆر سەرسام بوو بە کارەکانم و داوەتی کردم بۆ ئەوەی لە نێو کۆشکی شاهانە پێشانگایەک بۆ کارەکانم بکەمەوە".

کارەکانی هۆزان بریتین لە گۆزە، کوپ و گلاس کە لە چەند جۆرە بەردێکی تایبەت دروستیان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی کوردەواری تێکەڵ بە ستایلی ئەوروپی دەکات. هۆزان گوتیشی "دوای بینینی کارەکانم، ولیام ئەلێکساندەر شای هۆڵەندا داوای کرد چەند کارێکی هونەری بۆ کۆشک بکەم".

وا بڕیارە هۆزان لە 2014/3/15 لە شاری میلانی ئیتالیا پێشانگایەک بکاتەوە کە دەزگایەکی ڕۆشنبیریی هۆڵەندی سەرپەرشتی دەکات.

## نانسی عەجرەم شووتی دەفرۆشێت



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

گۆرانیبێژی لوبنانی نانسی عەجرەم لە نوێترین کلیپی خۆیدا ڕۆڵی شووتی فرۆشێک دەبینێت کە ئەم کلیپە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام لە چەندین گرتەی ئەم کلیپەدا نانسی وەکو ئافرەتێکی وروژێنەر دەردەکەوێت.

لەم ڕۆژانەدا تازەترین کلیپی نانسی کۆتایی بە وێنەگرتنی هات کە بە ناوی "ما تیجی هنا" لە ئەلبوومی «No.8» کە بەنیازە لەم ڕۆژانە بڵاوی بکاتەوە، نانسی لەم کلیپەدا وا دەردەکەوێت کە لە کۆڵانێکدا شووتی دەفرۆشێت، بەڵام گەنجەکانی ئەو گەڕەکە تووشی کێشەی دەکەن".

ئەیمەن موسا، شاجوانی کوڕانی 2013ی لوبنان لەگەڵ نانسی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، ئەلبوومە نوێیەکەی نانسی لە 12 تراک پێکهاتووە و گۆرانییەکی بەشێوازی دوێتە لەگەڵ ڕاغب عەلامە.

## "ئەی ڕەقیبم نەشێواندووە"



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**


دوای ئەوەی لە فێستیڤاڵی هەولێر بۆ میوزیک و گۆرانی لە دەستپێکی مەراسیمەکە مارشی ئەی ڕەقیب لە دابەشکردنی هیوا تەڵعەت نمایش کرا، دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە هیوا مارشی ئەی ڕەقیبی شێواندووە.

هیوا تەڵعەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من بە شێوازێکی ئەکادیمی و نوێ دابەشکردنی میوزیکم بۆ ئەی ڕەقیب کردبوو کە بووە جێی سەرسوڕمانی زۆربەی ئامادەبووان، چونکە یەکەمجاربوو ئەی ڕەقیب بە فول هارمۆنی لێبدرێت، بەڵام لە چەند ماڵپەڕێک و پەیجی فەیسبووک هەرایەکیان ناوەتەوە کە گوایە من سووکایەتم بە مارش کردووە و شێواندوومە و چەند دێڕێکمان پەڕاندووە، من ئەو تۆمەتانە بە تەواوی ڕەتدەکەمەوە".

هیوا گوتیشی"ناکرێت لە بۆنەکاندا هەموو مارشەکە بگوترێتەوە و دەبێت چەند کۆپلەیەک لێبدرێ کە لە خولەکێک زیاتر نەبێت، ئێمەش تەنیا دوو کۆپلەمان گوت بۆ ئەوەی خەڵک زۆر بە پێوە نەوەستن".

## بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
کارەکانتان دەستپێدەکەنەوە و دەتوانن کاری نوێ بکەن، بەڵام لە کاری هاوبەشی دووربکەونەوە. ئەم ماوەیە بەختێکی باش یاوەرتان دەبێت و بەرپرسەکانتان لەکارکردن بەشێوەیەکی خۆشەویست و سەرنجڕاکێش دەتانبینن.

**گا**
بەختێکی باشتان دەبێت و هەست بەئاسوودەییەکی تەواو دەکەن. دەتوانن پەیوەندی بە دۆستێکتانەوە بکەن. هەندێک لەکارەکانتان پێشدەکەوێت . یان ئەنجامێکی باش لەتاقیکردنەوەیەک بەدەستدێنن.

**جمک**
ئەم هەفتەیە ڕووبەڕووی چەند بابەتێکی دڵخۆشکەر دەبنەوە. بۆیە هەندێکتان سەرقاڵی ئاهەنگێک دەبن. گرنگی بەماڵەکانتان و ڕازاندنەوەی بدەن. کاتێکی باشە بۆ کاروباری خێزانی. بەهۆی دواکەوتنی هەندێ لەکارەکان ڕەشبین مەبە.

**قرژاڵ**
بەخت هاوکاریت دەکات و بەردەوامیش دەبێت بۆ داهاتوو، ماوەیەکی باشت لەبەردەستە بۆئەوەی کارەکانت ڕێکبخەیتەوە. ئەم هەفتەیە خێراتر هەنگاوەکانت دەگەیەنیتە ئەنجام و ماندوویت دەحەسێتەوە.

**شێر**
دەست بەو کارانە دەکەنەوە کە ماوەیەکە ڕاوەستاون. لەهەندێکیاندا یارمەتی دەدرێن. پەیوەندیتان زۆر دەبێت و کورتە سەفەرێک دەکەن. گرنگی بەتەندروستیتان بدەن.

**گوڵەگەنم**
دەتوانن زۆربەی کارەکانتان بەئەنجام بگەیەنن، بۆ دەستپێکردنی کار بەختێکی باشتان دەبێت. بۆ هەندێکتان پەیوەندی خۆشەویستی کتوپڕ دەرەخسێت. سەرقاڵی کارێکی نوێ یان پرۆژەیەکی نوێ دەبن.

**تەرازوو**
بەختێکی باشتان دەبێت لە هەموو لایەنێکی ژیانەوە کە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو هەستتان بەو بەختەوەرییە نەکردووە. باری دەروونیتان ئارام دەبێت، هەست بەخۆشحاڵییەکی زۆر دەکەن. سەرەتای هەفتە دەستکەوتێکی ماددیتان دەبێت.

**دووپشک**
گرفت لەگەڵ کەس دروست مەکە. خۆتان بۆ چەند سەردان و کورتە سەفەرێک ئامادە دەکەن. ڕەشبینیەکەت هەستێکی کاتی دەبێت، لەماوەی مانگی داهاتوودا هەوڵەکانت چڕ بکەرەوە، بەرەو بەدیهێنانی ئاواتەکانت هەنگاو دەنێی.

**کەوان**
هێز و توانایەکی زیاتر بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەکاربهێنن، کێشە خێزانییەکان چارەسەر دەکەن یان کاڵای نوێ بۆ ماڵ دەکڕن. لەم مانگەدا دەتوانی سەرنجی خەڵکان ڕابکێشیت، قسەکانت کاریگەریی باشیان هەیە.

**کاژۆلە**
گرنگییەکی زیاتر بە ماڵ و خێزان بدەن. بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ئەم ماوەیە، هەست بە بەختەوەریی دەکەن، پەیوەندی سۆزداری دڵخۆشت دەکات. هەر کارێکی نوێ ئەنجامێکی باش بەدی دەهێنێت. خۆشییە گەورەکەش هەر دێتەدی.

**سەتڵ**
لەم کاتەدا زیاتر دڵت ناسک دەبێتەوە و هەست دەکەیت شتەکان ئاسوودەت ناکەن، بەڵام ئومێدت بەهێزە کە دەتوانی لەداهاتوودا زۆربەی هەنگاوەکان بەرەو ئاراستەیەکی باش ببەیت، خۆرێکی نوێ لە ئاسمانی بەختەوەریتدا هەڵدێت.

**نەهەنگ**
خۆت ئامادە بکە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە نوێیەکەت، بەخت هاوکاریت دەکات. دەرگایەکی نوێی کارکردنتان بۆ دەکرێتەوە، دەتوانن کارێکی زیاتر لەکارەکەی خۆتان بکەن یان بیرۆکەیەک جێبەجێ بکەن. هەست بەئارامیی زیاتر دەکەیت.

**بەگشتی:**

لەگەڵ ئەوەی هەست دەکەین کەشوهەوا دەگۆڕێت، بەڵام هەندێک شتی دیکەی وەک بیرکردنەوەمان لەگەڵ کەشدا دەگۆڕێت. چەندین بڕیاری گرنگ دەدەین بۆ ماوەی داهاتوو، بەڵام باشترینیان ئەو بڕیارەیە کە دەتوانین جێبەجێی بکەین. بوارەکانی هونەری یان وێنەکێشان و خوێندنەوەی شیعر و ڕۆمان ڕۆڵێکی زۆر دەگێڕن لەژیانمان. لەئێستا بەدواوە گەڕان و لێکۆڵینەوە و پەیوەندییەکانمان بە کەسایەتییەکانی کۆمەڵ زۆر دەبێت و کاتێکی باشە بۆ نمایش و دەرکەوتن. هەسارەی ڤینۆس لەڕۆژی هەینی دەچێتە بورجی سەتڵ، کە بە کتوپڕی سۆزداری بۆ خەڵک دەڕەخسێنێ.

# ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵ هۆشداری دەداتە حیزبەکەی کە نەچێتە ناو حکومەت

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی هۆشداری دەداتە حیزبەکەی کە نەچێتە ناو حکومەت و پێیوایە بەشدارییان لە حکومەت بە زیان بۆ خۆیان دەشکێتەوە، چونکە ئەو بەڵێنانەی پێ نابرێتە سەر کە پێشتر بە جەماوەری خۆی داوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبەش دەڵێ "ڕاستە هەندێک لە کادرانی کۆمەڵ ئەو بۆچوونەیان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستاش بۆچوونی زۆرینەی سەرکردایەتی ئەوەیە کە بەشداریی حکومەت بکەین".

ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، باسی ئەو گرفتانە دەکات کە بەبڕوای ئەو لەبەردەم کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان و دەشڵێت ئەو گرفتانە وەک خۆیان دەمێننەوە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە وای دەبینێ کە کابینەی هەشتەم ناتوانێ یارمەتی لایەنە بەشداربووەکانی نێو حکومەت بدات تاوەکو بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن "لەڕووی سیاسی و ئیداری و ئابوورییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی لەبەردەمدا دەبێ، بۆیە بەهۆی ئەو کێشانەوە نایپەرژێتە سەر ئەو پاکێجانەی چاکسازی کە سێ لایەنەکە دەیانەوێ جێبەجێ بکرێن".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیشە و یەکێکە لە پاڵێوراوەکانی ئەو حیزبەش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ پرۆژەکەی ئەو کە داویەتییە کۆمەڵ تەنیا قسەی زارەکی نییە و توێژینەوەی وردی بۆ دەرئەنجامەکانی بەشداریی حیزبەکەی و گۆڕان و یەکگرتوو کردووە کاتێک دەچنە ناو حکومەتەوە "باشترین ڕێگا بۆ کۆمەڵی ئیسلامی مانەوەیەتی وەک ئۆپۆزیسیۆن، هەرچەندە ئۆپۆزیسیۆنێکی کاریگەر و بەهێز نابێ، بەڵام ئەوەی باشترە لەوەی لەبەردەم لایەنگرانیدا هیچی پێنەگوترێ و بە دەستبەستراوی لەناو حکومەتدا 4 ساڵ بەڕێبکات".

کۆمەڵی ئیسلامی لەساڵی 2001 دوای لەتبوونی بزووتنەوەی یەکبوون، وەک حیزبێکی نوێی ئیسلامی خۆی ڕاگەیاند و لە کابینەی پێنجەمی حکومەتدا بەشداریی کرد بە وەزیری ژینگە. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی 2009 چووە پاڵ گۆڕان و یەکگرتوو لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و لەم هەڵبژاردنەی دواییدا لە 21ی ئەیلولی ڕابردوو توانی 6 کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵ دەڵێ، حکومەت کێشە ئابوورییەکەی لەگەڵ بەغدا بەشێوەیەکی کاتی چارەسەر دەکات و سەرهەڵدەداتەوە، کێشەی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری بەردەوام دەبێ و بەشی زۆری بودجەکەی بۆ بەکاربردن و مووچەیە و ئەوەندەی نامێنێتەوە کە پرۆژەی خزمەتگوزاری پێ ئەنجام بدرێ و هەموو ئەو کێشانەش گونجاو نین بۆ پرۆسەی چاکسازی "کە لەناو حکومەتیشدا بوویت، دەبێ ڕازی بیت بەو دۆخەی دەگوزەرێ".

دوابەدوای هەڵبژاردنەکان، مەکتەبی چاودێری و پشکنینی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبەکە کۆبوونەوە و ڕەخنەیان لە شێوازی کاری پەرلەمانی 4 ساڵی ڕابردوو گرت و پێیانوابوو کۆمەڵ هەم لەڕووی ڕاگەیاندن و هەم لەڕووی ئۆپۆزیسیۆنبوونەوە وەک گۆڕان سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە دەنگەکانی کەم بووە. کامەران بابان زادە، بەرپرسی ئەو مەکتەبەی کۆمەڵ هەر ئەوکات بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر کۆمەڵ ببێتەوە بە ئۆپۆزیسیۆن، دەبێ شێوازی کارکردنی پەرلەمانیی خۆی بگۆڕێ و ڕاگەیاندنەکەشی هەروا، بۆئەوەی جەماوەری ڕاستەقینەی خۆی بەدەستبێنێتەوە".

بەبڕوای ئەحمەد ڕەشید، تەنیا کۆمەڵی ئیسلامی نییە کە لەناو حکومەتدا کێشەی بۆ دروستدەبێ "گۆڕان تاوەکو ئێستاش حەزدەکات بچێتە ناو حکومەت، یەکگرتوو یەکلایی بووەتەوە بۆ ناو حکومەت و یەکێتی ناتوانێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، بۆیە کۆمەڵ ببێتە ئۆپۆزیسیۆن باشە، ئەگەر حکومەتەکەش خراپ بێ، دوایی کۆمەڵ هیچ بەرپرسیارێتییەکی ناکەوێتە ئەستۆ". گوتیشی "ڕەنگە بەو شێوەیە کێرڤی جەماوەری کۆمەڵ بەرزتر ببێتەوە".

بەڵام عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ، سەرەتا ئەوان ڕاپرسییەکیان لەنێو کادرانی حیزبەکەیان کردووە بۆ ئەوەی بەشداریی حکومەت بکەن "سەرەتا زۆرینەی کادران لەگەڵ ئەوە بوون بەشداریی حکومەت بکەین، بەڵام ڕەنگە پشی پشی و دواکەوتنی حکومەتەکە وای کردبێ کە هەندێکیان پەشیمان بووبنەوە لەو هەڵوێستە".

ناوبراو بڕوای وایە ئەگەر حکومەت پێکبهێنرێ و کارنامەی لایەنەکان قبوڵ بکرێ "دەرفەتی چاکسازی دەبێ، چونکە هاوکێشەی سیاسی گۆڕاوە و دۆخەکە بە جۆرێکی دیکەیە".



## ڕێکنەکەوتوون و وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دیاری دەکەن

# نزیکەی 270 کەس لەناو یەکگرتوو خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستەکان پاڵاوتووە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هێشتا گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام هەر لایەنێک لای خۆیەوە دەستی بە ئامادەکاری کردووە بۆ ئەوەی کاندیدەکانی ئامادە بکات بۆ ئەو پۆستانەی لە ئایندەدا وەریاندەگرێ لەسەر ئاستی وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکارەکان.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە حیزبەکانەوە دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتوون، بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، فۆرم و CV ئەو کەسانەیان وەرگرتووە کە داوایان کردووە لە کابینەی هەشتەمدا پۆستیان پێبدرێ و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تاوەکو ئێستا ئەوەی یەکلایی نەکردووەتەوە، هەرچی پارتیشە، ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێ، مەکتەبی سیاسی ئەو ناوانە دەستنیشان دەکات کە پێویستە ئەو پۆستانە وەربگرن.

### "4 پێوەرمان هەیە"

ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند، دەستیان بە ئامادەکاری کردووە بۆ پاڵاوتنی ئەو کەسانەی لەسەر پشکی بزووتنەوەکەیان لە حکومەتدا پۆست وەردەگرن و ڕەتیشیکردەوە ئەو ناوانەی تاوەکو ئێستا بڵاوکراونەتەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتەکان ڕاست بن "تاوەکو ئێستا هیچ ناوێک لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا یەکلایی نەبووەتەوە بۆ وەرگرتنی وەزارەتەکان".

ئارام شێخ محەممەد، دەڵێ بۆ پاڵێوراوەکانمان "4 مەرجمان هەیە و دەبێ ئەو مەرجانە لە هەرکەسێکدا هەبن"، لەبارەی مەرجەکانیشەوە گوتی، دەبێ پسپۆڕیی لەکاری ئەو وەزارەتەدا هەبێ و هاوسەنگی لە تەمەندا هەبێ، واتە گەنجیشی تێدابێ و بەشێکیان ئافرەت بن و بەشداریی ناوچەکانیش هاوسەنگی تێدابێ".

ئارام شێخ محەممەد دەڵێ، ژمارەیەکی زۆر CVیان بەدەستگەیشتووە، بەڵام دواجار دەبێ جڤاتی نیشتمانی ئەوانە هەڵبژێرێ کە پسپۆڕی و شارەزاییان زۆرترە و گوتیشی "هەرکەس CV بنێرێ دەبێ پرۆژەی خۆیشی بنووسێ کاتێک دەبێتە وەزیر، چ بەرنامەیەکی چاکسازیی هەیە بۆ ئەو وەزارەتە". گوتیشی "بەڵام هیچ ناوێک یەکلایی نەبووەتەوە، چونکە ئێمە هێشتا چاوەڕوانی ئەنجامی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتین". وەک ئارام شێخ محەممەد باسیکرد، بۆ پۆستی ڕاوێژکار و وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی، CV یان وەرگرتووە.

### "وەک کابینەکانی پێشوو دەکەین"

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تاوەکو ئێستا هیچ ناوێکی یەکلایی نەکردووەتەوە بۆ ئەو مەبەستە و تەنانەت بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتیش کە دوای گفتوگۆیەکی پڕ ململانێ بۆ ئەو یەکلایی بووەتەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە دەڵێ "کادری خۆمان دەناسین، دەزانین کێ لێهاتووە بۆ هەر پۆستێکی وەزاری، بۆیە هەرکاتێک هاتە سەر ئەوەی ناوەکان یەکلایی بکرێنەوە، ئاسانە". سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ، لەکابینەکانی پێشوودا هەندێک کەس تەکلیف دەکران و هەندێک کەسیش CV خۆیان دەنارد و دواتر لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە هەڵسەنگاندیان بۆ دەکرا و ئەوانە دەستنیشان دەکران کە پێویست بوو ببنە وەزیر و بریکار و بەڕێوەبەری گشتی "ئەمجارەش هەروا دەکەین".

بەوپێیەی کە بەردەوام CV پێشکەش دەکرێ و فۆرم بۆ ئەو مەبەستە پڕ دەکرێتەوە، سەعدی ئەحمەد پیرە دەڵێ، "ژمارەیان زۆرە، بەڵام نازانم چەندە، بەڵام ئەوانە هەڵدەبژێرین کە کەفائەتیان هەیە".

### 270 داواکاری لای یەکگرتووە

ڕۆژی شەممە، سەرچاوەیەکی بەرپرس لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وەڵامی خۆیان لە پارتی وەرگرتووەتەوە و پێیانگوتوون "2 وەزارەت و سەرۆکی دەستەیەک دەدرێ بە یەکگرتوو"، ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها گوتی "بەڵام یەکگرتوو بە پارتی گوتووە 3 وەزارەتمان دەوێ و لەوانەیە پارتی نەرمی بنوێنێ".

هەرچەندە ئەم بابەتانە هێشتا لە چوارچێوەی گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە تێنەپەڕیوە، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە دەڵێ، ژمارەیەکی زۆر CV و فۆرمی ئەو ئەندام و کادرانەی یەکگرتوویان پێگەیشتووە کە دەخوازن لە پۆستە ئیدارییەکانی کابینەی هەشتەمدا دەستبەکار بن.

د. محەممەد ئەحمەد دەڵێ، دوای ئەوەی لیژنەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە و دەرگای خۆپاڵاوتنیان بە ڕووی ڕێکخستنەکانیاندا کردووەتەوە، ژمارەیەکی زۆر ناویان پێگەیشتووە "لەبواری ڕاوێژکاری، وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی، ناومان بۆ هاتووە، بەڵام ئێمە گوتوومانە بۆ وەزیر و ڕاوێژکار دەبێ پسپۆڕیی هەبێ و بۆ بەڕێوەبەری گشتی دەبێ ئەزموونی هەبێ".

هەرچەندە یەکگرتووی ئیسلامی تەنیا 3 وەزارەت وەردەگرێ، بەڵام وەک د. محەممەد ئەحمەد باسیدەکات، 30 کەس خۆیان پاڵاوتووە بۆ پۆستی وەزیر و هەر لە پارێزگای سلێمانی 76 کەس بۆ پۆستی ڕاوێژکاریی خۆیان پاڵاوتووە و 140 کەس بۆ بواری گشتی لەناو کاروباری ئیدارە و فەرمانگەکان خۆیان پاڵاوتووە و CV خۆیان ناردووە "دواتر ئەوانەی مەرجە یاساییەکان دەیانگرێتەوە و پسپۆڕییان گونجاوە، لەنێو ئەوانە لە سەرکردایەتی یەکگرتوو بە دەنگدان یەکلایی دەکرێنەوە".

### "بەرچاومان ڕوون نییە"

کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ هێشتا بەرچاویان ڕوون نییە کە ئاخۆ بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ یان نا، لەوەش دڵنیا نین کە ئاخۆ چ وەزارەتێکیان پێدەدرێ " بۆیە نازانین پێویستە زیاتر لە چ بوارێکدا پۆستەکانمان یەکلایی بکەینەوە".

د. سەباح بەرزنجی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، میکانیزمی دەستنیشانکردنی کاندیدەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بەوە جیادەکاتەوە لە حیزبەکانی دیکە کە دەڵێ "ئێمە خۆمان کادر و ئەندامانی کۆمەڵ تەکلیف دەکەین نەک خۆیان داوای بکەن".

ناوبراو بەهەمانشێوە باس لە فلتەرەکانی خۆیان دەکات کە خۆی لە شارەزایی دەبینێتەوە و دەڵێ "لە کۆتایی پرۆسەکەدا دەبێ مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و شاندی دانوستانکاری کۆمەڵ پەسەندی بکەن". گوتیشی "خۆمان وای بۆ دەچین لە نێوان وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵ یەکێکیان وەربگرین، بۆیە پێدەچێ پاڵێوراوەکانمان زیاتر لەو بوارانەدا بن".


### پارتی 2 کاندیدی دیارە

پارتی دیموکراتی کوردستان تاوەکو ئێستا کاندیدەکانی یەکلایی نەکردووەتەوە، بەوپێیەی هێشتا دڵنیانییە کام وەزارەتانەی بەردەکەوێ، هەرچەندە بۆخۆی لایەنی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێشبینی دەکات بەم نزیکانە پارتی وەڵامی لایەنەکان بداتەوە و گەڕێکی دیکەی دانوستاندنەکان دەستپێبکەنەوە. لەبارەی کاندیدەکانی پارتیشەوە بۆ وەرگرتنی وەزارەتەکان و پۆستەکانی دیکە دەڵێ "ئەوەی تاوەکو ئێستا ڕوونە، کاک نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و ئاشتی هەورامی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، بۆ وەزارەتەکانی دیکەش سەرقاڵن بە دیاریکردنی کەسێک بۆ خوێندنی باڵا، بەڵام دیار نییە ئەو وەزارەتانەی دیکە چین بەدەست پارتییەوە دەبن".



کۆبوونەوەیەکی پێشووی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)



# کاتێک دەرمان دەبێتە سەرچاوەی مەترسی

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە زانستی پزیشکیدا قسەیەک هەیە دەڵێت "هەموو دەرمانێک ژەهرە، گرنگە ئەو ژەهرە بەجۆرێک بەکاربهێنرێت کە نەخۆشییەکە لەناو ببات، نەک کەسە نەخۆشەکە". پزیشکێکی شارەزاش دەڵێ "هەڵە بەکارهێنانی دەرمان گرفتێکی گەورەی کەرتی تەندروستییە لە کوردستان".

هۆشیاری بەکارهێنانی دەرمان لە نێو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا تاوەکو ئێستا وەکو پێویست نییە. محەممەد سدیقی 35 ساڵ و دانیشتووی سلێمانی باوکی خۆی بە نموونە دێنێتەوە و بە پێکەنینەوە دەڵێت "باوکم هەر دەنکە حەبێکی ببینیایە دەیخوارد، دەیگوت بۆ شتێک هەر سوودی هەیە، خۆ بەبێ هۆ دروستنەکراوە". بەڵام محەممەد کە سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە، دەڵێت لەوێ بەپێچەوانەی باوکی ئەو ڕەفتار دەکرێت "لەوێ زۆر بە زەحمەت دەرمانێکت دەستدەکەوێت، ئەویش دوای ئەوەی بە چەندین فیلتەردا دەڕۆیت و پزیشکیش بۆت دەنووسێت".

"بەهۆی نەبوونی یاسایەکی پتەو کە بەکارهێنانی دەرمان ڕێکبخات، سەختە بتوانین کەسی کەمتەرخەم و تاوانبار لە مەسەلەی خراپ بەکارهێنانی دەرماندا بدۆزینەوە، هەر لە نەخۆشەوە هەتا کارمەندی تەندروستی و دەرمانساز و پزیشک"، ئەمە قسەی د.شوان فایەق، پزیشکی شارەزای هەناوییە.

دکتۆر شوان دەڵێت هیچ دەرمانێک نییە بەتەواوی باش بێت، تەنانەت حەب و دەرمانی پێکهاتوو لە ڤیتامینەکانیش، بەڵکو هەموویان بەگوێرەی پێکهاتەکەیان زیانیان هەیە و تەنیا پزیشک بۆی هەیە ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە ئەو دەرمانە بۆ کەسێک سوودبەخشە یان زیانبەخش.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە یاسا ڕێکخراوە کە تەنانەت پزیشکیش بەپێی پسپۆڕییەکەی خۆی دەرمان بنووسێت و دەبێت لەسەر شێوازێکی ستاندارد بێت، بەمجۆرە خەڵکی ئاسایی بە ئاسانی دەرمانیان دەستناکەوێت تا خراپ بەکاری بهێنن. کەچی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێنماییەکی نوێی وەزارەتی تەندروستیدا ڕێگە بە فرۆشتنی چەندین جۆری دەرمان بە کارمەندانی تەندروستی دراوە.

دکتۆر خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لەبارەی ئەو ڕێنماییە نوێیانەوە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ئەو ڕێنماییانە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە ئامادە کراوە و تەنیا بۆ ساڵێکیشن". وەک دکتۆر خالس گوتی، پرۆسەی داخستنی نۆرینگەی کارمەندە تەندروستییەکان کاتی دەوێت، چونکە سەندیکای کارمەندانی تەندروستیش بە بیانووی ئەوەی لە چەندین بنکەی تەندروستی حکومیدا ڕێگەیان پێدراوە دەرمان بنووسن، داکۆکی دەکەن بۆ ئەوەی هەندێک جۆری دەرمان لە نۆرینگەکانی کارمەنداندا بفرۆشرێن.

وەک ئەو گوتی، لە هەمواركردنەوەكانی ئایندەی ڕێنماییەکەدا، پێدەچێ ڕێوشوێنی توندتر دیاری بکرێت و ژمارەی ئەو دەرمانانەی بەبێ ڕەچەتەی پزیشک دەفرۆشرێن، کەمتر بکرێنەوە.

وەک پزیشکە شارەزاکەی هەناوی دەڵێت، کەمیی توێژینەوەی زانستی پزیشکیش لە کوردستاندا، ڕەنگە هۆکارێکی دیکەی ئەوە بێت کە هەندێکجار دەرمانەکان وەک پێویست کاریگەرییان نییە.

دکتۆر شوان فایەق دەڵێت "ئەو دەرمانانەی ئێمە بەکاریاندەهێنین پاش توێژینەوە لەسەر کەسانی وڵاتانی ڕۆژئاوا پەسەند کراون و ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایانە بەکاریان دەهێنین، بەڵام نەخشەی بۆماوەیی و جەستەیی خەڵکی ئێمە جیاوازە لەوان". بەلای دکتۆر شوانەوە، گرنگە لە کوردستانیشدا گرنگییەکی زیاتر بە توێژینەوە زانستییەکان بدرێ و لەسەر بنەمای ئەو توێژینەوانە چارەسەر دیاری بکرێت.

وەک تێبینی دەکرێت، لە کوردستاندا کاتێک دەرمانێک کاریگەری نابێت یان لەسەر ڕێنماییەکی زانستی نادرێت، لایەنێکی لێپرسینەوە نییە.

پزیشکە هەناوییەکە دەڵێت پێڕەوکردنی یاسا، نەک تەنیا ڕێنمایی، پێویستی بە کاری هاوبەش و هەماهەنگیی وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی هەیە و دەبێت بەڕوونی دیار بێت کێ ئەو دەرمانەی دیاری کردووە بۆ ئەو نەخۆشییە و بە چ بڕێک و بۆ ماوەی چەند و دوای ئەو دەرمانە پێویستی بە چی دەبێت.

دکتۆر شوان گوتیشی "من پزیشکی هەناویم. ئەگەر یاسایەکی توند لەسەر بنەمایەکی زانستی هەبێت، دەبێت کاتێک منداڵەکەی خۆشم نەخۆش دەکەوێت، هەتا پزیشکێکی منداڵان بەڕوونی دیاری نەکات، دەرمانخانەکان بە نووسراوی منیش دەرمانی پێنەدەن".



**دکتۆر ئیکرام حوسێن**

## نرخی دەرمان فڕیوە!

جگە لەوەی هیچ دەرمانخانەیەک نییە لە هەولێر و سلێمانی دەرمانی قاچاخی نەبێت، لەگەڵیدا نرخی دەرمانیش سێ هێندە و دوو هێندە و هەر هیچ نەبێت هێندەو نیوێک بەرزبووەتەوە.

ئەم وەزارەتی تەندروستییە هێندە بێ بەرنامە و بێ پلانە، کۆمپانیای هێناوە لە بەریتانیاوە بەو نیازەی کوالێتی دەرمانی بۆ کۆنترۆڵ بکات، بەڵام پزیشکانی ئاگادار نەکردووەتەوە لەوەی دەرمانی بێ کوالێتی بۆ نەخۆش نەنووسن، دەرمانخانەکانیش ناچارن پێداویستی بازاڕ و ئەو ڕەچەتانە پڕبکەنەوە کە لە پزیشکانەوە بۆیان دێت، زۆرن ئەو دەرمانانەی مۆری کوالێتی کۆنترۆڵیان پێوە نییە، ئوردنی و ئێرانی و سووری و بەریتانیشی تێدایە، بەهۆی کوالێتی کۆنترۆڵەوە بازاڕی قاچاخچێتی دەرمان گەرمبووەتەوە، مەبەستم لە قاچاخ ئەو دەرمانانەیە کە مۆری کوالێتی کۆنترۆڵیان پێوە نییە و نزیکەی نیوەی ئەو دەرمانانە لە دەرمانخانە یاساییەکاندا هەن، بۆ دەرمانخانە لاکۆڵانەکانیش ئەوە مەگەر تەنیا بۆردەکەی تەندروستی بزانێت چییان تێدا دەگوزەرێت، ئەو بۆردەی بەم دواییانە ڕێگای پێدان دوو جۆر دژە بەکتریا بفرۆشن بێ ڕەچەتەی پزیشک!.


موڤیکۆڵ و کۆڵۆ کلێن، کە پزیشکان دەینووسن بۆ قەبزی و نازوور، لە 11 هەزار دیناری جارانەوە ئێستا بووەتە 20 هەزار. بەریتانییە، بەڵام قاچاخەو مۆری کوالێتی کۆنترۆڵی پێوە نییە، زۆلاراس دەرمانی شەقیقەیە لە 3 هەزارەوە بووەتە 10 هەزار. ڕۆدۆجێل، دژە بەکتریایە لە 12 هەزارەوە بووەتە 17 هەزار. کاناجیسیک لە هەزار دینارەوە بووەتە 3 هەزار. دۆلۆکۆلد، هیندییەکەی، لە هەزار دینارەوە بووەتە 4 هەزار. ئەمپوڵی پاراسیتۆڵ دانەی لە 500 دینارەوە بووەتە 1250 . شروبی ئامۆکسیلی ئێرانی لە هەزار دینارەوە بووەتە 2 هەزار. پیکتۆمێکس لە 1500 ەوە بووەتە 5 هەزار دینار، ڕینۆراز لە 1000 دینارەوە بووەتە 5 هەزار، پرۆکتۆسینۆلۆن لە هەزارەوە بووەتە 4 هەزار دینار، ئەوانە و چەندینی دیکەش. تێیاندایە مۆری کوالێتی پێوەیە و هەیانە پێوەی نییە. هەیانە بە ئۆتۆمبێل لە کەرکووکەوە و هەشیانە بە کۆڵ لە ئێرانەوە دێت.

ئێوە وەزارەتی ئاواتان بینیوە لە دەرەوەی شارەکان کۆنترۆڵی دەرمانی داناوەو گوێی خەواندووە لەناو شارەکان؟ لە تەلەڤزیۆنەکانەوە ریکلام بۆ نەخۆشخانە و پزیشکی وەها دەکرێت گومان دەکەیت لەوەی نەتوانن مردوو زیندوو بکەنەوە، کەچی وەزارەتی تەندروستی هەموو کاردانەوەکەی ئەوەیە دەڵێ سکالامان لە دژی تەلەڤزیۆنەکان تۆمارکردووە، وەک ئەوەی ئەو نەخۆشخانانە ئەوان مۆڵەتیان پێنەدابن و لەبەردەستیاندا نەبن.


وەزارەتی تەندروستی تەواو گوێی خۆی لەو خەڵکە کەڕ کردووە، دژە بەکتریا لە هەموو دنیا هەستیارەو بێ ڕەچەتە نادرێتە کەس، کەچی لە هەولێری پایتەخت بەبێ ماچیش کام جۆرەیانت بوێت دەتدەنێ. لە نەخۆشخانەی حکومیدا خەڵکی بە دەرمانی قاچاخ کوێر بوون، قەیدی نییە، گەر پەلە نەکەین لەوانەیە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ ئاشکرابوونی هۆی مردنی یاسر عەرەفات و کوشتنی جۆن کەنەدی شتێک بدەن بەدەستەوە.

مەیمون لەخۆیدا نەبوو ئاوڵەشی گرت، حاڵی دەرمان خۆی زۆر باشبوو، با نرخەکەشی ببێتە چەند هێندە، ئەو خەڵکەش ئەگەر پارەی کڕینی نانیان نییە با کێک بخۆن.

# سوود و زیانەکانی بەکارهێنانی دەرمان



**د.زانیار نووری***



دەرمان بە هەر ماددەیەک دەگوترێت کە بەکاربێت بۆ هێورکردنەوە یان چاکبوونەوەی نەخۆش، جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە مێژە جۆرەها کەرەستەی



بەکارهێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو نەخۆشییەی کە تووشی هاتووە، ئاوهاش بەرکەوتەی لایەنە خراپەکانی دەرمان بووە.

### سەرچاوەی دەرمانەکان چین؟

سەرچاوەی دەرمانەکان زۆربەی پوختەی گیا، ڕژێن، شانەی ئاژەڵی و ماددە ئۆرگانییەکانن، کەواتە کاتێک کەسێک دەڵێت من چارەسەری سروشتی بەکاردێنم نەک دەرمان، ئەوە بە هەڵەدا چووە، چونکە هەموو دەرمانێک هەر سروشتییە! بگرە دەرمان زۆر باشترە لە گیا و ڕووەکی سروشتی، چونکە ئەم پوختەیە و بەڵگەی زانستی لەسەرە.

### دەرمانێک بێ مەترسی:

هیچ دەرمانێک نییە بەکارهێنانی بێ مەترسی بێت، بەڵام زۆربەی کات نەخۆشییەکە مەترسیی زیاترە ئەگەر چارەسەر نەکرێت. بۆیە لەڕێی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە هاوسەنگییەک (باڵانسێک) دەدۆزرێتەوە کە ئایا بەکارهێنانی دەرمانەکە بە سوودترە یان نا.

### چۆن مەترسییەکانی دەرمان کەم بکرێتەوە؟

بۆ کۆنترۆڵکردنی خراپ بەکارهێنانی دەرمان دەبێت پرۆسەی پێدانی بە نەخۆش ڕێکبخرێ، ئەویش بەپێی ستانداردی جیهانی کە 95%ی دەرمانەکان تەنیا پزیشک بۆی هەیە بینووسێت و تەنیا دەرمانخانە بۆی هەیە ئەو دەرمانە نووسراوە بدات بە نەخۆش.

**چۆن خراپ بەکارهێنانی دەرمان کەم بکەینەوە:**

1- هەرگیز بە پزیشک مەڵێ دەرمانم بۆ بنووسە، بڵێ چارەسەرم بکە!
2- هەرگیز دەرمان مەکڕەوە لە پاش بەکارهێنانی بێ پرسکردن بە دکتۆرەکەت.
3- ئەگەر پزیشکەکەت دەرمانی بۆ نووسیت، بپرسە لە هۆی نووسینەکەی.
4- پابەند بە بە چۆنێتی بەکارهێنانەکەی بەو شێوەیەی پزیشکەکەت و دەرمانسازەکە پێیگوتوویت.
5- ئەگەر سوودت لە دەرمانەکە نەبینی پەیوەندی بە پزیشکەکەتەوە بکە نەک وازهێنانی کتوپڕ.
6- ئەوەی بۆ کەسێکی دیکە نووسراوە لەوانەیە بۆ تۆ نەبێت و بێ پرسی پزیشک بەکاری مەهێنە، لەوانەیە دوو نەخۆشی جیاوازتان هەبێت با هەردووکیشتان هەمان ئازارتان هەبێت!
7- ئەوە بزانە کە هەندێک نەخۆشی هەیە پێویستی بە خواردنی دەرمان نییە، بەڵکو کاتییە و مەترسی زۆر کەمترە لە بەکارهێنانی دەرمانەکە.


***هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشییەکانی هەناو**

# دەرمانی دژە ئازار تووشی سەرئێشەت دەکات

**ڕووداو-NHS**

ئەو کەسانەی ڕاهاتوون بڕێکی زۆری حەبی کەمکردنەوەی ئازار بەکاربهێنن بۆ هەر ئازارێکی سادە، پێدەچێ بەهۆی خودی چارەسەری دژە ئازارەکەوە تووشی سەرئێشەیەکی درێژخایەن ببن.


ئەو جۆرە سەرئێشەیە بە سەرئێشەی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەرمان (Medication overuse headache) ناسراوە و بە حاڵەتێکی بڵاو دادەنرێت، بەجۆرێک لە ئەمریکا 1- 2 %ی دانیشتووان بەدەستییەوە دەناڵێنن و سێیەم هۆکاری سەرئێشەیە لە جیهاندا.



وێبسایتی بەنێوبانگی nhs.ukی بەریتانی کە گەورەترین ماڵپەڕی تەندروستیی ئەو وڵاتەیە، دەڵێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە هەفتەیەکدا زیاتر لە سێ جار چارەسەری دژە ئازار بەکاربهێنیت، ئەوا پێدەچێ بەهۆی ئەو چارەسەرانەوە تووشی سەرئێشەیەکی توند و ڕۆژانە ببیت.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتە، دەبێت دوای ڕاوێژ بە پزیشک دەرمانی دژە ئازارەکە بوەستێنی، بۆ ماوەی هەفتەیەک یان زیاتر ئازارەکەت زیاتر دەکات، بەڵام بە تێپەڕینی کات وەکو جاران باش دەبیتەوە.

# کوالیتی کۆنترۆڵ دەرمانی گران کردووە؟



**ڕووداو – هەولێر**

وەک تێبینی دەکرێت، ئەو دەرمانانەی لۆگۆی تێپەڕبوون بە کوالێتی کۆنترۆڵیان لێدراوە، نرخەکانیان گرانترە لەچاو ئەوکاتەی بە فلتەری کوالێتی کۆنترۆڵدا تێپەڕ نەبوون.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە (ڕووداو) پەیوەندەی بە د.ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرد و ئەویش گوتی "ناتوانین بڵێین ئەوەی ئەوکات هەمان کوالێتی ئێستای هەبوو. چونکە ئەوە تەنیا حکومەتە دوای پشکنین کوالێتی دەرمانێک دیاری دەکات، نەوەک ئەو دەرمانخانانەی دەیفرۆشن".

وەزیری تەندروستی هەروەها گوتی "ئێمە لەو کاتەوەی دەستمان بە پرۆسەی گەورەی کوالێتی کۆنترۆڵ کردووە، چەندین تەن دەرمانمان لەناو بردووە پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت شایستەی بەکارهێنان نین و ئەگەر ئەو پرۆسەیە نەبووایە دەکرا بە هاووڵاتیان بفرۆشرێن".

د.ڕێکەوت ئاشکرای کرد کە تاوەکو ئێستا یەک ملیۆن و 500 هەزار ستیکەری دڵنیاکەرەوەی کوالێتی کۆنترۆڵ لە پاکەتی دەرمان دراوە و پرۆسەکەش بەردەوامیی دەبێت "چونکە ئاسایشی خۆراک و دەرمان بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی و هیچی کەمتر نییە لە ئاسایشی ئەمنی و سەربازی".

تەوەری داهاتووی لاپەڕەی تەندروستی:
نەخۆشییەکانی دڵ...
خۆپاراستن و چارەسەر
دەتوانی ڕۆژانە لە لاپەڕەی تەندروستی پۆرتاڵی ڕووداو بینەری گەشتی هەواڵە تەندروستییەکان بیت

نۆڕین
نۆڕینی داهاتوو لە نەخۆشییەکانی دڵ دەنۆڕێت
کاتەکانی پەخش کردن :18:00ی ڕۆژی هەینی
دووبارە: کاژێر 00:00 ڕۆژی شەممە، کاژێر 14:00 ڕۆژی یەکشەممە

زۆرترین هەواڵی خوێنراوی لاپەڕەی تەندروستی پۆرتاڵی ڕووداو:
- بۆچی هەندێک کەس سەختتر لە کەسانی دیکە کێشیان دادەبەزێت؟
- پزیشکێکی کورد دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا
بۆ زیاتر زانیاری سەردانی لاپەڕەی تەندروستی پۆرتاڵی ڕووداو بکە:
Rudaw.net

ئاوات شێخ جەناب، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان:

# تا ئێستا ئەلف و بێی رێککەوتن لەسەر حکومەت دیار نییە



لە کاتێکدا زۆربەی بەرپرسانی پارتە سیاسییەکان باسی نزیکبوونەوەی راگەیاندنی حکومەت دەکەن، ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "هێشتا ئەلف و بێی رێککەوتن دیار نییە". ئاوات شێخ جەناب دەڵێت بزووتنەوەی گۆڕان تا ماوەیەکی دیکەش چاوەڕوانی ئەو دۆخە دەکات "بەڵام ئارامگرتنێکی زۆریشی نابێ". لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) ناوبراو وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانەش دەداتەوە کە پەیوەندییان بە کێشەکانی نێوان کورد و بەغداوە هەیە.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود

**رووداو: پێکهێنانی حکومەت گەیشتووەتە کوێ، کێشەکە لە یەکلاییکردنەوەی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ تێنەپەڕیوە هێشتا؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** پێموانییە هێشتا ئەو پۆستە یەکلایی بووبێتەوە بۆ گۆڕان. نەک هەر وەزارەتی ناوخۆ، بەڵکو پۆستەکانی دیکەش بە جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان و وەزارەتەکانی دیکەشەوە یەکلایی نەبوونەتەوە، چونکە تاوەکو ئێستا رێککەوتنی سیاسی لەسەر هیچ پۆستێک نەکراوە و تەنیا گفتوگۆی راستەوخۆیە و هەنگاوێکی جددی نەچووەتە پێشەوە، هەر هەواڵێکی خۆش دەبیستی، دژە هەواڵێکی بەدوادا دێ.

مەسەلەی بەشداریکردن لە حکومەت تەنیا سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت نییە، هەمووی یەک پاکێجە و بەیەکەوەیە. ئەگەر تۆ لەسەر هەموو ئەو پاکێجە رێکنەکەوی و ئەو رێککەوتنە رانەگەیەنی، مانای وایە هیچ نەکراوە.

**رووداو: دوو هەفتە لەمەوبەر گوترا هەموو شتێک لە کۆتایی مانگی شوبات دەبڕێتەوە**

## ● ئارامگرتنی گۆڕانیش کۆتایی دێت

## ● سەقفێکی زەمەنیمان دانەناوە بۆ پێکهێنانی حکومەت

**و ئێوەش وەک گۆڕان واتاندەگوت، مانگی شوبات کۆتایی هات و هیچیش یەکلایی نەبووەوە؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** جارێ ئەوە سەرەتای مانگی سێیە، مرۆڤ بە حەزەرەوە سەیری شتەکان بکات باشترە، گفتوگۆی جددی دەبینی لە شاندەکان، بەڵام ئەنجام دەرناکەوێ.

**رووداو: ئێستا چی بەدەستهاتووە؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** هیچ. چونکە هیچ نەچووەتە سەر کاغەز و ئەم پرسە زیاتر لە 160 رۆژە لە بازنەیەکی بۆشدا دەسووڕێتەوە، یان لە تونێلێکدایە و ئەوسەری تونێلەکە دیار نییە.

**رووداو: تەنانەت جێگری سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانیش کە یەکلایی بوونەتەوە، نەچوونەتە سەر کاغەز؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** نەخێر. ئەگەر بخرایە سەر کاغەز، لایەنەکانی دیکە سەرۆکی پەرلەمانیان وەردەگرت و دەبووە

## ● گۆڕان شایستەترە بۆ وەرگرتنی وەزارەتی پێشمەرگە و ئەنجوومەنی ئاسایش

رێککەوتنێکی کۆنکرێتی و رادەگەیێنرا کە فڵان حیزب وەریگرتووە.

**رووداو: بزووتنەوەی گۆڕان هەمان هیوای 2 مانگ لەمەوبەری ماوە بە پێکهێنانی حکومەت؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** بزووتنەوەی گۆڕان سیاسەتی خۆی لەدەمی رێکخەری گشتییەوە راگەیاندووە کە دەڵێ 4 ساڵی ئارام بۆ ئەو دۆخە سەختەی حکومەت بەپێویست دەزانین، گۆڕان فرسەتی خۆی دەدات بەو دۆزەی هەیەتی، بەڵام ئارامگرتنی گۆڕانیش کۆتایی دێ، چونکە دەکرێ ئەو حکومەتەش بچێتە نێو کتێبی (گینس) لەڕووی درێژبوونەوەی ماوەی گفتوگۆی پێکهێنانی. هەلی پێویست دەدرێ بەو پێشنیازانەی گۆڕان خۆی پێشکەشی کردوون. هەموو ئەوانەی لەبەردەمدان کاتیان بۆ دیاریکراوە و هەموو شتێک لەبەرچاو گیراوە، بەڵام ماوەی ئەو دەرفەتانە بۆ راگەیاندن ئاشکرا ناکرێن و ئەوە تایبەتە بە گۆڕان خۆی.

**رووداو: پارتیتان ئاگادار کردووە لەو دەرفەتەی دیاریتان کردووە؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** پێشنیازەکانی خۆمان لەو بارەیەوە پێشکەشی پارتی کردووە.

**رووداو: واتە پارتی دەزانێ ئێوە تاوەکو چەند ئارام دەگرن؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** زانستی سیاسی بەشێوەیەکە و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەش بەشێوەیەکی سەیر دەگۆڕێن، بۆیە سەقفێکی زەمەنیمان دانەناوە، بەڵام ئارامگرتنیشمان بێ سنوور نییە.

**رووداو: ئێستا گرێکوێرەکە چییە و کام پۆستەیە؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** باشە ئەگەر ئێمە باسی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی پێشمەرگە، ئەنجوومەنی ئاسایش و وەزارەتی دارایی نەکەین، ئەی باسی چی بکەین. ئەی بەشداریی راستەقینە چۆنە؟ وەزارەتی دارایی بڤەیە و وەزارەتی پێشمەرگە نابێ باس بکرێ؟ دەتوانی ئەو پرسیارە لە پارتی و یەکێتی بکەی چی بووە بە گرێکوێرە، بەڵام ئێمە پێشتر 4 پێشنیازی خۆمان داوەتە پارتی کە بۆچوونی ئێمە چییە. مەرج نییە ئێمە وەزارەتی ناوخۆمان وەرگرت دەستبەرداری ئیستحقاقی خۆمان ببین، وەزارەتی ناوخۆ بەتەنیا ناکەین بە مەرجی بەشداربوون.

**رووداو: پاکێجە پێشکەشکراوەکانی گۆڕان چین و چۆنن؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** ئێمە بۆ گفتوگۆ داومانە بە پارتی و بۆ راگەیاندن پێمان نەداوە. هەموو ئەو شتانەی باسکراون قسەی نافەرمین و قابیلی ئەوەیە لەسەر هەڵوێستێکی رەسمی یەکێک لەو لایەنە براوانەی هەڵبژاردن، هەڵوەشێتەوە و سفر ببێتەوە.

**رووداو: هەر پۆستێک گۆڕان داوای کردبێ یەکێتی بۆی هاتووەتە سەر هێڵ، ئەوە لەبەر چییە؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** ئەوە کێشەی ئێمە نییە و بەشداریی راستەقینە بەو شێوەیە دەبینین کە بۆم باسکردی. بە تەنیا وەزارەتی ناوخۆمان دیاری نەکردووە و وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ شتەکانی دیکە وەردەگرین. گۆڕان شایستەترە بۆ وەرگرتنی وەزارەتی پێشمەرگە و ئەنجوومەنی ئاسایش، چونکە ئێمە وەک پارتی و یەکێتی عوقدەمان لەگەڵ یەکدی نییە.

**رووداو: بەپێی قسەکانی تۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمیش هاتووەتە ناو گفتوگۆکان؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** ئەگەر لەناو حکومەتدایە پێویستە هەبێ، ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش لە دەرەوەی حکومەتیش بێ ئەوە جیاوازە.

**رووداو: باس لەوەش دەکرێ کە رەنگە پێکهێنانی حکومەت بۆ دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی مانگی نیسان دوابکەوێ؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** یارییەکی سیاسی مەترسیدارە. ئەوکات وەک ئەوە وایە دەنگدەر لە دۆڵێک بێت و دەسەڵاتداری سیاسی دەستڕۆیشتوو لە دۆڵێکی دیکە بن.

**رووداو: ئەگەر پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێ بۆ کۆتایی مانگی ئادار، کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوو دەبێ؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** ئەی چۆن کاریگەری نابێ، ئەوکات خەڵک بۆ نموونە متمانەی بە دەنگدان نامێنێ. ئەوان لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژوویدان.

**رووداو: ئێوە هەندێک لەو سەرکردانەی بەشدارییان لە دروستکردنی بزووتنەوەی گۆڕان کرد لە ماڵەوەن، بەشداریی کۆنگرەیان کرد و نەشگەڕانەوە سەر کارەکانیان، بۆ هەوڵیان لەگەڵ نەدراوە بگەڕێنەوە؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** کێ دەڵێ لە دەرەوەن و نەگەڕاونەتەوە؟

**رووداو: من دەڵێم.**

**ئاوات شێخ جەناب:** بزووتنەوەی گۆڕان سروشتێکی جیاوازی هەیە لە کاری حیزبایەتی، ئەزموونێکی نوێیە و کاتێکی

## ● وەزارەتی ناوخۆ بەتەنیا ناکەین بە مەرجی بەشداربوون

## ● مالیکی دەتوانێ بڵێ لە هەرێمی کوردستان بۆشایی ئیداری هەیە

دەوێ تاوەکو خەڵک لێی تێدەگەن. ئێمە حیزبی دەنگدەرین. ئەوەی دەبێتە پەرلەمانتار و وەزیر، لەناو گۆڕاندا بەرپرسیارێتی نامێنێ. لای ئێمە ئەو تەقلیدانە نییە و ئەو دەستوور و پەیکەربەندییەی بڕیاری لەسەر دراوە هێواش هێواش جێبەجێ دەبێ و ئەوکات زوویر بوون نامێنێ. لێرە هەموو کەس ئازادە دەنگ بەکێ دەدات و حیزبی دەنگدەرە. لێرە چانس دراوە بە نەوەیەکی گەنج بۆ ئەوەی خۆی تاقیبکاتەوە. لای ئێمە دەسەڵات و بەرژەوەندی نییە و فکر و مەبدەئمان خستووەتە پێشەوە. ئەوانیش کە تۆ باسیان دەکەی کە قسە دێتە سەر فکر کار بۆ گۆڕان دەکەن و تەنانەت پیتاک و هاوکاریشی بۆ کۆدەکەنەوە، بەڵام رەخنەشی لێدەگرن.

**رووداو: بەڵام ئەوان لەماڵەوەن و روون و ئاشکرایە کە زویرن و کارناکەن؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** باشە ئەوان وازیان لە گۆڕان هێناوە؟

**رووداو: ئەی لە دەوامن؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** کاک قادر لەو ماوەیە هاتووە بۆ لای کاک نەوشیروان. خۆ ئەوان کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن هاتنە ئێرە و لەگەڵ گۆڕان خەریکی بانگەشە بوون. یەکێک لەو شتانەی شانازی پێوە دەکەین بە پێچەوانەی حیزبەکانی دیکە، ئەوەمان نییە کە لەسەرەوە گوتیان رەش، هەموو بڵێین رەش.

**رووداو: بەڵام ئەوان رەخنەیان لە شێوازی دروستکردنی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان هەبوو؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** ئەوە تێپەڕی، ئەو برادەرانە کە رەخنەیان هەبوو هاتنە کۆنگرە و لەسەر داوای ئەوان جارێکی دیکە هەڵبژاردنی جڤاتی نیشتمانی کرایەوە و هەموو شتێک کۆتایی هات.

**رووداو: بەڵام بۆ نەگەڕانەوە سەر کارەکانیان؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** وەک گوتم هەڵسوڕاوەکانی ئێمە پێویستیان بە نازناوێک یان شتێکی لەو جۆرە نییە بۆ ئیشکردن. ئەو قەزیەی فکری هەیە و هاتووە بۆ ئیشکردن. بەشێک لەوانەی لەناو یەکێتییەوە هاتوون، لە داخی تەکەتولات هاتوون و قبوڵی تەکەتولاتیان نەکردووە و نیسبەتێک دیموکراسییەت و شەفافیەت و گۆڕانکاری بەرەوپێش بردووە و نایەت دەست لەوە هەڵگرێ.

**رووداو: چۆن لە کێشەکانی ئێستای هەولێر و بەغدا دەڕوانن؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** ئەوە شکستی دەسەڵاتی سیاسی کورد دەردەخات و هەندێک لە لایەنە کوردییەکانی نێو ئیئتیلافە کوردستانییەکانیش پشکی بەرپرسیارێتییان بەردەکەوێ.

**رووداو: بەڵام خۆ ئێوەش ماوەی 4 ساڵە لە بەغدان؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** ئێمە لە بەغدابووین، بەڵام لەناو حکومەتدا نەبووین.

**رووداو: بۆچی ئێوە بەردەوام رەخنە لە یەکێتی و پارتی دەگرن بەرامبەر بەغدا و لەنێوخۆی کوردستانەوە بەدەگمەن رەخنە لە مالیکی دەگرن؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** رەخنەمان لە مالیکی گرتووە، لەکاتی خۆیدا قسەی خۆمان کردووە. بەڵام کێ نوێنەرایەتی کورد دەکات لە بەغدا؟ کە مالیکی دێتە هەرێمی کوردستان دەچێتە لای پارتی و یەکێتی یان کۆمەڵ و گۆڕان و یەکگرتوو؟

**رووداو: ئەی کە ئێوە دەزانن هەموو شتێک لە بەرپرسیارێتی پارتی و یەکێتییە بۆ ئێستا بوونەتە هاودەنگی پارتی و یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** پرسیارەکەت دەقیق نییە، مالیکی قووتی خەڵک دەبڕێ چۆن رەخنەی لێناگرم. لە پرسەکانی دیکەش، کە پێوەندی بە یەکڕیزی کورد هەبێ لەگەڵیان بووین.

**رووداو: کەواتە بەپێی لێکدانەوەی خۆتان ئێوەش خزمەتتان بە پارتی و یەکێتی کردووە لە بەغدا؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** رەنگە، ئەوان ئیستیفادەیان لە هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی ئێمە کردووە.

**رووداو: تۆ دەڵێی مالیکی قووتی خەڵکی بڕیوە، کەچی رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگری لە بەغدا؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** ئاخر ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی ئەوانە.

**رووداو: وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان راپۆرتێکی لەبارەی دەرهێنان و گرێبەستەکانی نەوت بڵاوکردەوە، هیچی لا روونکردنەوە، ئایا پەسەندی دەکەن؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** نەخێر ئەو راپۆرتە پەسەند ناکەین، چونکە نەهاتووەتە پەرلەمانەوە، کۆی چالاکی وەزارەتەکە لەو راپۆرتە تەواو نابێ، لەم تەنگانەیەدا بۆ ئەو پارەیە دیارنییە کە وەزارەتەکە باسیدەکات؟ هێشتا گرێبەستەکان بە ناڕوونی ماونەتەوە. دوای ئەو راپۆرتەش هێشتا هیچ روون نییە، دیسان کوا ئەو پارەیەی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەڵێ لە بانکدا هەڵگیراوە.

**رووداو: بەبڕوای تۆ حکومەتی بەغدا تاوەکو چەند سوودی لەو دۆخە سیاسییەی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە؟**

**ئاوات شێخ جەناب:** لەوانەیە حکومەتی بەغدا بتوانێ بڵێ لە هەرێمی کوردستان بۆشایی دەستووری یان حکومەت هەیە و نازانم گفتوگۆ لەگەڵ کێ بکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. دەتوانێ بڵێ بۆشایی ئیداریی هەیە لە هەرێمی کوردستان. ماوەی زیاتر لە 160 رۆژ تێپەڕیوە و تاوەکو ئێستا ئەلف و بێی رێککەوتن دیار نییە. ماوەیەک پارتی بە یەکێتی دەگوت نازانم لەگەڵ کێ گفتوگۆ بکەم، ئەی بۆ مالیکی ناتوانێ هەمان شت بە حکومەتی کوردی بڵێ؟



جێگری سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانیش کە یەکلایی بوونەتەوە نەچوونەتە سەر کاغەز



عومەر ئەحمەد*
Omar.moradi@yahoo.com

# هەرێمی كوردستان لە بەڕێوەبردنی فایلی نەوت شكستی هێناوە؟

## وەڵامێک بۆ فەرید ئەسەسەرد

ئەم ڕۆژانە پەیژەی هیچ كەسێک لە پەیژەی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان كورتتر نییە، هەر كەس هەڵدەستێ و ڕەخنە لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی كوردستان دەگرێ. هەفتەی ڕابردوو كاک فەرید ئەسەسەرد لە ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)وە بەرپرسیارێتی قەیرانی دارایی ئێستای هەرێمی كوردستانی خستە ئەستۆی باش بەڕێوەنەبردنی كەرتی نەوت لە هەرێمی كوردستان. ئەوە لەكاتێكدایە كە زۆر ئەستەم نییە بزانرێت ناكۆكییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و عێراق لەسەر نەوت و بودجە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە هەرێمی كوردستان وەک پێكهاتەیەک لە چوارچێوەی وڵاتێكی فیدراڵیدا خەریكە داوای مافی زیاتر و شەڕی سەروەری و دەسەڵات و كۆنترۆڵكردنی سامانی سروشتیی خۆی دەكات و كێشەكە لە بنەڕەتدا باش یان خراپ بەڕێوەبردنی كەرتی نەوت نییە.

سیستەمی فیدراڵی لە عێراق چوارچێوەیەكی سیاسی نوێیە كە دەسەڵاتداران و سیاسییەكانی پێی ڕانەهاتوون. تەنانەت لە ئەوروپا و ئەمریكاش ئەو وڵاتانەی كە خاوەنی سیستەمی فیدراڵین، زۆرجار بەرەورووی كێشە و گرفت دەبنەوە لە دیاریكردنی دەسەڵاتی نێوان هەرێمەكان و حكومەتی فیدراڵی. هەر بۆیە سروشتییە كوردیش وەک گەلێكی جینۆسایدكراو لە چوارچێوەی سیستەمێكی فیدراڵیدا هەوڵی دەسەڵاتی زیاتر بۆ خۆی بدات، تەنانەت ئەگەر لەسەرووی دەستووری عێراقیش بێت. پێموانییە تاكی كوردیش پشتگیری لە هەڵوێستی ئێستای كورد لە دانوستاندنەكانی نێوان هەرێم و بەغدا نەكات بۆ بەدەستهێنانی ماف و دەستكەوتی زیاتر و هێندە كورتبین بێت دەستكەوتی نیشتمانیی درێژخایەن و داهاتووی نەوەكانی ئەم وڵاتە بكاتە قوربانی بەرژەوەندیی كورتخایەن و "هەماهەنگبوون" لەگەڵ حكومەتی ناوەند. ئەگەر هەرێمی كوردستان لە دانوستاندنەكانیدا لەگەڵ بەغدا تەنازول بكات و كۆنترۆڵی نەوت و غازی خۆی بە بەغدا بدۆڕێنێ لەبەر فشاری نەناردنی بودجە و مووچەی ئەم مانگ و ئەو مانگ، ساڵانی داهاتووش هەمان یاری پێدەكرێتەوە و هەموو ساڵێک دەبێت فێربێت دەستڕاكێشێت بۆ پێدانی قووتی هاووڵاتیان.

بەگوێرەی شارەزایانی نەوت، سیاسەتی نەوتی هەرێمی كوردستان لە سیاسەتەكانی نەوتی عێراق باشترە، هەم لەڕووی گەشەپێدان و هەم لەڕووی بەڕێوەبردنەوە. لە ڕێی پەرەپێدانی كەرتی نەوت، هەرێمی كوردستان تا ئێستا توانیویەتی نزیكەی 20 ملیار دۆلار سەرمایەی دەرەكی بۆ ناو هەرێم ڕاكێشێت و كەرتەكانی دیكەی وەک بازرگانی و پیشەسازی و كارەبا و گەشتیاری و فرۆكەوانی و خانووبەرەی پێ بگەشێنێتەوە.

بەپێچەوانەوە، بەغدا هەموو ساڵێک لە بودجەی گشتی بە دەیان ملیار دۆلار كە لە چەند ساڵی ڕابردوودا زیاتر بووە لە 50 ملیار دۆلار، بەناوی گەشەپێدانی كەرتی وزەو نەوت بەفیرۆ دەدات، كەچی ئەو وڵاتە بۆ نموونە نەیتوانی ئاستی هەناردەكردنی نەوت لە 2013 دا بەرزبكاتەوە و تەنانەت كەمتر بوو لە ساڵی 2012. كەرتی نەوت و غازی عێراق نە بەجوانی بەڕێوەدەبرێت و نە بە گونجاوی پەرەی پێدەدرێت، گەواهیش بۆ ئەو قسەیە تێبینییەكانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە و ناوەندەكانی لێكۆڵینەوەی سەربەخۆی وزەیە لە جیهان.

هەفتەی ڕابردووگەورەترین كۆمپانیاكانی نەوتی جیهان وەک ENI ی ئیتالی و BPی بەریتانی لەبەر بیرۆكراسیی زۆر و گەندەڵییەكانی عێراق هاواریان بەرزكردەوەو هەڕەشەی جێهێشتنی ئەو وڵاتەیان كرد. لەخۆڕا نییە كۆمپانیای ئیكسۆن مۆبیل هەر زوو وازی لە باشووری عێراق هێنا و ڕووی كردە هەرێمی كوردستان. كاک فەرید دەڵێت سەرەڕای ئەوەی هەرێمی كوردستان 52 گرێبەستی لەگەڵ كۆمپانیاكانی نەوت هەیە، هێشتا ناتوانێت خۆی پابەندی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل بكات و ئەوە بە یەكێک لە دیارترین شكستەكانی سیاسەتەی نەوتی هەرێمی كوردستان ناودەبات. ئەگەر كەسێک شارەزای نەوت بێ، دەزانێت هەرێمی كوردستان تا ئێستا بەزۆری لە قۆناغی گەڕان و دۆزینەوەی نەوتدایە و تازە گەیشتووەتە قۆناغی بەرهەمهێنانی نەوت و هێشتا پێویستی بە كاری زۆرتر و لێدانی چاڵی نەوتی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بكات. لەگەڵ ئەوەشدا تا كۆتایی ئەمساڵ، بەپێی دۆزینەوەكان و بەرنامەی كۆمپانیاكانی كاركەر دەتوانێت بگاتە بەرهەمهێنانی ئەو ڕێژەیە.

كاک فەرید دەڵێت عێراق ئەندامێكی هەمیشەیی ڕێكخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و هەموو ئامارەكانی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەو فرۆشتنی نەوتی ئاشكرایە و ڕەخنە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەگرێت كە بۆچی وەک عێراق ناكات. ئەوە لە كاتێكدایە حكومەتی هەرێمی كوردستان مانگی ڕابردوو ئەو ئامارانەی كاک فەرید داوایان دەكات لە میانەی ڕاپۆرتێكی 31 لاپەڕەییدا بڵاوكردەوە كە وردترین زانیاری لەسەر چالاكییەكانی كەرتی نەوت لەخۆدەگرێت.

ئەگەر ئەندامبوون لە ڕێكخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی مەرج بێت بۆ شەفافبوون، بۆچی عێراق لەنێوان 177 وڵاتدا لە ڕیزی 171 ی وڵاتانی جیهانە لە ڕووی شەفافیەتەوەو تەنیا 6 وڵات لە جیهاندا ماوە كە لە عێراق گەندەڵترن. لەوە سەیرتر ئەوەیە لە ساڵی 2012دا كە بەپێی كاک فەرید عێراق بووەتە ئەندامی هەمیشەیی ئەو ڕێكخراوە، پلەی شەفافیەت لە عێراق 18% بووە، كەچی لە 2013دا دابەزیوە بۆ 16%، بەوپێیە لەوكاتەوە كە بووەتە ئەندامی هەمیشەیی ئەو ڕێكخراوە، ئاستی شەفافیەت لە عێراق دابەزیوە.

ئەسەسەرد ڕەخنە لە هەرێمی كوردستان دەگرێت كە وەک كاڵا مامەڵە بە نەوتەوە ناكات و وەک ئامرازێكی سیاسی بەكاری دەهێنێت و دەڵێت "با هەرێمی كوردستان نەوت بەرهەمبهێنێت و بەغدا بیفرۆشێت".

ئەگەر كوردستان قایل بێت بەوەی نەوت بەرهەمبهێنێت و بەغدا بیفرۆشێت، جا بۆچی خۆی تووشی ئەو هەمووە ژانەسەرە دەكرد. خۆ لە سەرەتای دانوستاندنەكانی شاندی هەرێمی كوردستان لەگەڵ بەغدا، مالیكی و شەهرستانی مەمنوونی هەرێمی كوردستان بوون ئەگەر ئەوەیان قبووڵ بكردایە، بەڵام هەرێمی كوردستان دەیەوێت دەسەڵاتی فرۆشتنی نەوتی خۆی هەبێت و قەرەبووی قوربانیانی ئەنفال و جینۆسایدی پێ بكاتەوەو مووچەی پێشمەرگەی لێ بدات. كاک فەرید لەوە بێخەبەرە كە تا چەند ساڵێكی دیكە هەرێمی كوردستان دەتوانێت 25%ی داهاتی عێراق لە فرۆشی نەوتی خۆی دەستەبەر بكات، كەچی هێشتا بەغدا ئامادە نییە 17%ی بەشە بودجەكەی بنێرێت، وەک بینیمان بۆ دوو مانگی بەردەوامە یاری بە بودجەی هەرێمی كوردستان دەكات.

هیچ كاتێک نەوت وەكو كاڵایەک سەیر نەكراوەو هەر لەسەرەتای دۆزینەوەیەوە هەمیشە بەهێزترین ئامرازی سیاسی بووە. بۆیە ڕەخنەگرتن لەوەی كە بۆچی كورد وەک كاڵا سەیری نەوت ناكات و وەک ئامرازی سیاسی بەكاری دەهێنێت، وەک ئەوەیە داوابكرێت كە كورد بە ساویلكەترین شێواز یاری بە چارەنووسی خۆیەوە بكات.

نەوت نە تەنیا هۆكاری ڕوودانی زۆر لە شەڕەكان بووە، بەڵكو فاكتەرێكی بەهێزیش بووە لە دابەشبوونی وڵاتان و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ. زۆربەی وڵاتانی كەنداو نەوت دروستیكردوون. بەم دواییانە لە 2011دا باشووری سوودان بەهۆی نەوتەوە توانی سەربەخۆیی خۆی بسەپێنێ.

***ماستەر لە بواری نەوت**



هەمزە غەفار ئەحمەد

# ڤەگەراندنا وەزارەتا ژینگەهێ بو كابینا هەشتێ

وەزارەتا ژینگەهێ د كابینا شەشێ و هەفتێ یا حكومەتا هەرێما كوردستانێ هاتبو ڕاكرن، لێ بدیتنا من ڤەگەراندنا وەزارەتا ژینگەهێ ل كابینا هەشتێ دا گەلەک یا گرنگە كو ب ڕەنگەكێ ئەكتیڤ ڕۆلێ خۆ بگێڕیت.

ژبەركو ئەو پرسگرێكێن ژینگەهێ یێن ل كوردستانێ هەین، بدیتنا من نە ڕێڤەبەرێین گشتی یێن ژینگەهێ و نە ڕێكخراوێن ژینگەهێ دكارن ڤان كێشا چارەسەربكەن، بەلكو د هندەک بیڤاندا چێدبیت وەزارەتا ژینگەهێ ژی د دەمەكێ كێم دا نكاریت ڤان پرسگرێكان سەردەرییەكا ژینگەهدوستانە و زانستی، یا خوراگر دگەلدا بكە. یا فەرە هەمی كابینەیێن بهێن یێن حكومەتا هەرێما كوردستانێ پلان و ئەجێندەكا ڕژد و دوورخاوێن هەبیت، دا مەترسیێن ل سەر ساخلەمییا هەموەلاتیێن كوردستانێ بهێتە كێمكرن!

د دیروكا مللەتێ كورد دا، نەیارێن مە برەنگەكێ سیستەماتیک و ب پلاندانان، بزاڤ و پێكول یێن كرین ژینگەها كوردستانێ بهێتە گەماریكرن و لەوتاندن. بكارئانینا قورقوشم لناڤ تەقەمەنیان دا و ناپالم و مین و هەروەسا بكارئانینا چەكێ كومكوژ (كیمیاوی و بایولوجی).

قورقوشم كارتێكرنەكا خراب یاهەیی لسەر ئامرازی دركەدەمار بتایبەتی بچیكێن دزكێ دایكا خۆدا و زاروكێن ساڤا، مەزن ژی توشی ئێشێت دلی و دەمارا و گڤاشا خوینێ بلند دبیت.

ل گوڕ دەزگاییێن ڕاگەهاندنێ یێن كوردستانێ و بیانی، ئەو جهێن توشی چەكێ كومكوژ بووین ل كوردستانێ ڕێژەیا نەخوشیێن پەنجەشێری و كورەیی و تەنگەنەفەسیێ زێدەترە ژ جهێن دن، هەروها زاڕۆكێن كێم ئەندام ژی پەیدادبن و نەخۆشییێن دەرونی ژی دناڤا زاڕۆک و مەزنان دە ل وان ناڤچەیان زێدەترن.

زێدەباری دهەردوو شەڕێن كەنداڤێ دا یێن سالا 1990 و 2003 بكارئانینا دیپلیتد یوڕانیوم ژ لایێ هێزێن لەشكەرێ ئەمریكی و هێزێن هەڤپەیمانان ڤە دناڤ تەقەمەنیان دا ل دژی ئارمانجێن هێزێن لەشكەرێ ئیراقێ یێ هاتییە بكارئانین. لگوڕ پسپۆران گەردیلێن دیپلیتد یوڕانیوم لگەل توزێ و بای بەلاڤ دبن و دەما مروڤ هەناسێ ددەت، ئەو گەڕدیلە دگەهنە ناڤ سییێن مروڤی و تیژكی بەرددەن، ئەڤە دبیتە سەدەما هندێ ئێشێن وەكی پەنجەشێری و زاڕوكێن كێم ئەندام پەیدابن. ل گۆر مالپەرێ خەندان یێ 11 ی مەها 2 یا 2013 ڕێژەیا یۆرانیۆم لناڤ هەوایێ هەرێما كوردستانێ سێ هزار جاران ژ ڕێژەیا ئاسایی زێدەترە. ئەڤەژی یێ بویە سەدەما هندێ 9 هەزار زاڕوک تووشی نەخۆشیا "هایدرۆكیفالس" بونە، كو ئەوژی نەخۆشییەكا مێشكی یە! گەلەک ڕاپۆرت و لێكولینێن زانستی سەبارەت دیاردا دورپێچكرنا گەرمێ (ظاهرة الاحتباس الحراري) هوشداریێ ددەن كو گوهرینێن مەزن د سەقایی دا لسەر ڕوییێ ئەردی دێ پەیدابن. ئێک ژوان ڕاپۆرتێن هوشداریێ ددەن، ڕاپۆرتا چارێ یا پەنێلا نەتەوێن یەكگرتی یا گوهرینێن سەقایی یا سالا ٢٠٠٧ێ یە. ل دووڤ وێ لهندەک دەڤەرا قەشا و بەفرانگە (گلاسێر) و بەفر دهێتە بوهژاندن و دبیتە سەدەما بلندبونا ئاستێ ئاڤا دەریا و بن ئاڤبوونا ئەردی و لەهی و ئاڤ ڕابونێ. ل هندەک دەڤەرێن دی بێ ئاڤی و هشكاتی دێ پەیدابیت و بیتە ئەگەرێ نزم بونا ئاستێ ئاڤا ژێرئەرد و ناڤچوونا گەلەک جورێن گیا و ئاژەڵ و پەیدابونا نەخۆشیان و مشەختبوونا بملیونان پەنابەرێن ژینگەهێ.

هەروەسا پێشبینی دهێتە كرن، هشكاتی و كێم ئاڤی و نزم بونا ئاستێ ئاڤا ژێر ئەرد ل دەڤەرێن مە (ڕوژهەلاتا ناڤین) پەیدا ببیت و ئاڤ ژی ل پاشەڕوژێ دێ بیتە كەرەستەیەكێ بها گران، هەر نوكە وەلاتێ توركیا گەلەک بەنداڤا ل سەر ڕوبارێن تێنە كوردستانێ و ئیراقێ دروست دكە. ئیران ژی ڕوبارێن تێنە كوردستانێ هشک دكەت بەرێ وان ددەتە ناڤ ئاخا ئیرانێ بو نمونە ئاڤا ڕوبارێ ئەلوەن و سیروان و قۆرەتوو، هەروەسا هەول ددەت ئاڤا ڕوبارێ زێ بچووک كو ژێدەرێ سەرەكییە بو بەنداڤا دوكان، بەرێ وی بدەتە دەریایا ئورمیێ هەتا بشێن وەكی گڤاشتنەكا سیاسی بكاربینە و ئێكوسیستێمێ تێكبدەن و زیانا ئابوری بگەهینە خەلكێ ل دەوروبەرێن وان ڕوبارا دژین وهەروەسا زیانێ بگەهینە هەمی جورێن ئاژەلا و گیایان یێن وێ هاوێردوریێ دا دژین. ئەڤ قوناغا نوكە كوردستان تێدا دچیت گەلەک كومپانییێن ناڤخوی پەیدابونە و یێن بیانی ژی هاتنە كوردستانێ، لڤێرە پێدڤییە مەرج و یاساییێن ژینگەهێ هەبن، هەتا بەس مفایێ خو ل بەرچاڤ نەگرن و كارێ وان زیانێ نەگەهینە مللەتی و ژینگەها مە پێتر نەهێتە لەوتاندن!

پاشڤەما و گلێشێ مالا و خارنگەها و نەخۆشخانا و دبستانا و هەمی بنگەهێن پێشەسازی دەما برێكا سوتنەكا بێ كۆنترول خو لێ خلاسدكەن، ل گەل ڤێ چەندێ هندەک ئالۆزیێن دی پەیدا دبن ژبلی بێهنا پیس و دیكێلێ و دیمەنێن نەیێن جوان بو دەوروبەرێن خو كار تێكرنەكا خراب یاهەی لسەر تەندروستیا هەموەلاتیان و دبیتە سەدەما پەیدابونا گەلەک نەخوشیێن پەیوەندی هەی و بدەزگایێ هەناسێ ڤە.

ژبەركو ل گەل ڤێ چەندێ گەردیلێن گەلەک مێتالێن قورس وەكی قورقوشم و جیوە و كادمیوم لگەل دایوكسین (گروپەكێ ماددێت ژەهراویە) بەلاڤەدبن دناڤ با و ئاخێ دا. بسەدەما كەرەستێن كیمیاوی و گلێشێ ئەلكتریكی و ئەلەكترونی وەكی تێلەفزیون و بەفرگرا و سپلێتا و كومپیوتەرا و هتد... هەلبەت گەلەک ماددێن ژەهراوی یێن ناڤدا هەی! هەروەسا گلێشێ پاشڤەماییێن ترسناک وەكی پاتریا و پاشڤەماییێن دەرمانان و سیكوتین و تیرمومیترێن جیوە و دەرمانێن دژی ئینسێكتا و (صبغ) و سپرا پرچی وكەرەستێن كیمیاوی و تیژک دەر ...هتد هەلبەت هندەک ژوان ژەهراوینە و بەشەكێ دی كەنسرێ چێدكەن و هندەكێن دی مەترسی یێ هەی بۆ پەقینێ و ئاگر بەربونێ.

ل دووڤ مالپەرێ ڕوژناما هاولاتی یا 11ی ئایارا سالا 2013، وەزیرێ تەندروستی دكتۆر ڕێكەوت حمە ڕەشید دبێژیت، ل دەستپێكا كابینا حەفتێدا 850 تەنێن دەرمانێن كەڤن و ئێكسپایێر بویی یێن هاتیە دەستەسەركرن.

ئەڤە و ل گەل دەرمانێن دەم بسەرڤە چوی ل ناڤ ئەمبارگوییێن دەرمانان و دەرمانخانە و نەخوشخانان دا. هەروها ئەو دەرمانێن كەڤن و ئێكسپایێر بویی، كو وەلاتی ب ڕەنگەكێ نەگونجایی و خۆ لێ ڕزگار دكەن، وەكی هاڤێتنا وان بو ناڤ گلێشێن مالا و زبلدانان و دەوروبەرێن خۆ. ئەڤان هەمیان برێكا سوتنەكا بێ كۆنترول خۆ لێ ڕزگار دكەن.

ل دووڤ گەلەک ڕاپورێن ڤەكولینێن زانستی، دەما ئەم دەرمانان دهاڤێژینە دەوروبەرێن خۆ، گەلەک جورێن بەكتێرییایێن ڕێزیستینس (بەرگری هەی) پەیدا دبن و دەما مروڤ تووشی وان بەكتیریایان دبیت و نەخوش دكەڤیت، دەرمانێن چارەسەریێ (ئەنتیبایوتیک) بخوت چ كارتێكرنێ ل وان جورێن بەكتیریایان ناكەن ئەڤەژی مەترسیەكا مەزنە لسەر تەندروستیا مروڤان.

ژبەر وان سەدەمێن دیاركری، ئەز پێشنیار دكەم:

1- ڤەگەراندنا وەزارەتا ژینگەهێ بو كابینەیا هەشتێ یا حكومەتا هەرێما كوردستانێ.

2- دانانا بنگەهێن ڤەكولینێن زانستی د هەمی بیاڤان دا.

3 - بەشەكێ پەترولێ بهێتە سەرمایەگوزاریكرن بۆ چێكرنا ئەلەكتریكێ ژشانێن ڕوژێ و هێزا بای و هایدرۆپاوەر...هتد.

ژبەركو ئەڤ پێشڤەچونا نوكە ل كوردستانێ چێبوی قوناغ ب قوناغ نەچوویە پێش، ل گەل ڤێ چەندێ ژی كومەكا پرسگرێكێن ڕامیاری و جڤاكی و ئابوری و دەربرینا هزرێ و ژینگەهێ... هتد یێن پەیدابوین. بدیتنا من یافەرە ژینگەهـ ژی دگەل ئاستێ ئاڤەدانكرنا كوردستانێ بچیتە پێش، هەروەسا دیموكراسی و دەربرینا هزرێ وهوشمەندی و ژینگەهـ پارێزی دگەل ئاستێ ئابوری بهێتە پێشئێخستن. نەبونا وەزارەتا ژینگەهێ و بنگەهێن ڤەكولینێن زانستی د هەمی بیاڤاندا ڤالاتیەكا مەزن چێكریە لناڤ جڤاكیدا، كو باندۆرەكا خراب یا هەیی لسەر تەندروستییا هەموەلاتیان. گەلو دەما تێلەفزیون و سپلێت و بەفرگر و كومپیوتەرێن هەوە كار نەكەن، فیتەرژی نەشێت چێبكەن هون چ لێدكەن؟ هەمی جورێن پاتریا یێن ئوتوموبیلا و موبایلا و یارییێن زاروكا و لایتا..هتد و هەر وەسا ئەو دەرمانێن كەڤن و ئێكسپایێر بویی لناڤ مالێن هەوە هون چ لێدكەن؟ یا گرنگ ئەوە هەر كەسەک ل جهێ خۆ، و ل دووڤ شییانێن خو باشییێن بێ ناڤبر بكەت و بزاڤێ و پێكولێ بكەت بو نەهێلانا ئیسڕافێ وتشتێن بێ بها و بێ مفا!

***خوەندەكارێ دكتورایێ ل زانكویا لولێو یا تەكنولوجی ل سوێد.**



د.قەیوان سیوەیلی*

# سیاسەتێک بۆ پاراستنی ژینگە

پاراستنی ژینگە واتە پاراستنی گشت سەرچاوە بنەڕەتییە سروشتییەكان كە بۆ ژیانی گشت گیانداران لەسەر ڕووی زەوی پێویستن، واتە پاراستنی بیۆسفێرە (هەوا، ئاو و خاک) لە ماددە زیانبەخشەكان. لە لایەكەوە مرۆڤ خۆی هۆكاری خولڵاندنی تەكنۆسفێرەیە كە لە پرۆسەی وەدەستهێنانی بەرهەم پێویستی بە وزە و كانزاكان، هێزی كار و سەرمایە هەیە. سەرئەنجام لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا پاشماوەیەكی هەمەجۆری زۆر دەكەوێتەوە و ئەو پاشماوەیەش دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا، ئاو و خاک. كەواتە پۆخەڵیی ئەو بەشانەی كە سەرئەنجام تێكدانی ژینگەیان لێدەكەوێتەوە.

لە بیرۆكەی تەكنۆلۆجیایی پاراستنی ژینگەدا گشت بنەما پیشەسازییەكان ئاوەها دادەڕێژرێن كە هیچ زیانێكی بەردەوام لە كاتی پرۆسەی بەرهەمهێناندا بە سروشت نەگەیەنرێت. ئەركەكانی پاراستنی ژینگە خۆی لە پیادەكردنی ئەوەدا دەبینێتەوە كە مرۆڤ جگە لە پاراستنی ئەو چوارچێوە سروشتییەی بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانی خۆی كەڵكی لێوەردەگرێت، پێویستە ڕێگە لە گشت هۆكارەكانی شێواندنیشی بگرێت و هەوڵی گەڕانەوەی ژینگە بدات بۆ شێوازی سەرەتایی خۆی. بەگشتی سیاسەتی پاراستنی ژینگە (Environmental policy) خۆی لە پراكتیزەكردنی ئەو چەند خاڵەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

1. پاراستنی هەوا لە پیسبوون.

2. پاراستنی ئاو و خاک لە ماددە زیانبەخشەكان.

3. ڕێگەگرتن لە دروستبوونی پاشماوە و زبڵ.

لەئەنجامی لێكترازاندنی كرداری سروشتیی ژینگە، زیانی سەرەكی بەر ژیانی مرۆڤەكان، گشت گیاندارانی دیكە، شینایی و پاشانیش لەكەداربوونی دیمەنی سروشتی و كەشوهەوا دەكەوێت. لە بیۆسفێرەدا خاک، ئاو و هەوا لەگەڵ یەكتر پەیوەستن و كارتێكەری یەكدین. سەرئەنجام بیرۆكەی پاراستنی ژینگە بریتییە لە دارشتنی كۆمەڵە یاسایەک و ئامادەكردنی كۆمەڵە كردارێكی زنجیرەیی ئەندازیاری كە هەماهەنگی ئەم كۆمەڵە چمكە لێكئاڵۆزراوانە بە شێوەیەكی سروشتی دیاری بكات و ڕێگەش لە سەرپێچیكاران بگرێت.

سیاسەتی پاراستنی ژینگە و پەرەپێدانی وزە (Energy Development) دەبێت لەلایەن كاربەدەستانی سیاسی وڵاتەوە بەپێی یاسا چوارچێوەی كاری بۆ دابنرێت تا لە گشت بوارەكانی وەبەرهێنان و دابینكردنی پێداویستی ڕۆژانەی هاووڵاتیان (گواستنەوە و گەیاندن، دابینكردنی وزە، پیشەسازی بەگشتی و پیشەسازیی خواردن و خواردنەوە) و بەپیشەسازیكردنی وڵات دەقاودەق بە پێی یاسا ڕەچاو بكرێت تا كەس بۆی نەبێت سەرپێچی لێبكات. پەسەندكراو ئەو پێشكەوتنی پیشەسازییەیە كە لەسەر بنەمای بەردەوامیی پایەدار (Sustainable Development) بۆ ژینگەكەمان لە كۆمەڵگای نوێی پیشەسازیدا سەقامگیر كرابێت.

زاناكانی بواری ژینگە و كەشناسی لەسەر ئەوە كۆكن كە ژینگە بەگشتی لە دۆخی ئاسایی خۆیدا نەماوە و بەرەو شڵەژان چووە، ئەم گۆڕانكارییەی ژینگەش ڕۆژانە لە گشت كونج و كەلەبەرێكی ئەم زەویەدا بەرچاوە. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی ئەو دیاردەیەیە كە ئێمەش لە كوردستانی خۆماندا هەستی پێدەكەین. دیاردەی خۆڵبارین، نەمانی بەفری كوێستانەكانمان و كەمبوونەوەی ڕێژەی بارینی باران لە وەرزی خۆیدا و بە بیابانبوونی دەشت و گرد و لادێكانمان، ئەمانە و گشت دیاردە بەرچاوەكان كە خۆمان لەماوەی كەمتر لە 15 ساڵدا شاهیدی ئەم گۆڕانكارییە مەزنانەین لەكاتێكدا بەپێی زانستی ژینگە دەبووایە لە نێوان دوو تا سێ نەوەدا ببینرایە.

كرداره ترسناكەكانی دژ بە ژینگە لە هەرێمی كوردستان وەكو دیاردەی لێدانی بیر كە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئاوی ژێر زەوی، تێكەڵاوبوونی پاشماوەی ئاوی پیسی سەر زەوی و ئاوی خاوێنی ژێر زەوی، قوتبوونەوەی ڕۆژانەی شار و شارۆچكەكان لەسەر زەوییە كشتوكاڵییەكان و كەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی، واتە بەكۆنكرێتكردنی گشت دەشت و دەر، سەرەتای سووتاندنی غازی سروشتیی پڕ لە گۆگرد (H2S) لە كێڵگە نەوتییەكان و كونترۆڵ نەكردنی دیاردەی بووژانەوەی تەكنۆلۆجیای نەوت، فڕێدانی زبڵی شارەكان و سوودوەرنەگرتن لە پاشماوەی زبڵی شارەكان و فڕێدان و سووتاندنی لە نێو ژینگەدا و بەكارهێنانی نایلۆن بۆ هەر مەبەستێک و گرنگترینیان بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان و كۆمەڵە كردارێكی دیكەی دژ بە ژینگە، زەنگی ترسناكن بۆ ئایندەی ژینگەی ئەم وڵاتە.

ڕێگەچارەی پاراستنی ژینگە دەتوانرێت بۆ پێشخستنی ئابووریی وڵاتیش سوودی لێوەربگیرێت، ئەویش كاتێک دێتە دی كە ئێمە بتوانین چوستیی ئامێری نێو وێستگەكان بەرزبكەینەوە، لەم بابەتەدا بە كورتی بە چەند نموونەیەک كارتێكەری پاراستنی ژینگە بە هەڵكشانی باری ئابوورییەوە دەبەستینەوە:

1. خولڵاندنی دەرفەتی كار بەهۆی كرداری پاراستنی ژینگە و سەرمایەگوزاریی نێو وڵات لە بواری بووژاندنەوەی ژینگەدا.

2. لە بواری وزەی كوردستاندا لە وێستگەی وەرگێڕانی وزەی كارەبادا بە دانانی وێستگەی هەڵمی (Steam cycle) لەگەڵ وێستگە غازییەكان (simple Gas Turbine) كە دەبێتە وێستگەی پێكەوەلكێنراوی غاز و هەڵم (combined cycle) دەتوانرێت هەم چوستی وێستگەكە بەرزبكرێتەوە، لە هەمان كاتیشدا وزەی ماددە فۆسیلییەكانمان پاشەكەوت كردووە.

2. لەبواری بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە كوردستان دەتوانرێت لە بری نەوتی ڕەش (HFO) سوود لە غازی سروشتی بۆ وەدەستهێنانی وزە لە گشت كارگەكانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ وەربگیرێت. ئەم جێگۆڕكێیە هەم دەبێتە هۆی پاراستنی ژینگە و لە هەمانكاتیشدا چوستیی فڕنەكان و كوورەكانی كارخانەكە بەرەوسەرێ دەچێت و ڕێگری لە پیسبوونی ژینگە دەكرێت لە كاتی گواستنەوەی نەوتی ڕەش بەهۆی تانكەرەكان و ڕێگرتن لە سووتاندنی لە نێو كوورەكانی كارخانەكەدا، چونكە پاشماوەی سووتاندنی غازی سروشتی گەلێک مەترسی لەسەر ژینگە كەمترە لەچاو سووتاندنی نەوتی ڕەش و هەروەها دەتوانرێت نەوتی خاو و بەرهەمەكانی بە ئاسانی بگەیەنرێنە بازاڕ بە بەراورد لەگەڵ ناردنی غازی سروشتی، واتە هەم ژینگە پارێزراو دەبێت و هەم بۆ باری ئابووریی وڵات باشترە.

3. بە كارەباكردنی بواری گواستنەوە لەنێو شارەكان و لە نێوان شارەكانیشدا بەهۆی سوودوەرگرتن لە شەمەندەفەر، لەلایەكەوە ڕێگە لە سووتاندنی بەنزین و گازوایل دەگرین لە نێو ئۆتۆمبیلەكاندا و لەلایەكی دیكەشەوە وردە وردە ئامێری گواستنەوەی گشتی جێی ئۆتۆمبیلە تایبەتیەكان دەگرێتەوە. بەهەمان شێوە هەم ڕێگری لە پیسبوونی ژینگە دەكرێ و هەم بەرهەمەكانی دیكەی نەوت كە پێویستی ڕۆژانەیە و لەم كاتەدا لە دەرەوەی وڵاتەوە دەهێنرێنە نێو وڵات و هاوردەنەكردنیان بۆ ئابووریی وڵات باشترە. بەداخەوە ئەم دیاردەیە تائێستا لە هەرێمی كوردستان چارەسەر نەكراوە.

4. ڕێگەگرتن لەگەیشتن بە وزەی گەرمایی نێو ماڵان بەهۆی كارەباوە بۆ ڕێگەگرتن لە بەفیرۆچوونی وزەكە، چونكە تایبەتمەندی كارەبا لەوەدایە كە دەتوانرێت بە ساكاری بۆ ڕووناكی یاخود بۆ هێزی نێو مەكینەكان و ئامێرەكانی نێوماڵ وەربگێڕدرێت بەبێ ئەوەی هیچ پاشماوەیەكی لەدوادا بەجێبمێنێ، نەک بۆ وەچنگخستنی وزەی گەرما. لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە لە هەر سەرچاوەیەكی وزەی فۆسیلیی دیكە (نەوتی سپی/ غازی سروشتی) وزەی گەرمایی وەچنگ بخەین، ئەوا ئەمە بە پێچەوانەی هاوكێشە كیمیاییەكان و فیزیاییەكان نییە بۆ وەچنگخستنی وزەی گەرمی.

5. ئامانج لە سیاسەتی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی كوردستاندا بە تایبەتی لە یاسای دووبارە سوودوەرگرتن لە پاشماوە (زبڵ)، دەبێت ئەوە بێت كە گشت كانزا سەرەتاییەكان بپارێزرێن و بەپێی توانا لەلایەن گشت تاكێكی كۆمەڵگای كوردستانەوە پاشماوە كەم بكرێتەوە. واتە:

1. سەرەتا ڕێگەگرتن لە پاشماوە

2. پاشان دووبارە سوودوەرگرتن لە پاشماوە

3. لە كۆتاییدا شاردنەوەی پاشماوە (زبڵ) لە راستای پاراستنی ژینگە

ئەمەش كرداری دووبارە بەكارهێنانەوە (Recycling) پەرە پێدەدات كە كردارێكی ئابووریی مەزنە بۆ ئایندەی وڵات و نەوەكانی.

بینینی ڕۆژانەی پیسبوونی ژینگە دەبێت هەستی بەرپرسیارێتیمان بۆ ئەم نیشتیمانە بجووڵێنێ، هەروەها دەبێت كاربەدەستانی سیاسیی وڵات بە یاسا بەرپەرچی ئەم گۆڕانكارییانە بدەنەوە و چارەسەرێكی خێرا بۆ ڕێگرتن لەم كارەساتانە بگرنەبەر. دەبێت بیر لە جوتیارەكان و گوندنشینەكان بكەینەوە، كاتێک ڕەزەكانیان و باخەكانیان بە بیابان دەبن. ئایا ئایندەی كشتوكاڵی كە پەیوەستە بە ژینگەوە لەم هەرێمەدا بەرەوكوێ دەچێت؟ ئایا خراپ بەكارهێنانی خاک و ئاو لەلایەن پیشەسازیی تازەپێشكەوتووی وڵاتەوە ئێمە بەرەوكوێ دەبات. گرفتی ئێمە لەوەدایە كە ئەوە هیچ لەنێو گۆڕانكاری و شڵەژانی ژینگەداین، بگرە خۆشمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە جیاتی بەرەنگاربوونەوەی و دۆزینەوەی ڕێگەچارە خەریكی كاولكردن و لەناوبردنی ئاو و خاک و هەوای پاكی كوردستانین.

***شارەزا لە بواری وزە**



ریبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# چارەنووسی ئەردۆغان

هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا دەستیپێکرد، ئیدی مەیدانەکان جمەیان دێت لەمەودوا. هەموو هەڵبژاردنێک بۆ حیزبە سیاسییەکان کە وەک تاقیکردنەوە وایە، گرنگە، بەڵام بۆ ئەردۆغان و حیزبەکەی بە قەولی تورک خۆیان: یان بەردەوام دەبێ، یان کۆتایی دێت. ئەڵبەتە کۆتایی ئەردۆغان ئەوەندە هاسان نییە، بەڵام کاتێک حیزبێک هەموو شانازییەکەی ئەوە بێت کە دەسەڵاتی وڵاتی لە ڕێگەی سەرکەوتنی لە دەسەڵاتی ناوچەییەوە بەدەستهێناوە و نەتوانێ ئەو سەرکەوتنە دووبارە بکاتەوە، ئیدی زەحمەتە بتوانێ وەک جاران وڵات بەڕێوە بەرێت.

لە تورکیا هاوکێشەیەکی سیاسیی نەگۆڕ هەیە: ئەو حیزبەی بتوانێ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان سەربکەوێ، دەتوانێ هەمان سەرکەوتن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا دووبارە بکاتەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە، حیزبێک لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا سەربکەوێت، مەرج نییە بتوانێ هەمان سەرکەوتن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا دووبارە بکاتەوە. هاوکێشەکە کەمێک سادە و کەمێکیش ئاڵۆزە.

ئەردۆغان و تیمەکەی ئێستای جگە لە هەندێک بیرۆکرات و سیاسەتمەداری (ڕاست، چەپ و موحافەزەکار) هەڵقوڵاوی کاری شارەوانین و لەو بوارەدا باش شارەزان. ئەوان لە 11 ساڵی ڕابردوودا لە هەردوو جۆری هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بوونە، بۆیە ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ئەردۆغان و حیزبەکەی وەک پردی سیراتی لێهاتووە کە دەبێ لێی بپەڕنەوە.

هەموو ئەوانەش لە کاتێکدا دەگوزەرێت کە ئەردۆغان وەکو لیدەرێک کراوەتە ئامانج و نەیارە سیاسییەکانی و ئەو جەماعەتەی کە پێشتر هاوپەیمانی بوون (جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن) هەوڵی بێ ئیعتیبارکردنی دەدەن. یەکێک لە گرنگترین ئەو چەکانەی کە لە کۆتایی ساڵی ڕابردووەوە لە دژی ئەردۆغان بەکاردێت، تۆمەتبارکردنیەتی بە (گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن). ئۆپەراسیۆنەکانی 17ی کانوونی یەکەمی 2013 و ڕووداوەکانی دوای ئەوە، ڕاگەیاندنی شەڕی بێ ئیعتیبارکردنی ئەردۆغان بوو، ئەردۆغانیش کەوتە بەرگری و تەنانەت پەلاماردانی جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن.

خاڵی سەرنجڕاکێش لەو شەڕەدا ئەوەیە کە ئەگەرچی میدیا و سۆشیال میدیای تورکی و تەنانەت نێودەوڵەتیش شەو و ڕۆژ لەسەری دەوەستن، بەڵام نەیتوانیوە کەسایەتیی بەهێزی ئەردۆغان بڕووخێنن. ئەردۆغان ئەمڕۆ پتر لەوەی بەرگری بکات، پەلامار دەدات و دەستی کراوەترە لەو ریفۆرمانەی دەیەوێ بیکات. هەڵەی بەرامبەرەکانی ئەردۆغان و ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر تەختی سەڵتەنەتەکەی بیهێننە خوارەوە، لەوەدایە کە ئەو چەکەی لە دژی ئەردۆغان بەکاریدێنن، چەکێکی نائەخلاقی و شێوازێکی نائینسانییە. ئەو چەکەش بریتییە لە گوێگرتن لە تەلەفۆن و بەزاندنی سنووری ئازادی و ژیانی تایبەتی کەسەکان.

ئەوەش وایکردووە خەڵکی تورکیا پتر لەوەی بەوەوە سەرقاڵ بن کە ئەردۆغان و دەوروپشتەکەی چ گەندەڵییەکیان کردووە، بیر لەوە بکەنەوە کە ئایا دەنگی ئەوانیش تۆمار کراوە! ئایا سبەی ڕۆژێ کاسێتی دەنگی ئەوانیش بڵاودەبێتەوە؟ چونکە کەس نییە لەو دنیایە نهێنییەکی نەبێت و بەلایەوە پیرۆز نەبێت، کاتێک تاکەکان لە تورکیا هەستدەکەن کە لەوانەیە ئەو نهێنیانەیان ئاشکرا ببێ، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن. ئەو شەڕە هەقیقەتێکی دەرخست: نەیارانی ئەردۆغان دەزانن کە ناتوانن بە ئاسانی ئەردۆغان لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا و ناوچەکە بسڕنەوە، بۆیە لەو شەڕەدا پەنایان بۆ هەموو شتێک بردووە.

ئینجا خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێشیش هەیە کە زۆربەی تورکەکان دەزانن گەندەڵییەک هەیە و دزییەک کراوە، بەڵام ئەو پارەیە لەوان نەدزراوە، بگرە دەرئەنجامی تێکە و لێکەیەکی بازرگانییە لەگەڵ ئێران کە ئابلۆقەی ئابووری لەسەر بووە. بە واتایەکی دیکە ئەردۆغان و دەوروپشتەکەی لە خەڵکی دەوروبەریان وەرگرتووە و هێناویانەتە ناو تورکیا نەک لە خەڵکی تورکیایان دزیبێت و بردبێتیانە دەرەوە.

بوونی ئەو دوو خاڵە کە خەڵکی تورکیا لەو شەڕەی دژ بە ئەردۆغاندا بەدیی دەکەن، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی لە ڕابردوودا دەنگیان بە ئەردۆغان داوە، هێشتا باوەڕیان پێی هەبێ و جارێکی دیکە دەنگی بۆ بدەنەوە.



قەرەنی قادری

# کۆمەڵگەی ئێران؛ ریفۆرم یان تراویلکە؟

لە زانستە سیاسییەکاندا، چاکسازی (ریفۆرم) مانای باش و باشترکردنی کاروبارەکان و سەرلەنوێ بنیاتنانەوە دەدات کە ئاکامەکەشی دەبێ ئاڵوگۆڕ بێت لە کۆمەڵگەدا. گەرچی ئەمە واتایەکی گشتییە، بەڵام کاکڵی قسەکە ئەوەیە: ئایا دەسەڵاتداران بەو ئاکامە گەیشتوون کە کێشە و گرفتی جددی لە کۆمەڵگەدا هەیە، تا پێویستی بە چاکسازی هەبێت؟ لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە کێ و چ کەسانێک دەتوانن لەو کارە گرینگەدا، جڵەوی ڕەوتەکە بەدەستەوە بگرن و لە کام بەشی حوکمڕانیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا چاکسازی بەڕێوەبەرن. یان ئایا گشت سیستەمەکە پێویستی بە چاکسازی هەیە؟

سەرەتا دەبێ دان بەوەدا بنرێت کە کێشەی جددی لە کۆمەڵگەدا هەیە، دوایی بوونی پرۆژەیەکی گشتگیر بۆ چاکسازی و لە کۆتاییشدا دەبێ ئەو کەسانە چاکسازی بکەن کە لە فکر و هزری خۆیاندا چاکسازییان کردووە. کۆمەڵگەی ڕەنگاوڕەنگی ئێرانی فرەنەتەوە و فرەنیشتمان، ئەوە زیاتر لە 17 ساڵە بە شێوازی جۆراوجۆر و ئاشکرا داواکاریی چاکسازی لە "هەڵبژاردن"ەکانی سەرکۆماریدا دێنێتە گۆڕێ. لە ساڵی 1997دا، محەممەد خاتەمی بە دروشمی "کۆمەڵگەی مەدەنی" و "گەشەی سیاسی" توانی نزیک بە "70%"ی دەنگەکان مسۆگەر بکات. لە دوو دەورەی سەرکۆماریی خاتەمیدا، سەرەڕای کەمێک "کرانەوە"ی سیاسی، نەیتوانی و نەیانهێشت داواکاریی دەنگدەران و "بەڵێن"ەکانی خۆی جێبەجێ بکات و ببێتە نوێنەری "70%"ەکە. لە ساڵی 2013شدا، حەسەن ڕووحانی "شێخی دیپلۆمات" بە بەرزکردنەوەی دروشمی "دەوڵەتی چارەسەر و هیوا"، توانی "ریفۆرمخواز" و "نەرمئاژۆ"کانی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەت بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، حەسەن ڕووحانی توانی تەنیا "50،71%"ی دەنگەکان بەدەستبێنێ. ئەگەر سەرپێیی بەراوردێک لە نێوان خوازیارانی "ریفۆرم" لە ئێران بۆ هەڵبژاردنی خاتەمی و ڕووحانیدا بکەین، لە هەڵبژاردنی ڕووحانیدا "20%"ی "ریفۆرمخوازان" دەنگیان نەداوە. ئەوەش بە چەشنێک بێهیوایی بە "ریفۆرم" لە ئێرانی ئیسلامیدا نیشان دەدات.

حەسەن ڕووحانی ئەوە نزیک بە 7 مانگە سەرکۆماری ئێرانە، لەو ماوەیەدا نەتەنیا دروشم و بەڵێنەکانی بەجێ نەگەیاندوون، بەڵکو ڕێژەی لەسێدارەدانەکانیش زیاتر بووە. یەکێک لە دروشمەکانی ڕووحانی ئەوە بوو کە "قەوم"ەکان دەبێ بە زمانی خۆیان بخوێنن، بەڵام تا ئێستا ئەو پرسە لە چوارچێوەی قسە و باسی لێرە و لەوێ لە ڕاگەیاندنەکاندا، شتێکی دیکە نەبووە. یەکێک لە کارە هەرە چەوتەکانی "ریفۆرمخوازان" لە ئێراندا ئەوە بووە کە دوای هەڵبژاردن هەموو شتێک ڕادەستی "سەرکۆماری ریفۆرمخواز" دەکەن، بەو مەبەستەی کە (ئەو) جێبەجێی دەکات.

ئەزموونی ئەو دوو سەرکۆمارە لە ئێران نیشانی دا کە دروشمی سیاسی و مەدەنی تەنیا تا ماوەیەک بڕ دەکات، چونکە کۆسپی زل و بڕیاردەر هەن کە ئاڕاستەکان پێچەوانە دەکەنەوە. چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا، ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، پرۆژەیەکی 24 خاڵیی بەناوی "ئابووریی بەرگری" کردە ئەرک بۆ هەرسێ دەسەڵاتەکانی ئێران کە "دەبێ" خێرا جێبەجێی بکەن.

ئەو پرۆژەیە تەواو ئابوورییە و کێشەی ئابووری لە ئێراندا کردە ئەولەویەتی حکومەتی ڕووحانی. تەنانەت لە یەکێک لە بەندەکانی ئەو پرۆژەیەدا هاتووە: "بەهێزکردنی کولتووری جیهادی"، کە ئەوەیان ڕووبەڕووی پرۆژەی "هاووڵاتی"ی حەسەن ڕووحانی دەبێتەوە. ئەوەش ڕێک بەو مانایەیە کە گشت پرۆژەکانی دیکە، لەوانە "پرۆژەی سیاسی و هاووڵاتێتی"ی حەسەن ڕووحانی دەچێتە پەراوێزەوە و، تەنیا پرۆژەکەی ڕێبەری ئێرانی ئیسلامی "دەبێ" جێبەجێ بکرێت. خامنەیی بە پرۆژەکەیەوە، بەتەواوەتی حەسەن ڕووحانی سنووردار کردووە و تەنیا کاری ڕووحانی ئەوە دەبێت کە پرۆژەکەی ڕێبەری ئێران جێبەجێ بکات!

کێشەی "ریفۆرم" لە ئێراندا ئەوەیە، "پێشەنگ" و "دەستپێشخەر"ی "ریفۆرم" ئەو کەسانەن کە چەندان ساڵە لە کۆماری ئیسلامیدا کاربەدەست و پایەبەرزی ئەو ڕژێمەن. هەم ئەوان بەشێک بوون لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە، هەمیش لە هەندێک بڕگەی زەمانیدا توانیویانە "70%"ی دەنگدەران بەدوای خۆیاندا ڕابکێشن و لە کۆتاییدا "بەڵێن"ەکانیان نابەنە سەر.

سەرەکیترین پرس ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگەی ڕەنگاوڕەنگی ئێراندا، مافی مرۆڤ، ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان و مافی هاووڵاتیانە. هیچ کام لەم چەمکانەش دروشمی پاڵێوراوانی سەرکۆماری لە ئێراندا نەبووە، لەبەر ئەوە هەر جارەی کە پرۆژەیەکی نیوەچڵی "ریفۆرم" لەلایەن یەکێک لە حوکمڕانان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەرز دەکرێتەوە، زۆرتر لە کۆکردنەوەی دەنگ دەچێت تا جێبەجێکردنی. کۆمەڵگەی مینیاتۆری و فرەنەتەوەی ئێران، ئەوە زیاتر لە 17 ساڵە لە نێوان چاکسازی و تراویلکەدا دەژیت. چاکسازی لەو وڵاتەدا، زۆرتر لە تارمایی دەچێت.



ناسر باباخانی

# جەرەیانە رووناکبیرییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

ڕەنگە ئەو وتەیە دوور لە ڕاستی نەبێ کە بڵێین لە تەواوی ڕەوتی مێژووی نەتەوەی کورددا هەمیشە پەیوەندییەکی "ئەم ئەوێتی" لە نێوان جەرەیانە رووناکبیرییەکان و بزووتنەوە سیاسییەکاندا هەبووە (بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و هەر لە ڕوانگەی ئەم گریمانەیەوە دەمەوێ جەرەیانی ڕووناکبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چەند قۆناغێک دابەش بکەم کە سەرەڕای وێکچوونیان بێگومان کۆمەڵێک جیاوازیشیان لەگەڵ یەکدی هەیە و دەکرێ لەوانە ئاماژە بە بەستێنی ئەم قۆناغانە (واتە قۆناغی کۆمەڵایەتی، سیاسی، نیزامی، فەرهەنگی و...هتد) بکەین، یان ئاماژە بەو کەسایەتییانە بکەین کە دەبنە هۆی سازبوونی جەرەیانێکی فکری. هەڵبەت با ئەمەش بدرکێنم کە ئەم جەرەیانانە بە زۆر هۆ نەیانتوانی "گوتار"ێکی تایبەت بە خۆیان سازدەن جگە لە یەک دوو قۆناغ. بێگومان لەم نێوەدا هەندێ وردەجەرەیانیش هەبوون کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەم.

ئەم قۆناغانە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرچاویان هەیە. بۆ وێنە ئەگەر لە چاخ و خولی مەشرووتەیی لە ئێراندا "چەمکی ڕووناکبیری" وردە وردە دەگوورێ، دەکرێ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بەم شێوەیە پۆلێن بکەین: سنووردارکردنی دەسەڵاتی شا، جوداکردنەوەی دین لە سیاسەت (هەرچەند تاقمێک دژی ئەمە بوون)، پەلکێشی بۆ لای مۆدێرنیزاسیۆن وەک ئەوەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەتایبەتی فەڕانسە هەبوو (هەرچەند ڕادەی وەرگرتنی لایەنە نەرمئامێری و ڕەقئامێرییەکەی قسەی لەسەرە)، وەلاتانی کێشە ئێتنیکییەکان، چاولێکردن لە ئێران وەک بوونەوەرێکی یەکە نەک پێکهاتوو لە پاژە جۆربەجۆرەکان و...هتد. کەوابوو دەکرێ ئەم قۆناغانەی دیارییان دەکەین هەندێ تایبەتمەندی و دواجار "چەمکی ڕووناکبیری"یان لێ هەڵێنجین: دیارە وەباڵی ئەوەش دەکێشم بۆ هەندێ کەس کە پێیان وابێ دابەشکردنی ئەم قۆناغانە بە شێوەی خوارەوە ڕەنگە زێدەڕۆیی تێدا کرابێ!

-1 لە کۆتایی تەمەنی پاشاکانی قاجار و هاتنە سەر کاری ڕەزاشای پەهلەوی جموجۆڵێکی نەتەوەیی لەسەر دەستی سمایل ئاغای سمکۆ سەرهەڵدەدا و ئۆرگانێکی تایبەت بە خۆیان، وا بزانم "ڕۆژی کورد" دەردەکەن کە سەیفولقوزات و تورجانی زادە و عەبدولڕەزاق بەگ بەدرخان بابەتی تێدا دەنووسن. وێدەچێ سەیف بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی و کەسایەتی نەتەوەیی و ئاینی و هەروەها ئەدەبیی خۆیەوە دەورێکی بەرچاوی لە سازکردنی جەرەیانێکی فکریدا هەبووبێ. بێگومان هەر لەم پەیوەندییەدا بووە کە لەگەڵ شێخ محەممەدی خەیابانی شیعر و نامەی گۆڕیوەتەوە. دەڵێی سەیف هەستی بەم ڕاستییە کردووە کە دەبێ پردێکی پەیوەندی لەگەڵ ڕووناکبیرانی ترک ساز بدا تا بۆ دواڕۆژیش ڕێگا بۆ نەوەکانی داهاتوو خۆش بکات بۆ دیالۆگ و دانوستاندن. کەوابوو لەم قۆناغەدا کەسایەتییەک کە زۆرتر هۆگری شیعر و ئەدەبە، دەبێتە جەرەیانساز. شاعیرێکی خاوەن شێواز کە مامۆستا هێمن بە مامۆستای شاعیرانی موکریانی ناودێر دەکات. دەمەوێ بڵێم حەول و دەول و کارەکانی سەیف ئەگەرچی بەرهەمی تاکەکەسێک بووە، بەڵام بە تەواوی مانا هەڵگری تاریفێکی ڕووناکبیرانەیە کە بەردی بناغەی جەرەیانە ڕووناکبیرییەکانی دواتر دادەنێ و لەڕاستیدا ئەم جەریانە چون بەرهەمی حەولی تاکە کەسێک بوو، هەرچەند لەسەر نەوەی دوای خۆی شوێندانەرە، بەڵام "گوتاری" تایبەت بە خۆی لێ ناکەوێتەوە. واتە لێرەدا سێبەری خەستی ئەدەبی بەهۆی شیعرەکانی سەیفەوە دەبێتە سەرەتای گۆڕانێکی جیددی لەسەر شاعیرانی پاش خۆی. با ئەوەش لەبیر نەکەین لەسەرەتادا سەیف وەک زۆر ڕووناکبیری دیکەی ئێرانی چاوی هیوا دەبڕێتە ڕەزاشا بۆ ریفۆرم و سازکردنی دەوڵەتێکی مۆدێرن، بەڵام بەرە بەرە لەم باوەڕەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە و دواتر دەبێتە ڕەخنەگری دەسەڵات.

-2 بەرە بەرە کە دێینە پێشتر، بەهۆی هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و سازبوونی "بۆشایی"یەک کە لە موکریان پێکدێ، هەندێ ڕووناکبیری مەهابادی کە زۆربەیان سەر بە چینی مامناوەندی شار بوون، دەکەونە حەول و دەولێکی سیاسی بۆ دابینکردنی ئامانجەکانیان و خەونی دواڕۆژیان دەبێتە تەنانەت گوتاری هەندێ ڕەوتی سیاسی ئەم سەردەمەش کە بریتی بوو لە پێکهێنانی کوردستانی گەورە. ڕەنگە دیارترین سیماکانی ئەم جەریانە زەبیحی و زەندی بن کە حیزبی ئازادیی کوردستان بنیات دەنێن، هەرچەند یەکێکیان بۆ لای یەکێتی سۆڤیەت و ئەوەی دیکەیان بۆ لای ئاڵمان پەلکێشی دەکات. تایبەتمەندی ئەم جەرەیانە خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێ بوو بۆ چۆنیەتی ژیانی تاک و کۆمەڵی کوردەواری. هەرچەندە ئەم جەرەیانە بە شێوەیەکی نهێنی بوو، بەڵام وردە وردە خەریک بوو لە تەواوی کەلێن و قوژبنی ژیانی مرۆڤی کورددا دەتەنییەوە، ڕەنگە جیاوازیی بیر و بۆچوونەکان وای کردبێ کە ئەم جەرەیانە فکرییە بە دوو ئاراستەی جیاوازدا بڕوا و ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی، بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا گوزارشت لە چەشنێ پلۆرالیزمی سیاسیش دەکات و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی وەدیهاتنی مێژوویترین قۆناغی جەرەیانی فکریی کورد کە ئەویش ژ.ک کاف بوو. من پێمخۆشە ئەم قۆناغە بە جەرەیانی ڕووناکبیرییەکی زاتی پێناسە بکەم، چون لە ڕاستیدا نوێنەرانی ئەم قۆناغە بەرهەمی پەروەردەیی سیستمێکی تایبەت نەبوون، بەڵکو سەرجەم گەلاڵە و بڕیارەکانیان هەڵقوڵاوی "داهێنانی زاتیی" خۆیان بوو. ئەزموونی زەبیحی و هاوڕێیانی ئەم جەرەیانە دەوڵەمەندتر دەکات و تەنانەت بە هەڵوەشانەوەی حیزبی ئازادیی کوردستانیش ئەم جەرەیانە زیاتر پەرەدەستێنێ. لەگەڵ ئازادبوونی ئەندامانی سەرەکی حیزب ئەمجارەیان باڵی زەبیحی و فرووهەر کۆڵەکەکانی ژ.ک کاف بنیات دەنێن. ئەم جەرەیانە ڕاستەوخۆ خەریکە خۆ لە بازنەی سوننەت ڕەها بکات و چاوی دەبڕێتە مۆدێرنیتە و "گوتاری شوناس"ی لێدەکەوێتەوە. حیزب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ئاڵا، سیستم و .. هتد دیاردەیەکی مۆدێرن بوون کە تایبەتمەندی سەرەکیی ئەم جەرەیانەیان پێکدەهێنا. شێوە ڕوانینی ئەوان بۆ دۆزی کورد پشتی بە خوێندنەوەیەکی تیۆریک ئەستوور بوو، ئەوان ئاگاداری سەرجەم جووڵانەوەکانی نەتەوەی خۆیان بوون. ئاگایان لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵات و نێونەتەوەییەکان بوو، هەستیان بەوە کردبوو کە لە دنیای سەردەمی خۆیاندا دەبێ بە کەرەسەی مۆدێرن بێنە نێو کایەکانەوە. کە ورد دەبییەوە، دەبینی کە لە باشوورەوە تا باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شازترین کەسایەتییەکان دەبنە هۆگر و شوێندانەری ئەم جەرەیانە. هەر لەم قۆناغەدایە هەندێ دەستەواژەی تایبەت دێنە نێو ئەم جەرەیانە فیکرییەوە کە دواتر کلیل وشەکانی گوتارێک پێکدێنن ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەسەر ئەدەبیاتی سیاسیی کورد لەم سەردەمەشدا زاڵە. ئەم جەرەیانە ڕووناکبیرییە هەرچەند لە سەرەتادا بە شێوەیەکی نهێنی شکڵ دەگرێ و لە نێو چینی ڕووناکبیر و خوێندەواردا پەرەدەستێنێ، بەڵام لە ناخی خۆیدا هەڵگری ئەو پتانسییەلە بوو کە لە قۆناغی دوای خۆیدا ڕەگئاژۆ بکاتە ناو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵەوە. لەڕاستیدا لێرە تەعبیرە فۆکۆییەکەی گوتار دێتە دی. سازبوونی کۆماری کوردستان و دگەردیسی ژ.ک کاف بۆ حیزبێکی دیکە هەلی بۆ ڕووناکبیران ڕەخساند کە چالاکییە فیکری و هزرییەکانیان لە ژێرەوە بێتە ڕوو و ئاشکرا دەوری خۆیان بگێڕن. ئەم گوتارە واتە شوناسی کورد ئەوەندە بە هێز بوو کە بەسەر تەواوی کەلێن و قوژبنی ژیانی تاک و کۆمەڵی کوردەواریدا زاڵ دەبێ، واتە دەسەڵاتی زاڵ، گوتاری زاڵ ساز دەکات، فۆکۆ گوتەنی. لەم سەردەمە دەستەواژەگەلێک وەک ئاڵا، کۆمار، پێشمەرگە، پێشەوا، مافی بڕیاردانی چارەنووس و.. هتد دێنە ناو خانەی ئەدەبیاتی ئەم گوتارەوە کە ڕەنگدانەوەی ئێستاش کە ئێستایە بەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە دیارە.

ئێدوارد سەعید ڕووناکبیران بۆ دوو بەش دابەش دەکات: یەکەم ڕووناکبیرە سوننەتییەکان و دووەم ڕووناکبیرە ئۆرگانیکەکان. بە باوەڕی ئەو ڕووناکبیری سوننەتی وەک مامۆستایانی ئاینی زیاتر لە ڕوانگەی پەند و ئامۆژگارییەوە مامەڵە لەگەڵ کۆی دیاردەکان دەکەن. بەڵام ڕووناکبیری ئۆرگانیک بوونەوەرێکی شوێندانەر و شوێنوەرگرە. بەم پێیە ئەم ڕووناکبیرانە لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمێکی گەشەسەندووەوە بنەمای گوتارێک دادەمەزرێنن کە گوزارشتی لە خەون و خولیاکانی نەتەوەیەک دەکرد، دەمێک ساڵ بوو توخمی شوناس و پێناسەی نەتەوایەتی لێ سەندرابوو. بەم پێیە لەم قۆناغەدا ئەگەرچی ڕووناکبیرانی سوننەتی لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوون و هێزێکی یەکجار زۆریان هەبوو، بەڵام توانای گوتارسازی و جەرەیانیان نەبوو، چون لە حەقیقەتدا نە بە تیۆر پشتئەستوور بوون و نە بە پشتیوانیی خەڵکی. لەڕاستیدا ئەوان بە هۆی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە نەیانتوانی بچنە ناو کۆمەڵانی هەراوی خەڵک (هەربۆیە لەگەڵ هەرەسی کۆمار هەر ئەوانن کە دەبنە هاودەست و هاوداستانی ئەرتەشی پاشایەتی)، بەڵام ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک لەگەڵ بارودۆخی وڵات و زرووفی زەمانی بیر و باوەڕیان بیچم دەگرێ و بەرەبەرە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای پێناسە و شوناسی نەتەوایەتی دادەمەزرێنن.

-3 لەگەڵ هەرەسی کۆماری کوردستان، خەون و خولیاکانی ڕووناکبیرانیش کە سەرچاوەی جەرەیانسازین، دەبێتە تەعبیرێکی تاڵ لە ژیانی مرۆڤی کورد. لەڕاستیدا لەم قۆناغە زەمەنییەدا چون زەبر و زەنگی ڕژێمی پاشایەتی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، جەرەیانێکی بەرهەست و بەرچاو لە گۆڕێدا نییە، بەڵام هەندێ حەولی بچووک بە ئینتیمایەکی ئەدەبییەوە دەبینرێ و بەرهەمی شیعری شاعیرانی بەتایبەت ناوچەی موکریان کە بەشێوەیەکی سنووردار لە هەندێ شوێنی تایبەت دەخوێندرێتەوە و ڕێ بەناو کۆمەڵانی خەڵک دەرنابا، تەنانەت ڕاپەڕینی ساڵانی 46 و 47ی هەتاویش لەبەر ئەوە کە نەیتوانی خۆی لە سنوورێکی بەرتەسک ڕزگار بکات، هەروا بە قەتیسی مایەوە. لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران و کرانەوەی کەشوهەوای سیاسی، سەرلەنوێ جەرەیانە جۆربەجۆرە فیکرییەکان سەرهەڵدەدەن. ئەوەی ئاشکرایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو جەرەیانن کە لە هەمبەر یەکدی ڕاوەستاون. جەرەیانێک لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی ناسیۆنالیزمێکی دیموکراتیک، هەروەها جەرەیانێک کە بەرەو چەپ دەڕوات و ڕاستەوخۆ دروشمەکانی لەو پێناوەدا بەرز دەکاتەوە. دیارە لێرەدا باس لە خەسارناسی و کێشە و گرفتەکانی ئەم جەرەیانانە نییە، بەڵام بەهۆی پێگەیەکی کە حیزب چ لەباری مێژوویی و چ لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیبوو، هەروەها دارشت و پێکهاتەی سوننەتیی کۆمەڵگای کوردستان توانی ئەم کەلێنە سی و چەند ساڵیە، واتە مەودای نێوان کۆماری کوردستان و شۆڕشی گەلانی ئێران پڕبکاتەوە. لە هەردوو قۆناغی گۆڕیندا ئەوا ئەو گوتارانەی ساز دەبن لەژێر چەترێکی پاراستنی چەکداریدان. گوتارێک کە لەم جەرەیانە دەکەوێتەوە "گوتاری بەرگری"یە.

-4 لە ساڵانی 70 هەتا 90ی هەتاوی چەند جەرەیانێکی ڕووناکبیری لەناوخۆی وڵاتدا سەرهەڵدەدەن کە زیاتر بەرهەمی کەشوهەوای سیاسی ئێرانن بە گشتی. یەکێک لەوانە ئەو جەرەیانە فکرییانەن کە بە گشتی لە ئەنجوومەنە ئەدەبی و هونەرییەکان ساز دەبن. جەرەیانێکی دیکەی فیکری لە پاش دووی جۆزەردانی 76ی هەتاوی لەگەڵ هاتنە سەرکاری ریفۆرمیستەکان شکڵ دەگرێ کە بە ریفۆرمیستە کوردەکان ناودێرکران. سێیەم جەرەیان بەرهەمی فکری و هزری تاقمی ڕۆژنامەوانە کە لە بەهاری چاپەمەنی کوردیدا واتە ساڵانی 76 تا 84ی هەتاوی سەرهەڵدەدا. جەرەیانی چوارەم جەرەیانی فکری خوێندکاری کوردییە لە زانکۆکانی سەرانسەری وڵاتدا.

بەڵام بە شێوەیەکی هاوتەریب جەرەیانی ڕووناکبیری لە دەرەوەی وڵاتیش "بوون"ی هەیە چ لەناو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و چ لە ناو کوردی نیشتەجێی تاراوگە، واتە ئەورووپا. بەڵام بە باوەڕی من سەرەڕای بوونی کەرەسەگەلێکی پەیوەندی وەک سەتەلایت و ئینتەرنێت، ئەم جەرەیانە نەیتوانیوە گوتاری تایبەت بە خۆی بخولقێنێ، نەزۆکە و قەتیس ماوە و چاوی بڕیوەتە وردە جەرەیانە فکرییەکانی ناوخۆی وڵات. دیارە نابێ لە ڕادەی شوێندانانی بزووتنەوەی کوردی لە عێراق و تورکیا لەسەر جەرەیانی ڕووناکبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خافڵ بین. ئەم بابەتە باسێکی یەکجار بەربڵاوە کە هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانم زیاتر خاڵە بەهێز و لایەنە لاوازەکانی بخەمەڕوو. ئەمەش پێویستی بە هەندێ بنەمای تیۆریک هەیە کە دەکرێ پشتی پێ ببەستین.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# سوننە و قەیرانی "بوون"

لە کەرکووک لەگەڵ یەکێک لە پیاوە ئاینی و خوێندەوارەکانی سوننە دانیشتبووم، گوتم دەزانی مامۆستا سوننە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لاوازی و پاشەکشە دەچن؟

ئەو کە تەمەنی نزیکەی 70 ساڵێکە و زۆربەی ژیانیشی لەناو ئیسلامەتی و خوێندنەوە و نووسینی ئاینی بەسەر بردووە و لەڕووی فکریشەوە نزیکە لە قوتابخانەی نوور لە تورکیا، گوتی: من لەوە زیاتر دەڵێم و دەپرسم ئایا شتێک هەیە بەناوی سوننە؟!

ئەو کە زۆر بە بارودۆخی ئێستای سوننەکان نیگەرانە، گوتی: من هەر گومانم هەیە لەوەی شێک هەبێت بە ناوی سوننە. راستە شیعە هەیە، بەڵام پێم ناڵێیت کامەیە بوونی سوننە؟!

نیگەرانییەکانی ئەم خوێندەوارە سوننە مەزهەبە بەتەمەنە خاوەن ئەزموونە لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە شکستخواردووە ناهەموارەیە کە ئێستا سوننەکانی جیهانی ئیسلامیی تێدا دەژین.

ئەم قەیرانە لە عێراق لە لووتکەدایە و هەموومان بە چاوی خۆمان دەیبینین، لە داهاتووشدا ئایندەی ئەم قەیرانە نەک باشتر نابێت لە ئێستا، بەڵکو پێمولیە زۆر وێرانتر و کارەساتبارتر دەبێت.

ئەم قەیرانە بەئاستێک گەورە دەبێت کە دەتوانین گومانی ئەوە بکەین لەپاش 10 تا 15 ساڵی دیکە لەوانەیە لە عێراقدا پێکهاتەیەک بەناوی سوننە هیچ جۆرە بوونێکی نەک سیاسی و فیکریی، بەڵکو بایۆلۆژیشی نەمابێت.

ئێستا سوننەکان نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بەناو قەیرانی "بوون"دا گوزەر دەکەن، قەیرانێک کە ئێستا ناوی قەیرانی حزوور و ئامادەگییە و کۆتاییەکەشی لەوانەیە قەیرانی نەمان و تەفروتونابوونی فیزیکی بێت.

ئێمە کە ئێستا باس لە قەیرانی "بوون"ی سوننە دەکەین، مەبەستمان لە قەیرانی بوونی ئەم پێکهاتە مێژووییە لەئاستی فیکری و رۆحی و سیاسیدا، کە قەیرانە سیاسیەکەشیان هیچ نییە جگە لە دەرئەنجامی قەیرانە فیکرییەکەیان.

سوننە ئێستا پێکهاتەیەکی نابیرکەرەوەیە، بێ ستراتیژە، بێ ڕێبەرە، لەناو فەوزا و ئەنارشیزمێکی سیاسی و فیکری و ڕۆحیدا دەخولێتەوە.

ئێستا منداڵەکانی سوننە بێ باوکن، هەتیون و بێ ڕێبەرن، نووسەرەکانیان بەبێ ئاسۆیەکی دیار، مەلاکانیان بەبێ دنیابینییەکی ڕۆشن، سیاسییەکانیان بەبێ پشت و پەنا و بەترسەوە، هەنگاو دەنێن.

لەدوای ساڵی 2003 وە لە عێراق و بە کەوتنی سەدام حوسەین، بۆشایی و خاڵە لاوازەکانی سوننە وەک پێکهاتەیەکی مەزهەبی و سیاسی بەتەواوی دەرکەوت.

ئەوان هەر لەدوای رووخانی سەدام حوسەین کەوتنە ناو زنجیرەیەک هەڵەی یەک لە دوای یەک.

هەڵە ستراتیژییەکانی سوننەی عێراق بە دژایەتی ئەمریکاییەکان دەستیپێکرد و بە نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ڕۆژگاری سەدام حوسەینی باوکدا تێپەڕی و خۆی بە وەهمی عێراقی یەکپارچەدا هەڵواسی و بە بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی نوێی عێراق کۆتایی هات.

هەموو کێشەو گیرو گرفتەکانی ئێستای ئەم پێکهاتەیە لە عێراقدا پەیوەستە بە بڕیارە ناعەقڵانییەکەیان لە دوای 2003، بە بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی، بەمشێوەیەش هەموو گوریسەکانی حوکمڕانییان لە عێراقدا خستە دەستی شیعەوە.

ئێستا گەورەترین هەڕەشەی سەر سوننەکان شیعەکانن، شیعە بە ستراتیژێکی فراوان کاردەکەن، ئەوان نەک ماڵی خۆیان دەپارێزن، بەڵکو پاوانخوازیشن.

شیعەکان بیردەکەنەوە، خاوەنی دنیابینییەکی مۆدێرنی یونیڤێرساڵن، لەهەمانکاتدا خاوەنی مەرجەعیەت و باوکن، بە ستراتیژ هەنگاو دەنێن و لەوە تێدەگەن کە دەبێت لەدنیای نوێدا چۆن خۆت بپارێزیت و چۆن برۆیتە پێشەوە.

ئەوان تاسەر ئێسقان پراگماتین، بەپێچەوانەی سوننەکان کە تا مۆخ چەقیونەتە ناو وەهم و دروشم و دەمارگیرییەوە.

قەیرانی سوننەکان ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا سیاسییە، بەڵام ئەوە تەنیا دەرئەنجامی قەیرانێکی قووڵتری ئەوانە کە قەیرانی فیکر و بیرکردنەوەیە.

ئەگەر گوێ لە پیاوەکانی سوننە بگریت کە چۆن شرۆڤەی ڕووداوەکانی دەوروبەریان و جیهان دەکەن، لەوە تێدەگەیت کە ئەم پێکهاتەیە چۆن بەدەست نازانستیبوون و ناواقیعیبوونەوە دەناڵێنێ.

ئەوە قەیرانی بوونە رۆحی و فیکرییەکەی ئەم پێکهاتەیەیە کە دەبینیت لە هەناویەوە هێزگەلی وەک ئەلقاعیدە و داعش دێنە دەرەوە. ئەوە قەیرانی پێکهاتەکەیە کاتێک دەبینین، پیاوێکی وەک یوسف قەرەزاوی نەک لە وڵاتەکەی خۆی جێی نابێتەوە، بەڵکو لە قەتەریش-یەکێک لە وڵاتە دیارەکانی سوننە- وەک بارێکی گران و پیرە پیاوێکی پڕ لە کێشە تەماشا دەکرێت.

یوسف قەرەزاوی کە پێش بەهاری عەرەبی حیزبوڵڵای لوبنانی بە ڕزگارکەر و دەستی خودا وەسف دەکرد، لەدوای بەهاری عەرەبی بە حیزبی شەیتان ناوی بردن.

لە یوسف قەرەزاویەوە باش لە قەیران و نەگبەتیەکانی سوننە تێدەگەین، بەتایبەت کاتێک بەراوردی ئەم پیاوە و بارودۆخ و دنیابینی و بڕیار و پێگە و قسەکانی دەکەین بە بارودۆخ و بیرکردنەوە و پێگە و هەڵوێستەکانی عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعە لە عێراق.

قەیرانی فیکر و دنیابینی سوننە لەگەڵ بەهاری عەرەبیشدا زیاتر زەق بووەوە و خۆڕاگریی ڕژێمەکەی بەشاریش لەناو جەرگەی جیهانی سوننەکاندا بەدیوێکی دیکەدا دەرئەنجامی ئەم قەیرانەیە.

وای بۆ دەچم بەرپرسی ئەم قەیرانەی ئێستای سوننەکان، هێڵی ئیسلامی سیاسی بێت لەناو ئەم پێکهاتەیەدا.

ئیسلامی سیاسی بە دەرکەوتنی لەدوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامی، سوننەکانی پەرت کرد، کاتێک دابەشیکردن بۆ ئیسلامی حەرەکی و ئیسلامی تەقلیدی، بۆ وەعازی سەلاتین و بۆ موجاهیدانی ڕێگەی خودا، بۆ مولتەزیم و نامولتەزیم.

بەمشێوەیەش ئوممەتی پەرت و لەت، ئوممەتی دابەشکراو، ئوممەتی بریندار لە رۆح و لە فیکریدا، بەئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت و لەناودەبرێت.



هێمن عەبدوڵڵا

# چی لە ژن بکەین؟

بەوە نییە نۆ مانگی ڕێک لە سکی دایکماندا بووین. گرنگیش نییە کە کاتێک گەورەبووین خولیای ماچی کچۆڵەیەک و داڵغەی تێگەیشتن لە بزەیەک ئۆقرەی لێهەڵگرتبووین. قەیناکات کە خوشکەکانمان زۆرتر لە هەر کەسێکی دیکە خۆشیاندەوێین و ئومێدیان پێمانە. ئەوانە هیچیان ڕێگرنین لەوەی کە کاتێک تووڕەبووین یەکێکیان بکوژین.

پیاوە ژنانییەکان دەڵێن ئەو ڕەفتارانە لە ڕەفتاری پیاوی سەدەکانی نێوەڕاست دەوەشێنەوە. نووسەرێکی خۆبەشتزانیش کتێبێکی ئەستوور دەنووسێت لەسەر باشییەکانی یەکسانی لە جڤاکدا و ئامۆژگاریمان دەکات چیدیکە ژن نەکوژین. عەمری نەمێنێ ئەو نووسەرە. خەجاڵەت بێت ئەو مێ-پیاوە. پیاوێک ژن نەکوژێت کەی پیاوە؟ ژنێک پیاو نەیکوژێت کەی ژنە؟

ئێواران کە دەچینەوە ماڵ، هەواڵی کوشتنی ژنێک نەبیستین دڵمان ئاو ناخواتەوە. چاوێک لە ژنەکانمان سوورنەکەینەوە، خەومان لێناکەوێت. شەقێک لە کچەکانمان هەڵنەدەین، هەستدەکەین ئەو ڕۆژە کالۆریمان نەسووتاندووە و خەریکە قەڵەوتر دەبین. کاتێک لە ژنێک دەخوورین، خۆمان لە نەڕەی خۆمان دەترسین. هەستدەکەین خەریکە ئامادە دەبین بۆ نەڕاندن بەسەر ئەو پیاوانەدا کە رقمان لێیانە و قەت نەوێراوین سەیری چاویشیان بکەین.

ئێمە زۆر بەختەوەرین. چونکە لە وڵاتێکداین کە تێیدا ژنکوشتن وەکو ئاوخواردنەوەیە. ڕاستە ڕێکخراوەکانی ژنانمان زۆرن و بودجە و مووچەی زۆریان بۆ تەرخاندەکەین. ڕاستە هەموو ڕۆژێک لەسەر تەلەفزیۆن باسی ڕەتکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەکەین. دروستە کە کاتێک ژنێک دەکوژین تەعزێشی بۆ دادەنێین و دەڵێین خۆی سووتاندووە یان خنکاندووە یان دەرمانخوارد کردووە، بەڵام شتی پیاوانەشمان زۆرن. بۆنموونە لە قوتابخانە کوڕان و کچان لەیەکدی جیادەکەینەوە و لە منداڵییەوە فێریان دەکەین کە نابێ لێک نزیکببنەوە و لەیەکدی تێبگەن. کاتێک ژنێک لەدەرەوە کاردەکات، ئەگەر جوان بوو هەزار ناووناتۆرەی دوادەخەین و سووکی دەکەین. کە سووکیش بوو، بە هەڕەشە و گوڕەشە ئەوەی پێدەکەین کە دەمانەوێت.

ئێمە بەختەوەرترین پیاوەکانی جیهانین. هێندە بەختەوەرین کە ژنەکانمان حەزدەکەن ببنە پیاو. ئەم مانگە چوار ژن لە وڵاتی ئێمە بە کوژراوی دۆزرانەوە، بەڵام ژنەکانمان نە هاتنە سەرشەقام و نە ورتەیان لێوەهات. تەنیا لەنێوخۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ و گوتیان "کەس لەخۆڕا ناکوژرێت". وڵاتی ئێمە هێندە خۆشە کە کاتێک ژنی تێدا دەکوژین، هەر ژنان پاساومان بۆ دەهێننەوە و لێمان تێدەگەن. ئەوان دەزانن کە بۆ قازانجی خۆیان دەیانکوژین، بۆیە بە بزەوە دەمرن. لەوە زیاتر چی بۆ ژن بکەین؟ چۆن ژن وەڵامی ئەو هەموو پیاوەتیەمان دەداتەوە؟ ئیتر چی لە ژن بکەین باشە؟



دەیڤد ڕۆمانۆ

# کشانەوەی ئۆباما لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بیرم دێت کاتێک کە ئیدارەی ئۆباما لە ساڵی 2008 دەسەڵاتی گرتە دەست، کوردی عێراق هیواداربوون حەزی ئەمریکا بۆ کێشانەوەی سەربازەکانی نەگۆڕێت بۆ پشتکردن لە عێراق. ویستی ئۆباما ئەوە نەبوو کە هەر پشت لە عێراق بکات، بەڵکو ئەو دەیویست پشت لە هەموو ناوچەکە بکات. هەرچەندە ئەوکات کەس هەستی بەمە نەدەکرد.

سەرەڕای هەڵەکانی، جۆرج بوشی کوڕ هیچ نەبێت خەمی ناوچەکەی دەخوارد. ساڵی 2006 لەکاتێکدا کە زۆر کەس و لایەن پێیانوابوو عێراق ئیدی تەواو دەبێت دەستی لێ بشۆردرێت و هەستانەوەی توانای تیرۆریستانیان وا لێکدەدایەوە کە ئیدی شەڕی عێراق دۆڕێندرا، کەچی جۆرج بوش بڕیاری ناردنی هێزێکی سەربازیی نوێی دەرکرد و ستراتیژی شەڕەکەی گۆڕی. سەرەڕای ناڕەزایی ئیدارەی مالیکی لە بەغدا، ئەمریکییەکان ئەوەی کە پێویست بوو کردیان، ئەویش ئەوە بوو کە سەربازی زیاتر بنێردرێنە عێراق و هێزەکانی سەحوە دروستبکرێن بۆ ئەوەی عەرەبە سوننەکانیش بهێننە نێو سیستەمی حوکمڕانییەوە. کاربەدەستانی ئیدارەی بوش داوایان لە مالیکی نەکرد ڕێگە بدات تا مەسەلەی دەسەڵات و لایەنی ئەمنی لەگەڵ لایەنێکی دیکە (سەحوە) بەش بکات، بەڵکو ئەوان گوشاریان خستە سەر مالیکی کە ئەوە قبووڵ بکات. ئەنجامەکەش لاوازکردنی تیرۆریستانی لێکەوتەوەو ڕێگەی خۆش کرد بۆئەوەی سەربازەکانی ئەمریکا لە کۆتایی 2011 بکشێنەوە. ئەو وڵاتەی کە سەربازەکان لە دوای خۆیان بەجێیانهێشت، وڵاتێکی سەقامگیر و حکومەتێکی دامەزراوی هەبوو.

لەوانەیە کاری سەختی سیاسەتی دەرەکی ئیشی ئۆباما نەبێت. پێش ئەوەی کە دەسەڵات بگرێتە دەست، هیچ ئەزموونێکی لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا نەبووە. لەو کاتەوەی کە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، پێیوایە هەرکاتێک مەسەلەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دێتە پێش، دەتوانێت بە چەند قسەیەکی خۆش بیانپارێزێت.

لەم کەین و بەینەدا، ئۆباما لە پاراستنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان ئەمریکا و عێراق شکستی هێنا. لەوانەیە لە کۆتایی ئەمساڵیشدا لە ئەفغانستان بەرەوڕووی هەمان شکست ببێتەوە. ئەمریکا هەروەها لە سوود وەرگرتن لە خۆپیشاندانەکانی 2009ی ئێران شکستی هێنا. لە مەسەلەی بەهاری عەرەبیشدا، وەکو کەسێکی بە شەوارەکەوتوو هاتە پێش چاو، دوای ئەوەی چەندین وڵات هەڵوێستی خۆیان لەسەر ڕووداوەکان ڕاگەیاند، ئەمریکا هێشتا نەیدەزانی چی بکات. ئیدارەی ئەمریکا هەلێکی دیکەشی لە سووریا فەوتاند. دەیتوانی لە سووریا گۆڕانکاری بخولقێنێ، کەچی نەک هەر نەیکرد بەڵکو چەندین جار هێڵە سوورەکانی ئەمریکا لەلایەن سووریاوە بەزێنران. ڕێککەوتنی گومانی لەسەر چەکە کیمیاوییەکان کران و دواتر شکێنران. گەورەترین قەیرانی مرۆیی لەسەر ڕووی زەوی لەوێ ڕوویدا و تا ئێستاش بەردەوامە. ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیش خەفە کرا، لەبەرئەوەی کاک ئۆباما و جۆن کیری وەزیری دەرەوە نەیانتوانی تەنانەت ئیسرائیل ڕازی بکەن کە دروستکردنی نشینگە جووەکان ڕاگرێت. هەرچەندە ئەگەری ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران هێشتا جێگای هیوایە، بەڵام ئەو شێوەیەی کە ڕێککەوتنەکەی پێکرا و سوودەکانی ڕێککەوتنەکە بۆ ئێران زەنگێکی دەنگ بڵندی بۆ هاوپەیمانە لەمێژینەکانی ئەمریکا لێدا. ئێستا دەگوترێت کە سعودیە خەریکی باشترکردنی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ چین و فەڕەنسا و ئەگەری ڕێککەوتنی بازرگانی گەورە لە ئارادایە.

ڕاستیت دەوێت؟ وەڵامێکی سیاسی دروست بۆ هەندێک لەم کێشانە ئاسان نەبوون. دوو ساڵ پێش ئێستا چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا وا دەهاتنە پێش چاو کە ڕەنگە بتوانن بەبێ هاوکاریی ئەمریکا کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەسەد بهێنن- لەو کاتەدا پرسیار ئەوە بوو، ئۆپۆزیسیۆن کە هێندە بەتوانا بێت بۆچی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بخەینە مەترسیەوە و بیاننێرین بۆ بۆردومانکردنی چەک و تەقەمەنییە ڕووسیەکەی ئەسەد؟ پشتگیریکردنی خۆپیشاندانەکانی ئێرانیش وای دەکرد کە ڕەوایی خۆپێشاندانەکان ماچی ماڵئاوایی لە ناوخۆی ئێراندا بکات. گفتوگۆی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران هیچ کاتێک ئاسان نەبووە. کۆمەڵگەی ئەمریکیش تا ڕادەیەکی زۆر لە تێوەگلانی سەربازیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێزارە. لەبەرئەوە، مانەوەی سەربازەکان لە عێراق، یان لە ئەفغانستان ساڵی دادێ، یان ناردنی سەرباز بۆ سووریا و ئێران یان بۆ هەرشوێنێکی دیکە، بژارەیەکی سیاسیی دروست نییە.

بە دوورخستنەوەی بەرپرسیارێتی ئەمریکا لە گۆڕەپانەکەدا و نەهێشتنی هێز و فشاری ئەمریکا لەسەر ناوچەکە، کاریگەری دەرئەنجامەکەی پەیامێکی ڕوونی بۆ ناوچەکە و جیهان هەیە: ئەمریکا دەکشێتەوە، لە هەمان کاتدا ڕووسەکان (هەروەها ئێرانییەکان) لە ناوچەکەدا باڵادەست دەبن و پشتگیری لە هاوپەیمانەکانیان دەکەن تا کۆتایی. ڕەنگە کشانەوەیەکی لەو جۆرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هەوڵەکانی ئۆباما لە ئاسیا پێویست بێت، بەڵام ڕوو وەرگێڕان لە ناوچەکە دیارە تەنها بارگرژییەکانی لەگەڵ چین زیاتر کردووە و لەبەرامبەریشدا دەستکەوتی ئەمریکا هیچ نەبووە.

ئاشکرایە دیپلۆماتکارانی ئەمریکی لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەی من هاوڕا نین و دەڵێن کە ئەوان هێشتا لە عێراق و بەشەکانی دیکەی ناوچەکەدا چالاکن. دیپلۆماسی بەبێ پشتگیریی هێز و چەسپاندنی هێز لە ناوچەکەدا، وا لە ئەمریکا دەکات کە وەکو کەنەدا بێتە پێش چاو. کەنەدا کە وڵاتێکی خۆشە، بەڵام زۆر پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نییە.

تەنانەت ئەو چالاکییە دیپلۆماسیانەی ئەمریکا کە تا ئێستاش لە ناوچەکەدا دەکرێن جێی پرسیارن. من نازانم بە چ شێوەیەک وەسفی سیاسەتێکی ئەمریکی بکەم کە پشتگیری لە بەغدا دەکات لەمەسەلەی غاز و نەوتدا لەبەرامبەر هەولێر. ئەگەر ئیدارەی ئۆباما بە جددی پێیانوایە کارێکی باشە ئەو حکومەتەی ئێستای بەغدا دەسەڵاتی زیاتر پاوان بکات و هەموو لایەنی دارایی وڵات بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کەواتە دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بن کە کشانەوەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم زووانە بەدی نایەت.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# پارەی پلاستیک لەبری کاغەز

ئێستا زۆر لە وڵاتان کەوتوونەتە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ماددە پلاستیکییەکان و کیسەی نایلۆن، بۆ نموونە فەرەنسا و ئێرلەندا و هەندێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەفریقی وەک ئۆگەنداو کینیا، لە ئاسیاش بەنگلادیش، بڕیاری ڕاگرتن و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەم نایلۆنانەیان داوە و باجیان خستووەتە سەر کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئەم کیسە نایلۆنانە.

سەبارەت بەماددە پلاستیکیەکانیش کە زۆر لە شتومەکەکانی ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤی لێ دروست دەکرێت، زۆر لە وڵاتان لە ڕێگەی ریسایکلینەوە، یان دووبارە بەکارهێنانەوە، یان کەمکردنەوەی بەکارهێنانییەوە، یان شیکردنەوەی بۆ پێداویستیی دیکە، خەریکی کۆنترۆڵکردنی تەشەنەکردنی بەکارهێنانی ئەو ماددانەن.

بۆ زانیاریش وەک نموونە:

یەکەم: ئەمڕۆ لە ئەمریکادا نزیکەی 1.1 ملیۆن کرێکار لەبواری بەرهەمهێنانی ماددە پلاستیکییەکاندا کاردەکەن.

دووەم: قازانجی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە بەرهەمهێنانی ماددە پلاستیکییەکاندا نزیکەی 1 تریلیۆن دۆلارە

سێیەم: تێچووی لابردنی ماددە پلاستیکییەکان تەنیا لە کەنار ئاوەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکا ساڵانە نزیکەی 520 ملیۆن دۆلارە.

چوارەم: لەساڵی 2007دا ئەمریکییەکان زیاتر لە 50 ملیار دەبەی بچووکی ئاویان خواردووەتەوە. نزیکەی 38 ملیاری لێ فڕێدراوەتە نێو زبڵخانەکان و تەنیا 23%ی ریسایکل کراوەتەوە.

پێنجەم: وا چاوەڕوان دەکرێت قەبارەی ماددە پلاستیکییە بەرهەمهاتووەکان لەساڵی 2050دا بگاتە 33 ملیار تۆن. ئەمەش یەکسانە بە پڕکردنی 2.75 ملیۆن لۆری هەڵگرتنەوەی خاشاک.

هەر ئەم بڕەش لەزبڵ و خاشاک لەتوانایدایە نزیکەی 800 جار گۆی زەوی داپۆشێت!

بابزانین جێگرەوەکان و چارەسەرە پێشنیازکراوەکان لای وڵاتانی پێشکەوتوو چین؟

یەکەم: هەرێمی مانیتۆبای کەنەدا بڕیارێکی پەسەند کردووە بۆ قەدەغەکردنی کڕینی دەبەی ئاوی بچووکتر لە قەبارەی یەک لیتر.

دووەم: شارۆچکەی کۆنکۆرد لە ویلایەتی ماساچوستسی ئەمریکا، لەسەرەتای ساڵی 2013 وە فرۆشتنی دەبەی بچووکی ئاوی قەدەغە کردووە.

سێیەم: دروستکردنی پارە لە ماددەی پلاستیک: بەپێی هەواڵێکی لۆس ئەنجلس تایمز لە 20ی دێسەمبەری 2013وە، بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا لە هەوڵی ئەوەدایە کە لەساڵی 2016دا پارەکانی لە کاغەزەوە بگۆڕێت بۆ پلاستیک، هەروەک ئەوەی کە لە کەنەدا و ئوسترالیا دەکرێت.

واش چاوەڕان دەکرێت لە سەرەتادا دراوی 5 پاوەند دەربچوێنرێت و وێنەی وینستۆن چەرچڵیشی لەسەر بێت.

دراوی پلاستیکی نادڕێت، ئاویش کاری تێناکات، تەمەنیشی لە تەمەنی دراوی کاغەز زیاتر دەبێت و دەوڵەتیش کەمتر دراو چاپ دەکاتەوە لەبری دراوی کاغەزی دڕاو، هەروەها پیس نابێت بە چڵک و ڕۆن و تێچووی چاپکردنیشی کەمترە و بەئاسانیش تەزویر ناکرێت.

نزیکەی 22 دەوڵەت لەساڵی 1992ەوە پارەیان لەماددەی پلاستیکی پۆلیمەر چاپکردووە، لەوانەش ئوسترالیا و بەرازیل و چیلی و چین و ئەندۆنیسیا و مالیزیا و مەکسیک و سەنگافورە و کەنەدا و زۆری دیکە.

ئەوەی شایانی باسە لەم پرۆژەیەدا ئەوەیە کە پێویستە ئامێری نوێ بۆ ژماردنی پارەی دروستکراو لە پلاستیک دروست بکرێت، چونکە ئامێرەکانی ژماردنی پارە کە ئێستا هەن بۆ پارەی لەکاغەز دروستکراو داهێنراون.

***نووسەرو ڕۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخانی رژێم.**

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



ڕۆژین:

## بە سەماکردن مەست دەبم


**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو

**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی

**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net


REKLAM


HONDA
The Power of Dreams

PILOT

بەشی قیستی مانگانە بە ڕێگەی ئیسلامی بە بێ ڕەهنی عەقاری
ئۆتۆمۆبیلی هۆندا بکڕە و دوای مانگێک یەکەم قیست بدە
التمويل الداخلي متوفر بعقد إسلامي بدون رهن عقاري
إشتري سيارة هوندا و إدفع اول قسط بعد شهر










HONDA

• 3سال/100.000کم گەرەنتی
• سێرڤیز سێنتەر
• ئاڵوگۆڕ کردنی ئۆتۆمبیل
• کڕین لە ڕێگەی قستەوە بە بێ بانق

For more information:
0750 598 1111
Honda iraq Honda.iraq
www.tasheelatiraq.com



التسهيلات
TASHEELAT

Tasheelat for General Trading & Cars
100 Meters Road, Nawroz Area,
Next to Real Estate Bank.